# عەقڵی شیعری

ناوی کتێب: عەقڵی شیعری
نووسینی: خەزعەل ئەلماجدی
وەرگێڕانی: عەبدولوتەڵیب عەبدوڵڵا
بابەت: وتارو گفتوگۆ
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن : (٨٠٢)ی ٢٠٠٧
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٧
کوردستان -سلێمانی
www.sardamco.com

خەزعەل ئەلماجدی

# عەقڵی شیعری

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا
وەریگێڕاوەتە سەر کوردی

سلێمانی- ٢٠٠٧

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە ( ٨٩ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

## عەقڵی شیعری

کە کوێر دەبینێ پێی دەڵێن
شەو باش.
***
کوێر بینایی خۆی لە مانگدا
هەڵگرتووە.

عەلا ئەلروبێعی

## ناوەڕۆك

پێشەكی ٩
وتار:
*شیعری پیرۆزو شیعری پیس ١٣
*شیعرو ئەفسانە ٥٦
*مەرگی تازەگەریی ٧٢
گفتوگۆ:
*شیعر جۆرێكە لەئایین... ٩٥
*شیعر یان خۆر هەڵاتییە یان نییە ١١٢
*دۆزینەوەی عەقڵی شیعری... ١٢٥

## پێشەکی:

ئەگەر چەمکی سەیرورەت یەکێك بێ لەوچەمکانەی کە چارەسەری دژەکانی بوون و نەبوونی پێ بسپێرن، ئەوە عەقڵی (ئایینی، فەلسەفی، زانستی) نەك هەر چارەسەری تەواوی زانستی و ئەخلاقی و ئیستێتیکی پێ نییە، بەڵکو دەشێ دەقگەلێك بن لەرێگەی پرسیارەوە بتەقنەوە. بەو مانایەش عەقڵی مرۆیی لە پرسیارێکی بێ کۆتایی دایە، پرسیارێکی بەردەوامە پرسیاری دیکەی لێدەکەوێتەوە و ئیشکالیەتی ئاڵۆز دەوروژێنێ ، کە چارەسەریان نییە.

خەزعەل ئەلماجدی لە میانی عەقڵی (ئایینی، فەلسەفی، زانستی) دەڵێت: عەقڵی شیعری، عەقڵی چوارەمە، عەقڵێکی شاراوەیە کە عەقڵی مرۆیی بەر لە هەزاران ساڵ بە دەوریدا خولدەخواتو نەیتوانیووە بە دەستی بهێنێت، ئەو دۆزینەوەی من لە دۆزینەوەی (ئاینیشتاین) دەکات بۆ رەهەندی چوارەمی زەمەن. بەو

## عەقڵی شیعری

مانایە عەقڵی شیعری کۆمەڵێك مەسەلەی وپوژاوی شیعری بە رەتکردنەوە و رووتکردنەوە و نکۆڵیکردن و پەرتبوون دووبارە بەرجەستە دەکاتەوە، کەواتە دۆزینەوەی عەقڵی شیعری، عەقڵی مرۆیی لە تیۆرە گشتگیرەکان دەرباز دەکات.

خەزعەل ئەلماجدی شاعیرێکە بەشیعر ئاوەدان، دنیا لەتوێی شیعرو شکۆداری دنیا هەر لە تێرایی شیعردا نەبێ، نابینێ. شیعر لای ئەو جیهانو جەوهەری مرۆڤە، شیعر لای ئەو رۆحی شارستانیەتو ئایینو هونەرەکانە. خەزعەل ئەلماجدی بۆ زۆر وەك شاعیر وەك شاعیرێکی پەرگیر دەرکەوت، بەڵام ئەو لەو جیهانە شێواوەدا هاوسەنگی خۆی تەنیا لە شیعردا دەبینێتەوە، بەلای ئەو پەرگیریی شیعری پەرگیری جوانیە لە بەرامبەر ناشیرینیو توندو تیژیدا. لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو وەك شاعیرێکی یاخی لەنێوەندی عیراقیدا بە دەرکەوت، بە جۆرێکی دیکە ئاڵای ئەفسانەکانی عیراقی هەڵگرتو جوانیەکانی لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیادا بەرزکردەوە.

کۆمەڵە شیعری یەکەمی لە ساڵی(١٩٨٠)بە ناوی (یقظە دلمون)و پاشان لە ساڵی (١٩٨٤) (ناشید اسرافیل)و ئینجا ساڵی (١٩٨٥-١٩٨٩)(خزائیل)ی بڵاو کردەوە لە

## عەقڵی شیعری

نێوەندەکەدا غەڵبە غەڵبو دەمەتەقێیەکی گەورەی لێ کەوتەوە. لە کۆتایی هەشتاکاندا شیعری وێنەیی بلاوکردەوە پاشان (عکازە رامبو)ی بلاوکردەوە، کەکۆی سیرەی خودی خۆیو سیرەی دواساتەکانی ژیانی رامبۆی لەخۆگرتبوو، ئەو کارە شیعرییەی بە وروژانو هێدمە دێتە وەسف کردن، پاشان (حیە و درج)ی نووسی، کە نابودیەکانی شەرو تراژیدیا مەرگو ئابلوقەدانو ریسوایی دەخاتە روو.

لەو چەند وتارو گفتوگۆیەی بەردەستتان ئەلماجدی قسە لە پەیوەندی نێوان شیعرو ئەفسانەو ئاینو هەوڵی سەلماندنی عەقڵی شیعری دەدات، وەك چۆن لە هەردوو بەرگی کتێبی عەقڵی شیعری کە کۆمەڵێك وتاری کۆکراوەی نووسەر درێژەی ئەو سەلماندە بەرچاو دەکەوێت، هیوادارم ئەو نامیلکەیە بێتە شوێنی بەدواداچوونو دەمەتەقێی زێتر لە بارەی عەقڵی شیعری ئەگەر بشێ ئەو دەستەواژەیە ئەوەندەی وزە پێ بێت کە نەبێتە هۆی لەکەدارکردنی شیعرییەت.

هەولێر

٢٠٠٧/٦/٧

# شیعری پیرۆزو شیعری پیس

## ١-پیرۆزی ئایینیو پیرۆزی دنیایی

بەگشتی فیکرەی ئایین لەسەر بنەڕەتی جەوهەری پیرۆزی وەستاوە، هەروەها هەموو سیستەمە ئایینیو پێکهاتەکانی (بیرباوەڕ، ئەفسانە، تەقس) بەدەوری ئەو فیکرەیە خولدەخۆن، جەوهەری پیرۆزیش ئەو وزەو بارگەو هێزە سێنتڕالیەیە کە هاوئاهەنگی خۆی لەگەڵ ماددەو ڕاکێشانی ماددە بەرەو خۆی ڕایی دەکات. ئایینەکانی چەرخی بەردین خودی ئەو جەوهەرەییان بەو هێزە بەربڵاوە (الساریە) داناوە کە دیاری ناکرێو تەعبیر لە پیرۆزی گەردوونیو وزەی گەردوونی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا (واتە ئەگەرچی دیاری ناکرێ) لەهەندێ دیاردەی گەورەی هاوسەنگبوونی گەردوونو هێزی ئەستێرەکانو ڕێگاکانی کاکێشاندا هاوئاهەنگبوونیان دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەش ئەو هێزە شێوەی شێواوی ئەنترۆپی هەیەو تەعبیر

## عەقڵی شیعری

لەگواستنەوەی سیستەمێکی دیاریکراو بۆ سیستەمێکی دیکە دەکاتو بارگرانی سیستەمی کۆنی لێدەتەکێنێو لەشێوەی لافاوو گەردەلوولو بوومەلەرزەو بورکان لەسەر زەوی بەرجەستەیان دەکاتەوە. ئەگەرچی مرۆڤ لەبەرامبەر ئەو هێزە چاو کراوە بووە، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی نەیتوانیووە راڤەیان بکات، بۆیە هەمیشە لێیترساوەو بۆی هاتۆتە سەرچۆکو لە ژێر کۆمەڵێك ناوی جۆراو جۆر کرنووشی بۆ بردووە، بۆ نموونە هێزی ناوبراو لای هەندێ لەنەتەوە سەرەتاییەکان بە (مانا)و لای سۆمەرییەکان بە (سارە) ناوبراوە.

لەو کاتەدا مرۆڤ کۆمەڵێك ناوی لە جەوهەری پیرۆزی ئایین نابوو، بەڵام هەموو ئەو ناوانە دواجار ئاماژەیان بەیەك شت دەکرد ئەویش (خوا/هێز) بووو جەوهەری گەردوونی لەخۆگرتبوو، راستە مرۆڤ ئەو هێزەی لە تاکە داڕشتنێکدا ناس نەکردەوەو بەچەندان شێوەی جۆراو جۆر بەرجەستەی کردووە، لە سیحرەوە بەرەو رۆحو بەرەو خواوەندو دواجار بەرەو خوا گۆڕانی بەسەر هێناوە، هەروەها ئەو تەگەرانەی کە پێشیان لە بەرەوپێشچوونی

## عەقڵی شیعری

ڕۆحی مرۆڤ گرتووە لەیەککاتدا لە قۆناغی جیا جیا دەستیان خستۆتە ناو ئەو پیرۆزییەوە.

لەبەرامبەر ئەو دنیا ئایینیە پیرۆزەدا کە لای مرۆڤ تەعبیر لەبەئاگابوون، یان ڕوونبینی وزەی گەردوون دەکات، جیهانێکی دیکە هەیە کە دنیاییەو پیسو گڵاوە لەگەڵ ماددەدا یەکدەگرێتەوە.

بەمجۆرە ئەو دوو دنیا جیاوازە بە شێوەیەکی توند بەدژی یەکتر دەوەستن، یەکەمیان دنیای پیرۆزی کە ئایین هەوڵی کەشفکردنی دەداتو نوێنەرایەتی خۆی پێدەکات، دووەمیان دنیاییەو پیسو گڵاوەو دنیا دەیەوێت کەشفی بکاتو نوێنەرایەتی خۆی پێبکات. ململانێی ئەو دوو هێزە چ لەکۆن چ لەئێستادا جێگای دەمەتەقێو بەیەکدادانی توند بووە.

هەڵبەتە پیرۆزی بەهێزو وزەو پڕبوونی گەردوونو چالاکییەکانەوە هاوسەنگی خۆی ڕاگرتووە، لەبەرامبەر ئەوەشدا پیسی بەچۆڵیو بۆشاییو ماددەی هیچو پووچو لەناوچووو ساختە ئەو هاوسەنگییەی ڕاگرتووە، ئەگەرچی لێرەدا ئێمە نیازمان نییە ئایین لەدنیا جیا بکەینەوە چونکە ئایینو دنیا بەیەکداچوونە، بەڵام لەپێناو لێکۆڵینەوەی

## عەقڵی شیعری

تیۆریو رۆشنایی خستنە سەر بزوێنەرە ئایینیو دنیاییەکە هەوڵدەدەین جارێك بەیەکەوەیان بلکێنینو جارێکی دیکە لەیەکیان جیابکەینەوە، هەروەها لەوێوە دەمانەوێ هەر یەکە بەپێی بزوێنەرو هێزو وزەی ناوەوەیان سەیریان بکەین.

زانیمان جەوهەری ئایین خۆی لە پیرۆزیدا هەڵدەگرێتەوە، جەوهەری دنیایی لەپیسیدا، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەکرۆکی جەوهەری ئەو پیسە بکۆڵینەوە کە خۆی لەسێکس حەشارداوە، واتە سێکس دەبێتە جەوهەری پیسیو جەوهەری دنیایی، وەك چۆن هێزو وزەی بەربڵاو بەجەوهەری پیرۆزی دێتە ژماردن.

بەمجۆرە لەو بەرامبەریەکبوونە گرنگەدا دەگەینە هێزی بەربڵاوو هێزی ئیرۆسی، پیرۆزیو پیسی، رۆحیو سێکسی، خواوەندیو بەشەری، ئایینیو دنیایی......هتد. ئەو دوو لایەنە بەرامبەرە بەرەو بەرامبەر یەکبوونەوەی هاوشێوە دەبنەوە.

شوێنی پیرۆزو پەرستگا، ستوونی پیرۆزو وزەی دنیایی شوێنگەلی دەسپێکردنی گەردوونینو (نشکونی –نشوو الکونی)، بارگاوین بەپیرۆزیو دەکەونە سێنتراڵەوە

## عەقڵی شیعری

لەبەرامبەر شوێنگەلی گەردوونی تەقلیدی وەك ماڵ، گۆڕەپانو شەقامەكان كە شوێنگەلی دنیایینو دەوروبەری مرۆڤ دەگرنەوە.

هەروەها زەمان دابەشی زەمانی (نشكونی) پیرۆزو ئەفسانەئامێز دەبێ كە رووداوی گەورەی تیا هاتۆتە بەرهەم، لەبەرامبەر زەمەنی مێژووی تەقلیدی كە لەنێو رووداوی دنیای ئاسایی‌دا پێگەییووە، زەمەنی ئەفسانەئامێز لەمیانی تقوسی جەژنەكانی ساڵانەدا كە تەعبیر لە بە بیرهێنانەوە دەكات (واتە تقوسی جەژنەكان تەعبیر لەبیرهێنانەوەی زەمەنی ئەفسانەیی دەكات) هەروەها دووبارەبوونەوە دەگەیەنێتو تەعبیر لە دووبارە چركردنەوە دەكات لەنێو زەمەنە تەقلیدییەكەدا، بەمجۆرەش رەمزە ئاسمانییەكان لە بەرامبەر رەمزەكانی زەوی دەوەستێ، وەك چۆن دەقی پیرۆز (كتێبی پیرۆز) دەكەوێتە بەرامبەری كتێبەكانی زەوی، هەروەها پێغەمبەریش زیاد لە هەموو مرۆڤێكی دیكە هەڵگری پیرۆزییە.

هەر لە چەرخی بەردینی كۆنەوە پیرۆزی وەك شتێكی نادیارو سەرسووڕهێنەر مرۆڤی بەرەو دنیای دیكە پەلكێش كردووەو وایلێكردووە كە واهەست بكات لەو گەردوونەدا بە

## عەقڵی شیعری

تەنیا ناژی بەڵکو پەیوەستە بەجەوهەری گەردوونەوەو دەبێ بەخێراییەوە بۆی بگەڕێتەوەو لەدوای مردندا لەگەڵیدا یەکبگرێتەوە. وەك گوتمان ئەو کاتە مرۆڤ ناوی جۆراو جۆری بەسەر جەوهەری پیرۆزییدا بڕیبوو، بەڵام هەموو ناوەکان ئاماژەیان بەیەك شت دەکرد ئەویش (خوا/هێز) بوو، تەعبیری لەجەوهەری گەردوون دەکرد، بەڵام یەکەم مامەڵەکردنی جیدی لەگەڵ ئەو پیرۆزییەدا هەر تەنها لەڕێگەی سیحرەوە بووە (کە بە یەکەم کۆسپی ئایین دەژمێردرێ) سیحریش یان حەقیقییەوو وزەیەکی سایکۆلۆژی تەجاوزکەر لای پەرستیار دەگەیەنێ‌و کار لە هەندێ یاسا لە یاساکانی هێزی بەربڵاو دەکات، یان وەهمی‌و شێوەئامێزە دەیەوێ لە ڕێگەی دەروونییەوە بەسەر یاساکان‌و هێزی ناوبراودا کاریگەر بێت.

بەمجۆرە سیحر یەکەمین شێوەگەلی پەیوەندی نێوان مرۆڤو پیرۆزی لەخۆ دەگرێ، یەکەمین ڕێچکەی پەیوەندی نێوان مرۆڤو پیرۆزییە، خودی ئەو ڕێچکەیە هەلگری لایەنە پۆزەتیفەکەیە (بەسیحر ناوی دەبرێ) بەڵام ڕێچکە نێگەتیفەکەی نێوان پیرۆزی‌و مرۆڤ بە (فالگرتنەوە ناو دەبرێ).

## عەقڵی شیعری

هەڵبەتە لەبۆچوونی ئێمەدا هەردووکیان شێوەیەکن لەشێوەکانی شیعر، هەروەها شیعر بەوێنە کردارییەکەیەوە پرۆسیسەکردن دەگەیەنێو بەرستەو وشە ممارەسە دەکرێ، لە قۆناغی دیکەشدا لەدوای سیحرەوە دێو پاشان رۆحی دەکەوێتەوەو ئینجا خواوەندیو دواجار قۆناغی یەکتایی.

بەمجۆرە مێژووی دنیایی لەباری رۆحییەوە، یان مێژووی رۆحەوە دابەشی چوار قۆناغ دەبێ، هەر یەك لەو قۆناغانەش لەرووی دیدو بۆچوونیان بۆ پیسیو پیرۆزی جیاوازن ، لەمیانی ئەو جیاوازییەشەوە دوو جۆر لەشیعر دەردەکەوێت یەکەمیان شیعری ئایینییەو دووەمیان دنیایی، بڕوانە ئەو هێلکارییەی خوارەوە

## عەقڵی شیعری


گۆرانی
قەسیدە
1
جادو
سیحر
خوا
1
4
3
2
خواوەند
روحەکان
ئەفسانە
داستان
2
1
2
3

## عەقڵی شیعری

((ئەو هێلكارییە مێژووی جۆرەكانی شیعری ئایینیو شیعری دنیایی ڕووندەكاتەوە))

بازنەی یەكەم بازنەی جۆرئامێزەو قۆناغی پەرستن نیشان دەدات.

بازنەی دووەم شیعری ئایینی نیشان دەدات.

بازنەی سێیەم شیعری دنیایی نیشان دەدات.

ئەو هێلكارییەی سەرەوە مێژووی چوارینەی پێشكەوتنی پیرۆزییمان پێرادەگەیەنێ، كە لەسیحرەوە بەرەو ڕۆحو پاشان بەرەو خواوەندو ئینجا خودا دەبێتەوە، هەڵبەتە خودی ئەو گۆڕانكارییەو شێوەی تەعبیركردن لەو گۆڕانكارییە شیعری بەدواوەیە، ئینجا دووانەی شیعری دەردەكەوێت كە دوای پێشكەوتنی پیرۆزی دەكەوێت، ئەو دووانەش بەپێی پێشكەوتنی ڕۆحو چۆنێتی هەستپێكردنی ڕەها گۆڕانی بەسەردادێت.

هەروەها پێشكەوتنی ئایینی بەمجۆرەی خوارەوەیە: جادو، لاوانەوە، ئەفسانە، دەق یان كتێبی پیرۆز، پێشكەوتنی دنیاییش لە بەرامبەر ئەودا بەمجۆرە دەكەوێتەوە گۆرانی، گفتوگۆ، دارستان، قەسیدە.

له بڕگەکانی دوای قۆناغەکانو دووانەی شیعری ئاینیو دنیایی دەخەینە بەر گفتوگۆو هەوڵدەدەین نهێنی ئەو یەکانگیربوونەو پەیوەندییان بەیەکەوە بکەینەوە.

## ٢- قۆناغی سیحر

کەواتە سیحر ناوکی یەکەم ئاین بووە، لە دووتوێی ئەو ناوکەش بارگەی پیرۆزی گەردوونیو بەشەری کۆبۆتەوە، بۆیە ساحیر لە جێی ئەو پەیوەستکارە تاکە سەیر دەکرێ کە بە هێزی گەردوونیەوە بەندەو توانای ئەوەی هەیە وەك چۆن خۆی دەیەوێ مامەڵەی لەگەڵ بکات جا چ بە تەحەکوم کردن (لەرێگەی سیحرەوە) بێ یان بەپێشبینی کردن بەوەی کە روودەدات (لەرێگەی چاوبەستکردن).

قۆناغی سیحر لەسەردەمی بەردینی کۆنو ناوەڕاستدا دەستی پێکردووەو لەدوو شێواز (فیتشەو تەوتەم) پێکهاتووە. فیتشە ئەو هێزە بەربڵاوەیە کە لەسەر شێوەی تیشکۆ خۆی دەنوێنێ‌ئەو تیشکۆیەش (فیتشەیە-fetich) یان ئەو شتەی کە دەپەرسترێت وەك بەرد یان درەخت یان ئێسقان بارگە پیرۆزەکەش لەتاکە شتێکدا کۆدەبێتەوە

## عەقڵی شیعری

ناوێکی بەسەردا دەبڕێ، بەمجۆرە هێزی بەربڵاو دیاری ناکرێ بەڵکو لەپشت ئەو شتە شاراوەیە خۆی مەڵاسداوە.

بەڵام تەوتەمیەت وێنەی (بێگیان، گیانلەبەر، رووەك، رەمز) بەو پیرۆزییە دەبەخشێو بەشێوەیەکی تایبەتی لە بوونەوەری زیندووو گیانلەبەران چڕ دەبێتەوە، وای دەنوێنێ کە بڕوادارانی سەر بەو تەوتەمە نەوەیان لەو تەوتەمەوە لێکەوتۆتەوە، کەواتە پیرۆزی لە تیشکۆی بەشتبوونی بێگیانەوە دەگوازرێتەوە بۆ تیشکۆیەکی زیندوو، هەروەها گیانلەبەران بەشێوەیەکی تایبەت ئەو پیرۆزییە بەرجەستە دەکەن.

لە ئاستی کردەییدا سیحر چ فیتشی بێت چ تەوتەمی لەقسەکردن  خۆی لەسەر ئاستی زماندا بەرجەستە دەکات هەروەها لە قسەکردنێکی کورتکراوە کە لە شێوەی (جادو)دایە  دەخوێندرێتەوە ساحیریش لە دووتوێی جادودا تەعبیر لە دەقە سیحرییەکەی خۆی دەکاتو رەنگە بەپێی کارفرماکەشی ئەو جادوە ناوی دیکە لەخۆ بگرێت وەك چاوەزار کە هێزە حەشاردراوەکەی (لەقۆناغی پەیوەستبوونی رۆح بەشەیتانەوە بەرجەستەیە) یان

## عەقڵی شیعری

نووشتە کە هەوڵدەدا کەسەکان بەشوورەیەك بپارێزێ یان پەردەیەك کە هەمان کارو هیدیکەش لەخۆ دەگرێ.

ئەگەر جادو لە سەدەکانی پێش مێژوو بە کۆمەڵێك وێنەو هێلکاریو ئاماژەگەلێك تەعبیری لەخۆی کردبێ کەواتە کۆنترو لەپێشتریان وێنەی سەر بەردو نێو ئەشکەوتەکانە کە لەو کۆمەڵە فیتشە یان تەوتەمە دەدات بۆ ئەوەی راوکردنو زاڵبوونی خۆی بەسەریاندا رابگەیەنێ... بەڵام ژیاریی مێژوویی جادوگەلێکی نووسراوی لەسەر ئێسقانو قوماشو بەردو پێستو دار دۆزیوەتەوە... پاشان بەوشە لەسەر کاغەز دۆزراوەتەوە کە وشەکان لە بەفریاو هاوارکردن دەچێو تەعبیر لەهەوڵی بەدوور خستنی شەڕو ئازار دەکات یان تەعبیر لە بەپلەبوونی هێزی خێر دەکات کەدەبێتە پەرژینو لە رێگەی نووشتەوە پارێزگاری لە کەسەکان دەکات، لەراستیدا هەموو ئەو هەوڵانە بەرەو ناباومان دەباتو وامان لێدەکات کە دووچاری سەرسووڕمان بین چونکە دەمانخاتە دووتوێی خەیاڵو خوازەی سەیر، لێرەوە شیعری سیحری دەسپێدەکات کە (جادو) لە باشترین شێوە بەرجەستەی کردووە.

## عەقڵی شیعری

لەبەرامبەر ئەوەدا ژیانی دنیایی کە لەدەرەوەی سیحردایە بە سێکس خۆی حەشار داوە کە بەر لە دروستبوونی خێزانو کەشفکردنی سەردەمی کشتوکاڵی سەرەتایی بووە، سێکس بنەڕەتی ژیانو زۆربوونو گەشانەوە بووە بەڵام ئایین (لەسەرەتاوە پاشان لەبەرەوپێشچوونی) لە زۆربەی کاتدا وەك دژو دوژمن سەیری سێکسی کردووە. بۆیە بەئەنقەست لە چینەکانی تابو حەرام دایدەناو هەوڵی شاردنەوەی دەدا، پاشان هەندێ سنووری شەرعی بۆ دانا، بەڵام سێکس لەهەموو قۆناغەکاندا بێ راوەدوونان نەبووە. سێکس لێرەو لەوێ لە خانەی ژیاندا وەك کانی هەڵدەقوڵێ، بەڵام ئایین دەیشارێتەوە، یان هەوڵی شاردنەوەی دەدا.

باشترین نموونەی هێزی ئیرۆسی لە سێکسو خۆشەویستی لەسەر ئاستی هونەری (گۆرانییە) هەروەها گۆرانی تەنها تەعبیر لە ئیرۆسی سێکسی ناکات، بەڵکو تەعبیر لە ئیرۆسییەتی تەواوی ژیان دەکات، شیعری ئیرۆسیی بە پێی بەرەوپێشچوونی ژیانی رۆحی بەرەوپێشچووەو کۆمەڵێك شێوەی جۆراو جۆری هەڵگرتووە.

## عەقڵی شیعری

گۆرانی یەکەمین شێوەی شیعری دنیایی بووەو لەزۆریەی کاتدا مۆسیقاو سەمای لەگەڵدابووە، لە دەمی شوانکارەو راوکەرانو پاشان لە سەردەمی بەردینیو پێش مێژوو جووتیاران هاتۆتەدەر... رەنگە ئەوە تاکە رێگەی تەعبیرکردن لە دڵخۆشیو دڵتەنگی بووبێ، چونکە جگە لەدەنگ پێویستی بە هیچ شتێکی دیکە نییە پاشان پڕە لە ریتم.... ئەو گۆرانیانەش ساکار بوونە بەڵام خەیاڵیان تیا هەڵبەستراو نەبووە هەروەها بەزۆرەملێ بۆ خوازە پەناگە نەبوونە، بەڵکو بەپێی قەوارەی زمانو پەیوەندییەکانی زمانی ئەو کات دەستەواژەکانی سنووردار بووە هەوڵیداوە تەعبیر لەوە بکات کە تەعبیری لێناکرێت.

لەراستیدا راوکردنی گیانلەبەران یان رەو یان کرداری تۆوچنین یان دروێنە یان زەواج هەموو ئەوانە بەگۆرانیو سروود رازاونەتەوە کە هەڵگری جەوهەری ئیرۆسی بووە، هەروەها بەپیتی ئیرۆسییەتێکی هەمیشەیی بووە.

گۆرانی لە ویژدانەوە هەڵقوڵاوە هەروەها گۆرانبێژ مەنەلۆگێکی خستۆتەروو کە لەبەرامبەر گەردوون بەخۆشی یان غەم سیخناخ بووە، گۆرانبێژ نەیویستووە دەمەتەقێ لەگەڵ ئەویدی بکات، بەڵکو گۆرانی بۆخۆی مەسەلەیەکی

## عەقڵی شیعری

ویژدانی راستەخۆ بووە دروستکردنی تیا رەچاو نەکراوە.
بەمجۆرە دەبینین کە سەردەمی سیحر دوو شێوازی شیعری بەرجەستە کردووە یەکەمیان ئایینی سیحری بووە کە (تەلیسم)ە، دووەمیان دنیایی ئێرۆسی بووە کە (گۆرانی)یە، بێگومان تێکەڵبوونی نێوانیان تەنها رووەکی یان لە سەر ئاستی ئەدەبی بووە. بەڵام لە ناوەوە یان لەسەر ئاستی رۆحی هەر یەك لەوانە لە جەوهەری جیاوازەوە هەڵقوڵاون.

هەوڵی ئەمڕۆی ئێمە بۆ گەڕانەوەی جادو (چاوەزارو نووشتەو تەلیسم...هتد) هەروەها گۆرانی لە شیعری نوێدا نوێنەرایەتی نزیکبوونەوەی سەردەمی سیحری کۆنو نوێ دەکات، هەوڵدەدا لێیبخواتەوە هەروەها لە رێگەی قسە لەبارەکردنو لەهەمانکاتدا لەرێگەی دواندنی رەوانبێژییە ساکارو کاریگەرەکەیەوە لە گەنجینە شاراوەکەیو لەمانا ساکارو قووڵەکەی بخواتەوە، ئەو هەوڵەش وامانلێدەکات بە ناوەڕۆکی نوێوە لەو مەسەلەیە دەربچین.

هەروەها دەبینین کە تەلیسمو گۆرانی هەتا ئێستا بە توانایەك لە تواناکان لە شیعرەکانماندا دەبینرێو توێژی ژێرەوەی سەردەمەکانی بڕیووەو بە خاکی شیعری

مرۆڤایەتیدا گوزەری کردووە هەتا ئێستا لێرەو لەوێ لای نەتەوە سەرەتاییەکان یان لای گەلە پێشکەوتووەکان دەبینرێو بە هەمان توانا لە گۆرانی هاوچەرخو لە کرداری لاربوونەوە بەلای بەختو هێزدا پەنگیخواردۆتەوە.

### ٣- قۆناغی رۆحەکان: لاوانەوەو گفتۆگۆکردن

قۆناغی دووەم لە بەرەوپێشچوونی ئایینیدا لەگەڵ رۆحەکان بەدەرکەوت کاتێك کە مرۆڤ دەستیکرد بەبیرکردنەوە لەو هێزە بەربڵاوە نەك لەشێوەی شتەکان یان گیانلەبەر بەڵکو لەشێوەی رۆحە مەلاسدراوەکان، لێرەدا یەکەمین تەگەرەی میتافیزیکا بەشێوە سادەکەی دەستیپێکرد.

فیتشە هێزی بەربڵاوی گەردوون کە شتو تەوتەمییەت دیاریدەکات، دەیکاتە شتێکی زیندوو، بەڵام رۆحەکان وادەکەن کە رۆح دووربێ، بەمجۆرە دنیای رۆحی لە دەرەوەی مرۆڤەوە دروست دەبێو لە بوونەوەری رۆحی پێکهاتووە کە هەندێکیان هەتا ئێستاش لە دنیای سیحری نقوومن.

## عەقڵی شیعری

وێناکردنو ئەو هێزە ڕۆحیەی کە بەگەردوونو مرۆڤ و شتەکاندا گوزەر دەکات هەروەها ناونانیان بەکۆتا گەیشتووە، لەنێوان ئەو کۆمەڵانەی کە لە میلانیزیاو بۆلدنیزیاو فلیپین دادەنیشن نیشانەی (کوردنجتن)و زاراوەی (مانا– mana) بەبەربڵاوی دەبینرێ، پێیانوایە ئەوەی کە (مانا) یان بە (مانیتۆ) ناودەبرێ هێزێکی خارقو تەجاوزکەری نادیارە لە شتەکاندا دەروێت، ئەوەی کە سەیر دەکەوێتەوە ئەوەیە کە (ڕۆمان)ەکانیش بەر لە هەزارەی یەکەمی (پ ک) ناوی (مانا)یان لە ڕۆحەکان ناوە. هەروەها دەقە ئایینییەکان لە جادوەوە بەرەو دەقگەلێك هەنگاویان ناوە کە بانگ لە ڕۆحەکان یان بوونەوەرە ڕۆحییەکان دەکەنو پاڕانەوەو هوشیاریو چاوەزارو گرتنەخۆو نوشتەش ئاراستەی ئەو ڕۆحانە کراونەتەوە.

بەڵام وەك دەبینین شێوەی شیعری نوێو گونجاو بۆ ئەو ڕۆحانە شێوەی (لاواندنەوە–hymen)یە، خۆی لە ناوەڕۆکو فۆرمی سیحری ڕزگار کردووەو شێوەی پارانەوەی ڕۆحی لەنێوان خۆی مرۆڤدا لەخۆ گرتووە.

لاواندنەوە شیعری ئایینی ڕۆحییە، زمانی تکاکردنو نزاو نزیکبوونەوە لەو ڕۆحانە یان ئەوانی دیکە لەخۆدەگرێ،

## عەقڵی شیعری

هەتا ئەمڕۆش لاواندنەوە ئایینییەکان شێوەیەکە لەشێوەکانی شیعری ئایینی بەڵام ئێستا کۆمەڵێك ناوەڕۆکی دیکەی لەخۆ گرتووە وەك چۆن جادو لە گواستنەوەی بۆ چاخی دوایی هەمان دەرئەنجام دەدا بەدەستەوە. لەراستیدا ئێمە ناتوانین ئێستا بەشێوەیەکی ورد رێسای هونەری شێوازی (لاواندنەوە)ی کۆن بەرجەستە بکەین، چونکە لەناوچووە یان دووبارە لەم دواییە فۆرمەلەکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش درك بەوە دەکەین کە لاواندنەوە بۆخۆی داوای یارمەتیو پارێزگاری دەکاتو مرۆڤ یان شاعیر لەتەواوی ژیانی خۆیدا بەکاری دەهێنێ، ئەوەش بۆ نموونە لە رۆژگاری سەرەتا لە ئایینی رۆمانی بینراوە کە لەدووتوێی خۆیدا کۆمەڵێك ناوی لە رۆحەکان (مانات) ناوە، (مالیبۆس، لارفا) تایبەتە بە مردووە هەڵبژێردراوو شەڕفرۆشەکان، هەروەها تایبەت بە ژیانی نێوماڵ (بینات)ە، هەروەها رۆحە گشتییەکان (لارات)و ئەو رۆحانەی بۆ هەمووانەو تایبەتیشەو دەسەڵاتی بەسەر وردەکاری ژیانو رەفتاردا هەیە (جن)ە، بێگومان هەر یەك لەو رۆحانە لاواندنەوەی تایبەت بەخۆی هەیە هەروەك

## عەقڵی شیعری

پەیکەرو شێوەی خۆشیان هەیە... هەرچۆنێ بێت ئەو ڕۆحانە خواوەند نین بەڵکو هێزێکی ڕۆحین.

لە کەلەپوری عێراقی کۆنو سامی بەشێوەیەکی گشتی ئەو کۆمەڵە ڕۆحەی کە بەئاشکرا دیارە (لیلیس)ە کە نوێنەرایەتی شەیتانی شەو دەکات، ڕۆحێکی مێینەی فریودەرە پیاو بەرەو خۆی رادەکێشێو وایان لێدەکات کە لەشەودا ژنەکانی خۆیان لە ماڵ جێبهێلن بەدوای ئەودا بچن، (لیلیس) وای لێهاتووە کە بتوانین بە (دەنگی ناوەوە) ناوزەدی بکەین، کەسێتی دڵبەری ئاگراوی کە بە تایبەتی ژیانی پیاوی خێزاندار بەبا دەدات، لەمەودوا بەڕۆحێکی ئاگری ناودەبرێت.

بەڵام دەقە دنیاییەکان کە بەرامبەر لاواندنەوە دەکەونەوە نوێنەرایەتی دیالۆگ دەکەن، دیالۆگەکانیش بە هۆی دوو هێزی بەرامبەر بەیەك دروست دەبن، ئەو دوو هێزەش ڕۆحی پەرستراوو مرۆڤ دەگرێتەوە، دیالۆگ لە نێوان ئەو دووەدا چەسپاوە، پاشان دیالۆگ کەوتۆتە نێوان دوو کەسەوە، یان کەسێكو بێگیانێکەوە، یان گیانلەبەرو ڕووەکەوە، بۆ نموونە لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا دیالۆگە شانازی بەخۆەکەرەکان (ئەدمندوکا) دەرکەوتووە کە

تەعبیر لە بەرانبەرکێی (دارخورماو داری ئەسیل)و (هاوینو زستان)و (شوانو جوتیار).........هتد دەکات.

ئەگەر گۆرانی لەسەردەمی سیحر لە مەنەلۆگی ویژدانی پێکهاتبێ، ئەوە گۆرانی لەسەردەمی رۆحەکان دیالۆگئامێز بووەو شێوەی بنەڕەتی درامای لەخۆ گرتووە، کە لە دوایدا بەشێوەی دیکە گەشەی کردووەو شێوەی شانۆی وەرگرتووە.

بەمجۆرە شیعری دیالۆگ (دراماتامێز) شیعری ئەو قۆناغە بووە، کە شان بەشانی لاواندنەوەی ئایینی دەکەوێتەوە، لاواندنەوەی ئایینی دیالۆگکردنە لەگەڵ رۆحەکانو تەعبیر لە ئاوازی رۆحەکان دەکات، هەروەها لە شیعری تازەدا هەوڵدراوە لاواندنەوەو دیالۆگ لە دووتوێی ئاگایی پێشوودا بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوەی لەرێگەی نووسینی شیعری تازەدا دەرگا لە شێوازگەلێك بکرێتەوە.

## ٤–قۆناغی خواوەند: ئەفسانەو داستان.

رۆحەکان ئاسانکارییەك بوون بۆ هەنگاونان بەرەو سەردەمی خواوەند، هەر لەوێشەوە فیکرەی رۆحەکان بەرەو فیکرەی خواوەندی گەشەیان کردووە، ئەو رۆحانەش

## عەقڵی شیعری

بەشێوەی مرۆیی بەرجەستە دەکرێنو خواوەندیش وەك عەقڵو هێزو دەسەڵات بەشێوەیەکی بەربڵاو خۆی دەخاتەروو، گرنگی خواوەند لە نەمریدایە، بەڵام مرۆڤ سەرەڕای زیاد بوونو زاوزێکردنی کەچی لەناودەچێ.

ئەو رادە نوێیەی کە پێشکەوتنی ئایینی بەنێویدا گوزەری کردووە، خاڵی دەرچوونی ئایینە پۆزەتیفیزمە ناسراوو نەناسراوەکان بووە، ئەوەش لەگەڵ چاخی بەردینی نوێ (نیولیت) کە تیایدا کشتوکاڵ کەشفکرا دەرکەوت، بۆیە یەکەمین خواوەندو کۆنترین خواوەند (ئادەم) بوو، شوانی بەپیتی خاكو پاشان شوانی تەواوی گەردوون بووە، ئینجا خواوەندی باوك پاشان خواوەندی کوڕ دەرکەوتووە، هەروەها بەر لە چاخەکانی مێژوو یەکەم بانسۆنی خێزانی بۆ خواوەند پێکهاتووە.. بۆیە هەر دەبێ ئەدەبێکی چیرۆکئامێز بەرجەستە بێ تاکو چیرۆکی بەرجەستەبوونی ئەو خواوەندەمان بۆ بگێڕێتەوە، هەروەها ئەو ئەدەبەی کە شیعری گێڕاوەتەوە بەدیاریکراوی ئەفسانە بووە.

ئەفسانە شیعرێکی چیرۆکئامێزە لەبارەی خواوەندێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵێك خواوەندەوە، کەواتە ئەفسانە

## عەقڵی شیعری

لەرێگەی شیعرەوە چیرۆکێك دەگێڕێتەوە، چیرۆکێك کە بەشێوەیەکی رێژەی چەسپاوو پیرۆزەو بەسیستەمی ئایینی دیاریکراوەوە بەندەو لەنێوان نەوەکانیشدا دەگوازرێتەوە، ئاماژە بە زەمەنێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو بە هۆی رووداوێك کە روویداوە ئاماژە بە حەقیقەتێکی ئەزەلی دەکات، هەروەها بەردەوامیش کۆمەڵێك بابەتی بەربلاوی گەورەی لەخۆدا هەڵگرتووە کە تەوەرەکەی بە دەوری خواوەندەوە دەخولێتەوە، هیچ دانەرێکی نییە، بەڵکو بەرهەمی خەیاڵی دەستەجەمعییە.

بەمجۆرە ئەفسانە لەگەڵ بیرو باوەڕو تقوس بە یەکێك لە گرنگترین پێکهاتە بنەڕەتییەکانی ئایین دەژمێردرێت، وەك چۆن دەبێتە ماددەی شیعری ئایینیو تەعبیر لە قۆناغەکەی خۆی دەکات، کە بە قۆناغی ئایینە پۆزەتیفیزمەکان دێتە ژماردن، ئەو قۆناغە تەواوی رۆژگاری ژیاری کۆنی لەخۆ گرتووە.

ئەفسانە بە پێوانە لەگەڵ جادو لاواندنەوە قەڵەمبازێکی نەوعییەو لەناوەوەی خۆیدا زانستی سەرەتاییو فەلسەفەی سەرەتایی هەڵگرتووە، هەر لەرێگەی ئەو سەرەتایانەشەوە مرۆڤ لە گەردوونو ماناکانیو ئامانجەکانیو ئەو دیوو

## عەقڵی شیعری

گەردوون رادەمێنێ، هەر لەوێشەوە پانتایی ئەدەب بەرفرەوان دەبێتو هەموو جۆرەکانی گێڕانەوەو شیعر لەخۆ دەگرێت.

هەروەها بە شێوەیەکی گشتیو پارچە پارچە بە دەوری خەیاڵو خواستنو خوازە خولدەخوات، بەمجۆرە لە ئەفسانەدا بنەڕەتەکانی (زانست، فەلسەفە، ئەدەب، ئایین) بە شێوە سەرەتاییەکەی کە زۆر لە خەڵك نزیکە کۆدەبێتەوە، دەبێتە لاپەرەیەك لە لاپەرەکانی عەقڵی بەرایی مرۆڤ ، ئەو عەقڵەی کە دیدو منداڵێتیو یەکەم ئارەزووەکانی خۆی بۆ راڤەکردنو لێکدانەوەی دەوروبەر دەشارێتەوە.

شێوازی ئەفسانەی شیعری لە دوو رووکاری بنەڕەتی ئەفسانە ئەدەبییەکاندا دەردەکەوێت، کە ریتمی شیعری دیارو نادیار/ یان تەکنیکاری شیعری وەك: دووبارەکردنەوە، لێکچواندن، رووبەرووبوونەوە لەخۆ گرتووە. دەتوانین ئەفسانە لە چوار بنەڕەتدا پۆلین بکەین، یەکەم: ئەفسانەکانی خەلیقەت(myths of genesis) کە ئەفسانەکانی دروستکردنی گەردوون (کۆزمۆگۆنیا) دەگەیەنیت، هەروەها ئەفسانەکانی دروستکردنی خواوەند

## عەقڵی شیعری

(تیۆگۆنیا)و ئەفسانەکانی دروستکردنی بەشەر (ئەنترۆبۆگۆنیا)، بێگومان نموونەی دەگمەنی ئەو ئەفسانانەش ئەفسانەی دروستکردنی بابلییە (ئینۆما ئولیش) ئەو ئەفسانەیە ئەفسانەی دروستکردنی نموونەییە لەدنیای کۆنو دروسبوونی دنیاو خواوەندو مرۆڤ لەخۆ دەگرێت.

لە ئەفسانەی خەلیقەتدا شێوازی سەرەتایی پۆزەتیڤ دروست دەبێ، کە وەك لانەیەکی گەورەی رەمزەکانی مرۆڤ کار دەکاتو لە دوایدا دەردەکەوێتو بونیادی قووڵی رۆحی پێکدەهێنێ.

بەڵام جۆری دووەم لە ئەفسانەکان ئەفسانەکانی بونیادنانە ئەو ئەفسانانەیە کە خواوەند تیایدا بە بونیادنانو وردەکاری دنیاو دروستکردنی شارو ئامرازی کارو فەرمانو دەسەڵاتو خاوەندارێتیو ............هتد هەڵدەستێ، بە سەر ئەو ئەفسانانەدا پیاهەڵدانی خواوەندو پیاهەڵدانی شار کە خواوەند بونیادی ناون، هەروەها قەسیدەی بونیادنان کە رەمزەکانی خێری بونیادنانی تیا دەردەکەوێت، بە شێوازە پۆزەتیڤەکانەوە بەندە.

## عەقڵی شیعری

بە گشتی ئەفسانەکانی بونیادنان پێکدێ لەو ئەفسانانەی کە لە کۆمیدیای خواوەندی دەچێ بە شادیو پیاهەڵدانو خۆشییەوە سیخناخە، بەرزترین شێوەش لە شێوەکانی ئەفسانەی ئەڤینی پیرۆزە کە دەکەوێتە نێوان خواوەندەکانەوەو بە تایبەتی هەردوو خواوەندی لاو کە دموزیو ئینانا (تەمموزو عەشتار) نوێنەرایەتیان دەکاتو بە باشترین نموونەی میسۆلۆژیای عیراقی کۆن دەدرێتە قەڵەم.

بەڵام جۆری سێیەمی ئەفسانەکان، ئەفسانەکانی رووخاندنو تێکشکانە، ئەو ئەفسانانە بە ئەڤینی نابووت یان پیس دەست پێدەکاتو خواوەندە عاشقەکانو ئەوانەی کە لە مەراسیمی خۆشەویستی ئەواندا بەشداربوونە بەرەو دنیای ژێرەوە دەبنەوە، پاشان لە دوای ئەوانیش ئەفسانەکانی رووخانی شارو کۆچکردنی شارو لاواندنەوەیانو قەسیدەی گریان کە بە رەمزی شەڕو تیکدان وێرانی خۆی بەیان دەکات دەردەکەوێت. گرنگترین نمونەی ئەو جۆرەش خۆی لە لاواندنەوەی ئورو سۆمەرو بابلو کەوتنی ئانانا بۆ دنیای ژێرەوەو هتد دەردەکەوێت.

## عەقڵی شیعری

بەڵام جۆری چوارەم لە ئەفسانەکان ئەفسانەکانی کۆتایی و مردنە کە بە (ئیسکاتۆلۆژیا) ناو دەبرێت، ئەوەش ئەفسانەکانی کۆتایی گەردوونن، هەر وەك سەرەتا بۆ چوار رەگەزەکە دەگەڕێتەوە، بەمجۆرە وێرانبوونی گەردوونو مرۆڤ یان بە ئاو (تۆفان) دەبێت، یان ئاگر (سووتان) یان بە با (گەردەلوول) یان خاك (بوومەلەرزەو بووڕکان).

گرنگترین ئەفسانەکانی عیراق ئەفسانەی تۆفانە کە کابوسو وێرانەیی‌و بەکۆتایی هاتن بە سەر فەزاکەیدا خۆی زاڵ دەکات، ئەوەش بۆ خۆی تەعبیر لە گەڕانەوەی گەردوون دەکات بۆ حاڵەتی تاریکی‌و تێکشکانی هەموو شێوازەکانی بەرایی دەگەیەنێت، وەك چۆن بەرایی هەموو شێوازە نێگەتیفەکانیش بەرجەستە دەکات.

ئەو ئەفسانەیە پەسیسەکردنێکی قووڵی سامانی عەقڵی مرۆیی‌و رووانین‌و ئارەزووە سەرەتاییەکانی دەکێشێ، ئەوەش تەعبیرە لە شیعری ئایینی کە بە پێی گێڕانەوە دەڕواو لە نێوان خەلیقەت‌و مردندا بەردەوام رۆڵی جاویدانەی خۆی وەك ئەوەی قەسیدە/چیرۆکی گەڕانەوەی هەتا هەتایی بێ.

## عەقڵی شیعری

بەڵام شیعری دنیایی کە لەگەڵ ئەفسانە هاوشان بکەوێتەوە تەنها داستانە، کە پێشتر گێڕانەوەیەکی شیعری بووو بە دەوری کاراکتەری مرۆڤی نەك خواوەند دەخولایەوە. بەڵام ئەو پاڵەوانە یان کاراکتەرە خاوەنی توانایەکی لەرادە بەدەری هەبوو، هەمیشە وەك رەمزی نەتەوەیی دەکەوتەوەو بەسەرهاتی نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی لەخۆدا هەڵدەگرت، داستان لەگەڵ ئەفسانەدا بە شێوە دنیاییەکەی لە هەموو شتێك لەیەکدەچن، بەڵام ئەفسانە ئایینییە، یەکێکە لە سێ ئەستوونەکانی ئایین.

ئەگەر ئەفسانەکان لە بەرامبەر گەشەی مێژوویی بەرەو نەمان چووبێ، ئەوە داستان هەتاکو ئێستاشی لەگەڵدابێ بە شێوە شەعبییەکەی بەرجەستەیەو ناوەڕۆکی جیاکارانەی هەندێ لە نەتەوەو گەلەکان پێکدێنێ.

لە ئەدەبی دنیایدا هەندێ لە جیاکاری شێوازیو ناوەڕۆکئامێزی تایبەت بە داستان دەرکەوتووە، بۆ نموونە وەك دووبارەکرنەوە، بەرایی بوونی رووداو، هەروەها دەرکەوتنی هێزی نادیار هتد، بەمجۆرە ئەدەبی دنیایی لە چیرۆکی نێوان دووان (درامی) بەرەو چیرۆکی گەل گەشەی کردووە، کە بەدەوری پاڵەوانی (داستان)دا

دەخولێتەوە،ئەگەر بۆ بابەتی سەرەتامان بگەڕێینەوە دەبینین ئەو گەشەکردنە بەمجۆرە دەکەوێتەوە:لە شیعری لیریکییەوە بۆ شیعری درامی بۆ شیعری داستانی ئەوەش لە رووی مێژووییەوە ناوکۆییەکی گونجاوی لەخۆدا گرتووەو تەعبیر لە پاشەکەوتی باڵابوون دەکات.

لەراستیدا هێنانەوەی ئەفسانەو داستان لە ئەدەبی نوێدا شتێکی زیاد لەپێویست باوە، چونکە بێگومان ئەفسانەو داستان سامانێکی رۆحیینو بە شێوازی دەگمەن نووسراونو بە شێوە ئایینیی دنیاییەکەی تەعبیر لە کورتەی ئەزموونی مرۆڤی کۆن دەکات، هەروەها هێنانەوەیان لە شیعری نوێدا جیاواز دەکەوێتەوە جا چ بەشێوەی کۆلاجکردن بێ یان راستەوخۆو ناراستەوخۆ یان رەمزییانە بکەوێتەوە.

## ٥- قۆناغی یەکگرتن: کتێبی پیرۆزو قەسیدە.

کاتێك ئایینە یەکتاییەکان دەرکەوتن ئیتر خواوەندەکان مردن، تەنها هەر یەك خوا مایەوە کە بە خەلقکەری گەردوونو مرۆڤ دەژمێردرێ، بۆیە ئەوسا قسەکردن لە بارەی ئەفسانەکان قورس دەکەوتەوە، چونکە خوا ئەو بێ

## عەقڵی شیعری

خەوشە بوو کە نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی، نە باوکی هەیەو نە کوڕ، بەمجۆرە ئەفسانەکان بەرەو دواوە گەڕانەوەو لە میانی چیرۆکە شەعبییەکاندا وەك لانەی قسە لەسەر کردنی فریشتەو شەیتانو پەیامبەران خۆی دەنواند، بێگومان ئەوەی لە ئەفسانەی خەلقکردنیش مایەوە هەر تەنها ئەو پەیکەرە کۆنە بوو کەچۆنێتی دروستکردنی گەردوونیان بەبیر دەهێنایەوە، بەمجۆرە کۆتایی ئەفسانە بووە وشیارکەرەوەو هەڕەشەکەری کاولکردنو لەناوبردن.

(دەقی پیرۆز) یان (کتێبی پیرۆز) جێگای ئەفسانەکانی گرتەوە، بەمجۆرەش شیعری ئایینی لە کتێبی پیرۆزدا دەرکەوتو لەلایەك کەوتە ژێر گرانایی فیکرو بیرو باوەڕە لاهوتییەکانەوە لەلایەکی دیکە کەوتە ژێر پاڵەپەستۆی وردەکارییەکانی تەقسو فیقهەو شەریعەت....... بەدەستەواژەیەکی دیکە (کتێبی پیرۆز) ئەو دەقە ئایینییە هەمەگیرەیە کە هەر سێ پێکهاتەی ئایینی (بیروباوەڕ، ئەفسانە، تەقس)ی تیا کۆبۆتەوە، وەك چۆن پێکهاتە لاوەکییەکانی وەك شەریعەتو ئەخلاقیشی تیا کۆبۆتەوە، بەمجۆرە ئەو کتێبە پیرۆزە بوو بە دەقێکی کراوەی عەقڵو کردار، واتە شیعر کەوتە نێو عەقڵو کردارەوە....... کتێبی

## عەقڵی شیعری

پیرۆزی یەهودییەکان تەوراتە یان (عەهدی کۆن)ە، هی مەسیحیەکانیش ئینجیلە یان (عەهدی نوێ)یە، هی موسڵمانەکانیش (قورئان)ە.

بەمجۆرە شیعر لە گێڕانەوەی پیرۆزی نێو ئەفسانەکانەوە بەرەو (دەقی پیرۆز)ی نێو کتێب (ئەلبابیل–baible) گوازرایەوە، هەروەها کارفرمایی شیعری ئایینی گۆڕانی زۆری بەسەر داهات، واتە دوای ئەوەی کە زۆر دوای خەیاڵ کەوت ئەوجارە بوو بە شتێکی فیکری.

دەقی پیرۆز یان کتێبی پیرۆز بەو مانا باوەی کە ئاگادارین وەك شیعر نەمایەوە، بەڵکو بووە دەقێکی رۆحی ئایینی یەکگرتوو کە تیایدا شێوەو ریتمو تەکنیکی شیعری بۆ خزمەتکردنی رۆحێکی گەورەتر بەکار دەبرد.

شیعر لە دەقە پیرۆزەکاندا کۆمەڵێك ناوی نوێی بەخۆوە بینی وەك سفر/تەوراتو ئینجیل کە لە کۆمەڵێك راستکراوە پێکهاتووە، یان سوورەت لە قورئان کە لەچەندین ئایەت پێکهاتووە، بەڵام ناونانەکان هەر چۆنێ بن شیعر هەر تەنها وەسیلەیەکە لە وەسیلەکانی بیروباوەڕو تقوسی ئایینیو لە کایە ئایینییەکاندا هیچ وجوێکی سەربەخۆیانەی بۆ نامێنێتەوە.

## عەقڵی شیعری

بەڵام شیعری دنیایی لەوەی کە پێی دەگوترێت (قەسیدە) دەردەکەوێت، قەسیدە شیعرێکە راستەوخۆ هەستو خەیاڵی شاعیر دەگەیەنێت، بێ ئەوەی رێچکە گفتوگۆئامێزەکانی داستان لەخۆبگرێ، بەڵام لە جەوهەردا لە گۆرانی نزیك دەبێتەوە، هەر چەندە لە گۆرانی ئاڵۆزترە.

شیعری ویژدانی سادە تەعبیر لە گۆرانی دەکات، بەڵام قەسیدە ئەوەیش دەگەیەنێتو تەجاوزی زێتریش لەو دەکات، تەواوی هەستەکانی مرۆڤ بە هەموو ئاراستەو قوڵاییەکانی لەخۆ دەگرێ و خەیاڵو یادەوەریو پەندو فەلسەفەکانی لە ژیان وەردەگرێ.

کەواتە قەسیدە بە شێوەیەکی رێژەی جۆرە ئەدەبێکی دنیایی نوێیە لە دوای داستان دەرکەوتووە، سەرەڕای ئەوەی لە گۆرانییە کۆنەکان (کە زۆربەیان ونبوون) ئاوی خواردۆتەوە، بەڵام کاتێك کەناڵێك لە نێوان دەقی پیرۆزو قەسیدەدا دەکرێتەوە، واتە کاتێك قەسیدە دەیەوێت سوود لە شێوازو ناوەڕۆکی دەق (کتێبی پیرۆز) وەرگرێ، ئەوە زێتر وا لە قەسیدە دەکات کە بارگەی نوێ لەخۆدا پاشەکەوت بکات.

## عەقڵی شیعری

دواجار لەو ناوکۆییەدا من وای دەبینم کە دەقی شیعری نوێ دەبێ خۆی بەسەر هەموو زنجیرەکانی پێشکەوتنو گەشەکردندا بکاتەوە کە شیعری ئایینیو دنیایی پێیدا گوزەریان کردووە، قەسیدەی نوێ هەموو کاریگەریو شێوازەکانی داستانو دراماو گۆرانی وەردەگرێ، هەروەك چۆن خۆی بە کتێبی پیرۆزو ئەفسانەکانو لاواندنەوەو جادو بارگاوی دەکات، دەرکەوتنی ئەو جۆرە شیعرە لەگەڵ تەواوی مێژووی شیعری توخمگیر دێتەوە.

# دووەم: شیعرو سیحر

## ١-جۆرەکانی سیحر

سیحر هەوڵدەدا دەست لە یاساکانی سروشت وەربدا، چ بۆ راگرتنی یان بۆ گۆڕینی یان بۆ تەحەکومکردن بە سەریاندا، ساحیر هەوڵدەدا ئەو یاساگەلە بەرەو ئەوە ببات کە دەبێ (بە مانایەکی دیکە وەك ئەوەی کە نیازییەتی-و:کوردی) بەمەش رەوتی سروشتی ئەو یاسایانەو دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان رادەگرێ، یان ساحیر ئەو کەسەیە کە نکۆڵی لە سروشت دەکاتو کار بۆ ئەوە دەکات کە تواناکانی خۆی بخاتە دووتوێی یاسا سروشتییەکانەوە بۆ ئەوەی بە پێی ئارەزووەکانی خۆی ئاراستەیان بکات ئەوەش وا لە ساحیر دەکات کە وەك کەسێکی جیاکار لە نێو تاكو کۆدا سەیر بکرێ.

سیحر بە پێی پراکتیزەکردنی دابەشی سێ جۆری بنەڕەتی دەبێ ئەویش( سیحری خارقو سیحری سۆزئامێزو

## عەقڵی شیعری

سیحری درۆزنانە) سیحری خارق (یان تەجاوزکەر) ئەو سیحرە حەقیقییەیە کە موعجیزەی ماددی دەنێتەوە، ئێمەش دەتوانین ئەو موعجیزانە بە هەستەکانمان دەستی لێبدەینو وەك بەرهەم دانی پێدابنێین بێ ئەوەی هیچ یارییەکی لە پشتەوە بێ یان هەستەکانمانی تیا دووچاری حەپەسان کرابێتەوە، ئەو سیحرە یەك مەرجی لە ساحیر دەوێ ئەویش ئەوەیە کە ساحیر هەڵگری وزەیەکی تەجاوزکارانە بێ یان هەستێکی بەرزی هەبێ کە ئەمڕۆ بە (پاراسایکۆلۆجی) ناودەبرێ ئەوەش کەسانێکی دەگمەن دەگرێتەوە کە بتوانن بەو هێزەوە دەست بۆ هێزی سروشت بەرن راییگرنو حوکی بەسەردا بکەن، یان بە مانایەکی دی ئەو هێزە کار لە تێکشکانی فیزیك دەکات کە لە دەوروبەمانە، هەروەها کار بەوە دەکات کە ساحیر دەیەوێ، بێگومان سیحری حەقیقی لە رابردوودا ئەوانە پێهەڵدەسان کە ئەو هێزەیان تیا بووە، هەروەها لە نێو کۆمەڵگاشدا شوێنێکی بەرزوگرنگییان هەبوو هەندێك لەوانە دەبوونە کەشیشو مەلیكو پێغەمبەر بەڵام ئەوانە لە ناوەوەیاندا هەڵگری ئەو هێزە پاراسایکۆلۆجییەن.

## عەقڵی شیعری

زانستی پاراسایکۆلۆجی ئەو هێزەی لە رێگەی تاقیکردنەوەوە لە نێو مرۆڤی سەردەمدا دۆزیوەتەوەو راڤەی کردووە.

بەر لە سەدان هەزار ساڵو بەر لە دەرکەوتنی زانستی پاراسایکۆلۆجی دیاردەی پاراسایکۆلۆجی کە هەڵگری ئەو هیزو وزە سیحرییەیە هەبووە، یان هەرچەندە بۆ رابردوو بگەڕێینەوە دەبینین کە مرۆڤ زێتر ئەو هێزەی تیا بووە چونکە مرۆڤی کۆن لە دنیایەکی تاریکودرەندەو لێڵو پڕ گومان ژیاوە ئەوەش وای کردووە کە ئەو هێزە لە ناویدا چالاکتر بێ، بەڵام دوای دەرکەوتنی کۆمەڵگاو تێکەڵاو بوونو دەرکەوتنی ژیاری جێگیربوونی مرۆڤ لە شارەکاندا ئەو هێزە لە مرۆڤدا بەرە بەرە پوکاوەتەوەو جۆرو ژمارەی هەڵگری کەمبۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە بەپێی بەرەوپێش چوونی زەمەن لینکەرژێنی سنۆبەری لە مرۆڤدا بەرەو پووکانەوە چووە ئەو لیکەرژێنە بە دڵنیاییەوە پەیوەندی بە هێزی نابراوەوە هەیە.

بەڵام جۆری دووەمی سیحر، سیحری سۆزدارییە کە ساحیر لە رێگەی تەقلیدکردنی یاساکانی سروشت هەوڵی دەست بۆ بردنی دەدات، یان بە مانایەکی دیکە ساحیر لە

## عەقڵی شیعری

ناوەوە هەڵگری ئەو هێزە تەجاوزکەرە نییە، بەڵکو راهێنانی شێوەئامێزە لە سەر هێزی سروشتو لاسایکردنەوەی ئەو هێزەوە وەستاوە، لەوێوە خۆزگەی ئەوە دەخوازێ کە دەست بە سەر دیاردەکانی ئەو هێزەدا بگرێو حوکمیان لە سەر بکات، ئەو کارە راستە مرۆڤ لە رووی نەفسییەوە بە جۆرێك ئەفسوون دەکات وەك ئەوەی کە بە کارێکی تەجاوزکەرانە هەڵسێ، بەڵام وەك پێویست سەرناکەوێ، ئەو سیحرەش دوو شێوەیە سیحری وێکچوو، کە لە سەر ئەو بنەڕەتە کار دەکات کە چارەسەری وێکچووانە، دەرئەنجامی وێکچووی لێدەکەوێتەوە واتە ساحیر لەو حالەتەدا پێوایە تەقلیدکردنی سروشت دەرئەنجامی نموونەیەکی وەك سروشتی لێدەکەوێتەوە، هەر لەوێشەوە دەشێ کاریگەری بە سەر خودی سروشتەوە بێ، بۆ نموونە کێشانی وێنەی دوژمنو پاشان لێدانو هەنجن هەنجنکردنی تاکو کاریگەریی خراپی بکەوێتە سەر دوژمن، ئەویدیکە سیحری پێگەیشتنە لە سەر ئەوە رادەبێتەوە کە شتەکان هەندنو بەشێکی ئەو هێندە کاریگەری بەسەر گشتدا دەبێ، وەك چۆن گشت کاریگەری بە سەر بەشدا دەبێ،

## عەقڵی شیعری

وەك وەرگرتنی کەلە موویەکی مرۆڤ سوتاندنی بۆ ئەوەی کاریگەری بە سەر ئەو مرۆڤەوە هەبێ.

بەڵام جۆری سێیەمی سیحر، سیحری درۆزنانەیە یان چاوبەستانە کە ئەسڵەن سیحر نییە بەڵکو جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندنی چاوو هەستەکان هەڵبەتە ئەوە لەگەڵ سروشت تەواو فەشەل دێنێ هەر تەنها کاریگەرییەکی دەروونی بە سەر ئەو مرۆڤانەوە جێدەهێڵێ کە بڕوایان پێ هەیە، بۆیە هەر تەنها تەحەکوم بەو مرۆڤانەوە دەکات نەك بەو دیاریدانەی کە مەبەستییەتی تەحەکومییان پێوە بکات.

### ٢–جۆرەکانی شیعر

ئەو دابەش بوونەی پێشوو بۆ سیحر دەشێ بۆ دابەشکردنی شیعریش بە تەواوی بە سوود بکەوێتەوە بۆیە شیعریش دەکری بە سێ بەش شاعیری تەجاوزکەر (خارق) ئەو شاعیرەیە کە شیعرەکەی لە بەهرەیەکی بە هێزەوە هەڵدەقوڵێو لە دووتوێی ناخو رەمەکییەکی لێدەرەوە لە دایك دەبێ، شیعرەکەی ئەسیلە بەر لەوەی کۆنو نوێ بێ، شیعرەکەی وەك ئەوە کە هەستی پێدەکرێ لە ناخێکی قووڵو درەوشاوەو سافەوە هەڵقوڵابێ، ئەو شیعرە

## عەقڵی شیعری

پێویستی بە خزینی دەستکردی شیعری نییە هەروەها بە سەر خەیاڵی زیادەڕۆیانەدا کز ناکەوێ، شاعیری خارق ئەو شاعیرەیە کە بە شێوەیەکی جێگیر بەرەو شیعر هەنگاو دەنێ چونکە هەڵگری توانایەکی چارەنووسسازانەیە، بۆیە بە بێ ئەوەی زیادەڕۆی بکات بە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە بە بێ زۆر لە خۆ کردن لە ناوەوەیدا وزەیەکی شیعری بەرزو پڕی هەیە بۆیە پێویستی بە ماندووبوونی دەسکردانەی زۆرەوە نییە، بەڵکو تەنها ماندووبوونێکی دیاریکراوی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو هێزەی خۆی لە چوارچێوەیەکی گونجاوو شێوەیەکی گونجاوو ناوەڕۆکێکی گونجاودا بتەقێنێتەوە، بەڵام دەشێ ئەو شاعیرە هەرچەندە هێزی بەهرەکەی ئاشکرایە بەڵام ئەو هێزە شیعرییەی خۆی لە ئاراستەگەلی نەشیاو بەو بەهرەیە کار پێبکات، ئەو شاعیرە شاعیرێکە کە دەتوانێ بچێتە قوڵایی قوڵاییەکانەوە.

بەڵام شاعیری سۆزئامێز ئەو شاعیرە راستگۆیەیە کەبەر لە هەموو شتێ بە راستییەوە ئەزموونی نووسینی شیعری خۆی دەخاتەروو، ئەدەب بە هێلانەی خۆی دەزانێ ، بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە بەهرەکەی دیاریکراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەو رێگەی دی دادەهێنێ، لەو

## عەقڵی شیعری

شاعیرەدا هەست بە هێزی ئەدەبی دەکرێ بەر لەوەی هەست بە هێزو وزەی شیعری بکرێ، ئەو هەمیشە لە دووتوێی دەقە ئەدەبییەکانو ئەزموونی شیعریدا رادەبێتەوەو لە نێوانیاندا پەیوەندییەکی مەعقول دەدۆزێتەوە، هەمیشە لە ئەزموونو راستگۆیی هەستەکانییەوە رادەبێتەوە، بەردەوام راستگۆییەکەی دەخاتە خزمەتی ئەزموونەکەیەوە، بەرەو ناخێکی شاراوەو دنیای ناوەوە هەنگاو دەنێ.

دوا جۆر شاعیری درۆزنە، شاعیری درۆزن ئەو شاعیرەیە کە بە هیچ شێوەیەك پشت بە خۆی نابەستێ بەڵکو پشت بە دەستکردی شیعرییەوە دەبەستێو هەمیشە کار لە سەر قالبە ئامادەکراوەکان دەکات، شیعر بەلای ئەو کۆمەڵێك تەکنیکاری زمانەوانییەو هیچی تر نە پەیوەندی بە راستگۆیی ئەزموونەوەیە (وەك چۆن لای شاعیری سۆزئامێز هەیە) نە پەیوەندی بە قوڵاییەکانی رەمەکییەتەوە دایە (وەك لای شاعیری خارق قسەمان لێکرد) بەڵکو پێیوایە شیعر هەر تەنها کرداری بڕینو پینەکردنو دورینەوەی زمانەوانییەو پێیوایە هەر تەنها شارەزابوون لە ئەدەب بۆ شیعر نووسین بەسە، ئەو شاعیرە دەمانخاتە دووتوێی

## عەقڵی شیعری

یاریو رابورادنو جوانکاری فۆرمئامێز کە بە هیچ شێوەیەك بە ناخمان ناگەیەنێ هەروەها لە بەر ئەوەی بنەمایەکی رۆحی نییە هەرگیز چاوەڕێی ئەو قوڵبوونەوەیە لەو ناکرێ.

چونکە سیحر لە دووتوێی جێبەجێکردنی کردەوە ئیش دەکات، بۆیە لەگەڵ شیعر جیاواز دەکەوێتەوە، چونکە شیعر لە دووتوێی گوتنو زمانو نووسین کار دەکات، سیحر کار دەکات بەڵام شیعر دەڵێ.... بۆیە سیحر، سیحرە ئەو کاتەی کە کار دەکات نەك ئەو کاتەی فەشەل دێنێ، ئەوەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە سیحری خارق سیحری حەقیقییە بەڵام سیحری سۆزئامێز سەرکەوتنی لە کارکردندا بە جزئی دەمێنێتەوە، هەروەها ساحیری درۆزنیش هەر بەو شێوەیە.

بەڵام شیعرلە دووتوێی گوتنو زماندایە بۆیە یەکەمجار داوای بەهرەی ئەسلی (خارق) دەکات، دووەمجاریش ئەزموونێکی راستگۆییانەی دەوێ کە بە شێوەیەکی ئەدەبی بە نێو (سۆزدا) گوزەری کردبێ، سێیەم دروستکردنو تەکنیکی زمانەوانیو خەیاڵی شێوەئامێزی (درۆزنانە). ئەو سێ جۆرە بە شێوەی پلە پلە دێ چونکە هەموویان کار لە دووتوێی گوتنو زمان دەکەن، دڵنیاین کە

بوونی بەهرە راستگۆییو ئەزموونو شێوازی ئەدەبی رۆشندەکات، هەروەها نەخۆشییەکانی تەکنیکی رادەگرێ پاڵەپەستۆو گرانییەکەی لە سەر پاکێیەتی شیعرو رەمەکییەتی شیعری کەمدەکاتەوە.

### ٣-ساحیرو شاعیر

لە زۆر شتدا شاعیر بە ساحیر دەچێ وێڕای کۆمەڵێ سەرنج چونکە ساحیر کار دەکاتو شاعیر دەڵێ (یان دەنووسێ) گوتنو کردنیش لای شاعیری حەقیقی لە میانی بەرزبوونەوەی کردەو رۆحدا دەبێتە رەمزێکی درەوشاوە بۆ وێنەی مرۆڤایەتی.

ساحیر هەوڵدەدا رووبەروو بێتەوەو تەجاوزی فیزیای سروشتی بوون بکات، هەروەها شاعیریش، بۆیە لە میانی ئەوەدا لە سەر ئاستی ئەنتۆلۆژیو مەعریفی ژیانی مرۆییدا بەرزو بڵند دەوەستێ، تەجاوزکردنی سیحری لە تەجاوزکردنی شیعری دەچێ، بەڵام ئەوەی یەکەم سڵ لە بوون دەکاتەوەو ئەوەی دووەم سڵ لە لۆگۆس دەکاتەوە.

ساحیر لە چەرخی کۆندا لە میانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیداگرنگییەکی بەدەری هەبوو، وەك پێشەوای هۆزو

## عەقڵی شیعری

پزیشكو شاعیرو فەیلەسوفی ئەو هۆزە كاری دەكرد، توانایەكی گەورەی بە سەر ئەو توانا گرنگانەدا هەبوو، شاعیریش پلەیەكی نەوعی لە ژیانی سیاسیو كۆمەڵایەتیدا دەگێڕا بەڵام نەدەگەیشتە پلەی ساحیر.

سەرەڕای ئەوەی كە كۆمەڵگا مرۆییەكان لە رێگەی بەرەوپێشچوونی باری سیاسیو كۆمەڵایەتی گەلێك دەركەوتەی ئاڵۆزی پسپۆری لێكەوتەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی شوێنگەی ساحیر بەرەو وێرانبوون بێتەوە، بەڵام شوێنگەی شاعیر بەرەو بەرزی هەنگاوی بنێ.

لە راستیدا ساحیرو شاعیر هەمان توانایان هەڵگرتووە، هەمان كاریگەری نەوعییان لە بەرەو پێشچوونی میللەتاندا هەیە، بەڵام ساحیر بە چاوبەستەو جادووەوە پەیوەستە بە تایبەتی دوای سەردەمی یەكتابوون لە بەرامبەر هێزی بیروبڕوای خوایی ساحیر وا تەماشا دەكرا وەك ئەوەی كە هەڵگری وزەو هێزێكی بتپەرستانە بێ.

بەڵام شاعیر بە هەمان شێوە ئەو كاتە وێنەكەی شێوا كە كەوتە بەر دەرگای گەورەكانو خۆی وەك بێ ئابروو چەقاوەسووو نیشان دا ، هەروەها وێنەی شاعیر زۆر بە

## عەقڵی شیعری

توندی کەوتە لێژی کاتێ شیعری بۆ پیاهەڵدانو رابواردنو شەڕەجنێو نووسی.

بەڵام لە بەرامبەر ئەوەشدا وێنەی ساحیری (توانا بەرز)و شاعیرێ (کە نوێنەرایەتی ئازادی دەکات) جارێکی دی بەرز نرخێندرا دووبارە وێنە نەوعییەکەی مرۆڤی لەو پەڕی بەرزیو درەوشانەوەدا خستە روو.

**تێبینی:**

ئەو نووسینە لە ژێر نانیشانی (سیحریو ئیرۆسی)دا وەك پێشەکی بەرگی دووەمی بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرە کە لە حەفت کۆمەڵە پێکهاتووە، من وەك نووسینێکی سەربەخۆ وەرمگرتووە ناونیشانی دووەمم لە بری یەکەم هەڵبژاردووە، هەروەها لەو شوێنانەی کە ئاماژە بە شیعرەکانی خۆی دەدا  بە پێویستم نەزانیو ئەو چەند دێرانەم فەرامۆشم کردن، هەڵبەتە ئەو فەرامۆشکردنە هیچی لەو نووسینەی بەردەستان کەم نەکردۆتەوە.

سەرچاوە:

بڕوانە: العقل الشعری– الکتاب الثاني

بغداد–٢٠٠٤

خزعل الماجدی–ص٣٩–٦٣

## شیعرو ئەفسانە

دووەمین بونیادی سەرەکی ئایین، ئەفسانەیە، ئایین لەسێ بونیادی سەرەکی پێکهاتووە، بیروباوەڕ، ئەفسانە، تەقس، هەروەها دوو بونیادی لاوەکی کە ئەخلاقو کۆی یاساکان دەگرێتەوە. ئەفسانە لەگەڵ کۆنترین ئایینی سیحری بەدەرکەوتووە، دەشێ (فیتشە، رۆح، تەوتەمیەت) لەئایینە کۆنەکان، ناوەڕۆکی لاوازی ئەفسانەیان لەخۆدا هەڵگرتبێ. بەڵام خودی (تەقس) بەسەر ئەفسانەو بیروباوەڕدا زاڵ بووە، هەروەها ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە کە ئەفسانەکانی سیحر (ئەفسون) بەردەوام جێگای دەستاودەست پێکردن بوونە، لەلایەکی دیکەش ئەفسانە بۆخۆی لەگەڵ بارودۆخی ئایینەکان (ئەو بارودۆخەی ئایینەکان دەیهێننە ئاراوە– و:کوردی) کەوتۆتە جوڵە کردنو بۆتە ئەو هێزە نهێنییەی کە شارستانیەتی کۆنی لەسەر رابۆتەوە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینە یەکتاکان ئەفسانە بەشێوەیەکی رێژەئامێز بەرەو لاوازبوون چووەو خودی بیروباوەڕ دواجار وەك بەهێزترینییان خۆی

دەنوێنێ(واتە لە نێوان ئەفسانەو تەقسدا دواجار بیروباوەڕ وەك بەهێزترینیان خۆی دەنوێنێ).

کەواتە هەر لەو زەمانەوە ئەفسانە وەك دیاردەیەکی بنەڕەتی ئایین دەرکەوتووە، هەروەها زاراوەی (مس– myth) کە دەلالەت لە ئەفسانە دەکات، تا ڕادەیەك زاراوەیەکی تازە بابەتە، لەساڵی (١٨١١) (روبەرت) لەزمانی فەرەنسیدا بەرجەستەی کردووە، لە زمانی ئەڵمانی (غەریم) لەساڵی (١٨١٥)و لەزمانی ئینگلیزی لەساڵی (١٨٣٠) (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ زمانی ئینگلیزی– OED) خستوویەتە بەرچاو، بەڵام لەهەمان کاتدا لەزمانی ئیتاڵی هەر لەکاتی (فیکۆ) تا (لیوباردی) وشەی (Pavula) بەرکاهێنراوە.(١)

بەڵام لەزمانی عەرەبیدا زاراوەی ئەفسانە جێگای بیروڕای جیاوازی لێکۆڵەرەوان بووە، هەرچەندە من لەکتێبی (مسیۆلۆژیای کۆنی ئوردن) بیروڕایەکی تازەم خستۆتە ڕوو، بەوەی کە وشەی (ئوستۆرە) (ئەفسانە) لەخواوەندی عیراقی (عەشتار) یان (ئەستار) وەرگیراوەو گێڕانەوەکەی بۆ بنەمای جۆرێك لە حیکایەتە پیرۆزەکان گوزاراوەتەوەو لەوێوە (ئەستار)و (ئەساتیر)و (ئوستۆرە)ی پێکهێناوە، بەمجۆرە وشەی (star)ی ئینگلیزی پارێزگاری لەمانەوەی وشەی ناوبراو کردووە، چونکە (star–ئەستێرە)

## عەقڵی شیعری

بۆخۆی خودی (عەشتار) دەگەیەنێ، واتە ئەستێرەی زوهرە، هەروەها (story– چیرۆك)یش هەر لە ئەسڵی وشەی (عەشتار)ەوە وەرگیراوە، چونکە خودی ئوستۆرە– ئەفسانە– هەم چیرۆکەو هەم گێڕانەوە، هەروەها وشەی (مێژوو– History) چیرۆکە رووداو دەگرێتەوەو پێکهاتەی ئەویش ئاماژەیە بە عەشتاری نەمر.(٢)

ئەفسانە گێڕانەوەیەکی پیرۆزە، واتە گێڕانەوەیەکە لەبارەی خواوەندەوە دەدوێ، بەمجۆرە مێژووییەکی پیرۆزی بۆخۆی تۆمار کردووە، خواوەندیش، یان ئەو زەمەنە پیرۆزەی کە گێڕانەوەی خواوەندەکانی تیا بەرجەستە کراوە، وەك بنەمایەك بۆ ئەسڵەکان خۆی دەنوێنێ، هەروەها وەك بینیمان ئەفسانە سەر بەسیستمێکی ئایینییە، نەك سیستەمی دنیایی، بەڵام شیعر سەر بەسیستەمێکی دنیاییە، سەرەڕای ئەوەی کە تەکنیکەکانی شیعر لەخودی ئەفسانە بەکارهێنراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەفسانە هەمیشە پڕ بووە لە پیرۆزی، لێرەوە شیعر لە ئەفسانە جیا دەبێتەوە.

## کارفرمانەکانی شیعرو ئەفسانە

دەشێ کارفرمانی (وەزیفەی) هەریەك لە شیعرو ئەفسانە لەبواری جیاوازدا کۆ بکەینەوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی ورد جیاوازی نێوانیان بخەینە بەرچاو، ئەوانەی دراسەی ئەفسانە دەکەن کۆمەڵێك کارفرمایان بۆ ئەفسانە ڕێز کردووە، وەك چۆن رەخنەگرو لێکۆڵەرەوانی شیعریش بەم کارە هەڵساون، ئێمە لەنێوان ئەو کارفرمایانەدا بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆشنایی بخەینە سەر کاری ئەفسانەو شیعر چوار وەزیفە دەخەینە ڕوو:-

### ١- کارفرمانی کۆمەڵایەتی:

ئەفسانە لەمیانی ناوەندێکی کۆمەڵایەتی هاتۆتە ئاراوە، لەماوەکانی لەدایکبوون، تەلقینو زەواجو مردن رۆڵی دیاریکراوی خۆی گێڕاوە، بزاڤە کۆمەڵایەتییە ناوبراوەکانی بەخودی خواوەند گەیاندووە، هەورەها نموونەی پیرۆزی خستۆتە سەریان، بەمجۆرە ئەفسانە لەمانایەك لەماناکانیدا هەر تەنیا تاکە شێوازێکی فۆرمەلەکردنی ئاخافتن نییە، بەڵکو شێوەیەکە بۆ کارکردن: واتە وەك چەمك ئەگەر لەگەڵ ئەوەی کە لە فۆرمەلەکردن هاوەڵی دەکات پێوانەی

بکەین، دەبینین بەشێوەیەکی نادیار ئاماژە بەبزاڤێکی دیاریکراو دەکات، راڤەکردن کەمتر لەخۆ دەگرێ.(٣)

لێرەدا ئەفسانە بەتەقسەوە دەلکێ، نووسینەوەی ئەفسانە دەلالەت لەپارێزگاری کردنی خودی ئەفسانە ناکات، چونکە بنەماو خودی ئەفسانە ئەوەیە کە لەمیانی تەقسدا جێبەجێ دەبێ، بەلاّم شیعر بەهۆی نەبوونی پەردە پیرۆزەکەوە جۆرێکی دیکە دەکەوێتەوە، یان بەمانایەکی دیکە بەو شێوەیەی ئەفسانە یەکلا ناکرێتەوە، چونکە شیعر یەکەم وەك ئەفسانە سەربەخۆ نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ تەعبیرکردن، تەعبیر کردن لەئایینو ئەفسونو ئەفسانەو مێژووو یاساو....هتد. دواجار شیعر وەك شێوەیەك لەشێوەکانی تەعبیرکردنی ئایینیو دنیایی بەرجەستە بووە، تا ئەو رادەیەی کە پیرۆزیو پیسی تیادا تێکەڵ بەیەك دەبێ، یان لەشیعر جیاوازییان نییە، چ لە تەنیشت یەکدا بن، یان لەیەك دوور بن.

شیعر لەسەر مرۆڤ دامەزراوە، ئەفسانە لەسەر خواوەند، شیعر هاوەڵی سەماو کشتوکاڵو دروێنەو راوکردن دەکات، هانی چالاکیو شارەزاییەکانی مرۆڤ دەدات، شیعر جوانی ناوەوەی مرۆڤ بەرفرەوانتر دەکات، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ کارکردنو بەهێزبوونو بەپیت بوون، شیعر لەساتەوەختی لاوازی مرۆڤ، لەگریانو لالانەوەو

## عەقڵی شیعری

پەژارەکانیدا ئامادەیە، شیعر تەعبیر لەمرۆڤ دەکات، بەڵام ئەفسانە تەعبیر لەخواوەند دەکات، خودی ئەوەش جیاوازییە گەورەکەی نێوان شیعرو ئەفسانە دەگەیەنێ.

پێش ئەوەی نووسین دابهێنرێ، زمانی ئیقاع، یان کێشدار هەمیشە بە جۆرێك لەجۆرەکان مۆسیقای سەرەتایی هاوەڵی بووە. شیعر بەراستی دەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە مۆسیقا لەیەك کاتدا لەگەڵ مۆسیقای سەرەتایی لەدایك بووە. ئیقاعی جەستە بەشێوەیەکی ئاماژەئامێز، بەوشەی دەربڕاو، هاتو هاواری دوور لەمانا، دەنگگەلی دروستکراو، تەعبیر لە شیعر دەکات، ئیقاعی جەستە باوکی هاوبەشی سەماو شیعرو مۆسیقایە.(٤) ئەوەش لەدوای ئاستی کارفرما کۆمەڵایەتییەکانەوە دێ، ئەگەر شیعر مرۆڤ بە سێنتەری خۆی دابنێ، ئەوە لە ئەفسانە خواوەند دەبێتە سێنتەر، لەبەرئەوەی مرۆڤ لەدیدی ئایینییدا گوناهبارە ئیتر بەئەفسانە دەگوترێ دەقی پیرۆزو بەشیعر دەگوترێ پیس، بەڵام لەدیدی دنیاییەوە ئەفسانەو شیعر دوو دەقن لەپیرۆزیو پیسی خاڵیین، ئەفسانە تەعبیر لەترسی مرۆڤ دەکات، شیعر تەعبیر لەئازایەتی مرۆڤ دەکات.

## ٢– کارفرمانی دەروونی:

هەریەك لە (فرۆید)و (یونگ) بەشدارییان لەتێگەیشتنی تایبەت بەکارفرمای دەروونی کردووەو وەك دەزانین غەریزە ئەوەی کە فرۆید قسەی لێکردووە لەرێگەی چەپانەوە مرۆڤ بەشارستانییەت دەگەینێ، بەڵام چەشنە سەرەتاییەکان (الانماط البدائية–Archtypes) لەرێگەی بەرزکردنەوەوە مرۆڤ بەشارستانیەت دەگەینێ.

غەریزەو چەشنە سەرەتاییەکان لەناوەوەی دەریای نەستی کۆی مرۆڤ هەروەك کانی هەڵقوڵاون، هەر تەنها لەرێگەی خەون و ئەفسانەوە لە دەروون دادەبڕێن. بەپێی ئەو وێناکردنە ئەفسانە تەعبیر لەبەرجەستەکردنی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، یان هەناسەدانێکی دەرەکیانەی غەریزەو چەشنە سەرەتاییەکانە کە غەرقی ناوەوەی مرۆڤە. لەهەمان کاتیشدا بەهۆی راستبێژی ناوەوەو قوڵاییەکان نوێنەرایەتی رابوونەوەی تاك و کۆ دەکات.

(کلۆد لیڤی ستراوس) لەرێگەی راڤەکردنی ئەفسانەوە بۆ ئێمەی سەلماند کە خودی ئەفسانە کلیلی عەقڵ پێکدەهێنێ. ئەوەش لەرێگەی پەیوەندییە جەبریەو ئەندازەییە رێك و پێکەکانی نێو ئەفسانەگەلی مرۆییەوە دێتە بەرهەم.

## عەقڵی شیعری

ئەو تیۆرە جیهانییەی ئەفسانەو جیاوازییە کارفرمانی ئەفسانە کە ستراوس کاریگەرییان لەفۆرمیولاکردنە رووتەکان زۆرتریێ، لەپشت ئەوەشەوە تیۆرێك خۆی حەشار داوە کە دەڵێ ئەفسانە لەپەیام پێکهاتووە جا بۆ ئەوەی ماناکانی ناوەوەی کەشف بکەین دەبێ کۆدێك هەبێ رەمزەکانی بکاتەوە.(٥)

بێگومان شیعر بەزنجیرەیەکی گەورەی پێکهاتەی دەروونی تاك بەستراوەتەوەو وەزیفەی دەروونی خۆی هەیە، بەڵام وەك پێویست ئەو رێچکەیە ناگرێتە بەر کە ئەفسانە دەیگرێتە بەر، لەسەر ئاستی دەروونی ئەفسانە نائاگایی لێدەرژێ، بەڵام شیعر مەبەستێکی ئاگایانەیە دەروون‌و بارگە دەروونییەکان هەڵیدەدەن، رەنگە لەشیعردا چەپێنراوە غەریزە ئامێزەکان‌و چەشنە سەرەتاییەکان برژێن، بەڵام نەك هەتا کۆتایی، بۆیە دەقی شیعری ناشێ سەر بۆراڤەکردنی بونیادگەرییانەو ئەوانەی لەو دەچن دابنوێنێ، بەڵام ئەوەی ستراوس لەسەر ئەفسانە بەدەستی هێناوە کلیلی بونیادگەری عەقڵە.

هەروەها ئەو کۆششەی (مۆد بۆدکین) لەکتێبەکەی (نموونەی بەرزی شیعر) پێشکەشی کردووە، دۆزینەوەیەکە لەبارەی چەشنە سەرەتاییەکانەوە. کە (یۆنگ) لەو بارەوە فیکرەیەکی مەعقولمان بۆ کلیلی دەروونی شیعر

پێدەبەخشێ. ئەو چەشنە سەرەتاییانەی کە (بۆدکین) کەشفی کردوون بۆ نموونە (گرێی ئۆدیب) (لەدایکبوونی نوێ) (بەهەشتو ئاگر) (ئەنیما) (شەیتانو پاڵەوانو خواوەند.....هتد).

لەراستیدا هەموو ئەو چەشنە سەرەتاییانە لەشیعردا بەرجەستەن، بەهەمان شێوەش بنەڕەتی ئەفسانەن، بەو مانایەش دەشێ شیعر هەموو ئەو چەشنانە لەخۆ بگرێ، بێ ئەوەی بەگشتی کۆمەکیان بکات، کارفرمای هاوبەشی نێوان ئەفسانەو شیعر چەسپاوە، بەلاّم شیعر پانتاییەکی بەرفرەوانتر لەئەفسانە دادەپۆشێ، هەروەها جێکەوتی پێکهاتە دەروونییەکانی شیعرو ئەفسانە لێکجیان، (ئەرستۆ تالیس) شاعیر بەسایکۆلۆژی بەهرەدار ناو دەبات، بەلاّم (ئەفلاتون) پێش ئەو وای دەبینێ کە شاعیر شێتێکی بەهرەدارە، کتێبی (ئەرستۆ) (بۆتیکا)یان بەمانایەك لەماناکان (هونەری شیعر) بۆ خۆی بەرپەچدانەوەی ئەو هەڵە شیعرییانەیە کە ئەفلاتون لەکۆمارەکەیدا تێیکەوتووە، کاتێك دەڵێ شیعر سۆز پەروەردە دەکات، بۆیە بەنسبەت کۆمەڵگا زیان بەخش دەکەوێتەوە، هەروەها (ئەرستۆ تالیس) بەتیۆرە سایکۆلۆژییە پتەوەکەی (پاککردنەوە) ئەوە دەخاتە رووك کە شیعر سۆزی بەزەیيو ترس لەشێوەی رەمزدا دەوروژێنێ، ئەوەش دەشێ رێك بخرێ،

پاشان پاك بكرێتەوە، بۆتیكاش هەر تەنیا دەقێكە لە توێی سایكۆلۆژیای هونەردا.(٦)

### ٣- كارفرمانی ئایینی:

هەتا ئێستاش ئەفسانە دەكەوێتە میانی سیستەمی ئایینییەوە، بەڵام پێشكەوتنە مێژووییەكان كۆمەڵێ بەرهەمی نوێمان بەسەردا دەسەپێنن، كە رەنگە لەكارفرمای ئایینییدا وەك كلیلی نێوان ئەفسانەو شیعر بكەونەوە، لەمیانی ئەو بەرهەمهێنانە نوێیەشدا ئەفسانە وەك بەشێكی زیندووی سیستەمی ئایینی تەماشا دەكرێ، بەڵام كاتێك ئەو ئایینە ون دەبێ، ئیتر ئەفسانە بەنسبەت ئەو ئایینانەی كە دواتر دێن دەبێتە دەقێكی ئەدەبی، لەسەر ئاستی ئەو ئایینەی دواتر ئەو كاریگەرییەی پێشوو لەدەست دەداتو بۆ فۆلكلۆری شەعبی دەگۆڕێو لەوێشەوە بەو گەلەوە دەلكێ كە بەرهەمی هێناوە، لەلایەكی دیكەش هەر دەقی ئەدەبی نییە، بەڵكو بەدیاریكراوی دەبێتە دەقێكی شیعری، ئەوەش وا دەگەیەنێ كاتێ ئەفسانە دەبێ بەشیعر ئیتر پایە پیرۆزەكانی لەدەست دەدات، بەڵام شیعری نووسراو بەتەكنیكەكانی گێڕانەوە درامی ئامێزەكەیەوە، نەك

## عەقڵی شیعری

تەکنیکە شیعرییەکە (واتە کاتێ ئەفسانە دەبێ بەشیعر ئەوە هەڵگری تەکنیکەکانی گێڕانەوەی دراماتامێزەکەیە).

ئەفسانە بەشێکە لەئایین، بەڵام ئەگەر ئەوئایینە ئەکتیڤ بێو وجودی هەبێ، لەکاتی ونبوونی ئەو ئایینەشدا ئیتر دەبێتە بەشێك لەئەدەب، یان کاتێك ئەو ئایینە لەگەڵ ئێمەدا تەماسی نامێنێ، ئیتر دەبێتە بەشێك لەئەدەب، ئەوەش ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە جەوهەری پیرۆز لەئاییندا ئەفسانە دەخاتە پایە بەرزەکەیەوە، (جۆزیف کامیل) ڕێگەیەکی دیکە خۆش دەکاو دەڵێ (ئەفسانە زمانێکی میتافیزیکی وێنەکراوە) یان (میرسیا ئیلیاد) کاتێ دەڵێ (کارفرمای سەرەکی ئەفسانە لە کەشف کردندایە، ئەوەش دەبێتە نموونە بۆ هەموو تەقسێکی مرۆیی‌و هەموو بزاڤێکی مرۆییانە) ئەگەرچی ئەو بانگەشانە روونو ئاشکرا نین، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ بانگەشەی ئەو نهێنییانە درك پێ بکات. وشەی کەشفکردن ئاماژەکردنە بە دەسەڵاتو میتافیزیکا، ئەو وشەیە لەهەندێك مەسەلەی رەها خۆی نزیك دەکاتەوە.(٧)

ئەوەش راستەوخۆ ئەوەمان دەخاتە بیر کە بەڕاستی ئەفسانە ئایینی مرۆڤایەتییە، نەك خەیاڵدانی مرۆڤایەتی، وەك (ولیم بلیك) دەڵێ ئەوەش پەیوەندی خەیاڵدانو شیعرمان دەخاتە بەردەمو پانتاییەکی بەرفرەوان بۆ

## عەقڵی شیعری

گفتوگۆکردنی ئایین لەدەرەوەی ئایین ڕێك دەخات، یەکەمجار شیعر ئینجا خەیاڵدان ئینجا ئەفسانە لەدایەنە بنەڕەتییەکانی ئایین دەژمێردرێن.

ئەفسانە بۆ بیروباوەڕی ئایینی ئایدیۆلۆژیا دادەمەزرێنێ، هەروەها کردەش بۆ تەقسی ئایینی دەسازێنێ، لەمیانی سیستەمی ئایینییدا ئەفسانە لەدایکبوونی سەرەکی ئەو دوو بوارە هاوبەشەیە، بەلاّم شیعر بۆ هیچ بیروباوەڕێك نابێتە دروستکەری ئایدیۆلۆژیا، هەروەك ناشبێتە دامەزرێنەری تەقسی شیعری، لێرەدا زێتر مەبەستم لەشیعری تازەیە، نەك کۆن.

کەواتە ئەفسانە ئایینی کۆنی لەسەر دامەزراوەو لەڕێگەی چیرۆكو گێڕانەوەدا پارێزگاری لێکردووە، بەلاّم ئەمڕۆ شیعر ئایین بەمانا کۆنەکەی دانامەزرێنێ ئەگەرچی دەشێ بۆ ئایینی نوێ کۆڵەکەی زەوی بێ، نەك ئاسمان، مرۆڤ بێ، نەك خواوەند.

بەمجۆرە شیعر پێش ئەفسانە دەکەوێ، ئەگەر بەرووە دنیاییەکەی سەیری بکەینو پلێتەی ئایدیۆلۆژیای لێبکەینەوە دەبینین شیعر بەشێکە لە ئەفسانەو ئایین.

## ٤– کارفرمای رەمزی:

دەشێ لەگەڵ (کاسێرەر) بەرەو ئەوە بچینو بڵێین کە ئەفسانە بونیادێکی رەمزییەو لەسەر خودی خۆی چەسپاوە، ئەفسانە ناوەندیاری مامەڵەکردنی نێوان خەڵکە، هاوسەنگی ناوەوەو پەیوەندی نێوان خودو سیستەمی کۆمەڵایەتی لەسەر چەسپاوە، بەڵام رەنگە بەبێ پشکنینی توانا وەزیفییە وردەکان ئەو تێگەیشتنە هەم شپرزە بکەوێتەوە، هەم قبووڵ نەکرێ، دەشێ ئەفسانە بۆ ئێمە وەك کۆمەڵێك بونیادو مۆدیلاتی ئامادە خۆی بنوێنێ، بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەفسانەکان بوونەتە کۆمەڵێك فۆرمی رەمزئامێز، بەمجۆرەش وەك تەرەفی سێیەم بۆ لێکحاڵی بوونو سەوداگەری نێوان دوو کەس ملکەچی دەستاودەست دەبێ. واتە ئەفسانە بۆ جۆرێك لەدراو گۆڕاوە، بەرەو بەرژەوەندی نهێنی خەڵکیو بەتاڵکردنەوەی بزاڤە رۆحییەکان دەچێ، ئەوەش کاتێ راست دەکەوێتەوە کە ئەفسانە دەبێتە شوێنی دەستاودەست پێکردن، لێرەدا ئەفسانە نەمردووەو بەڵکو زیندووە دەبێتە بەشێك لەئامانجی زیندووی کۆمەڵانی خەڵکی زیندوو، لێرەدا دەشێ ئەفسانە نەخشەی کۆمەڵێك بازنەی پیرۆز بکێشێ لەوێنەی پەرستراوی جەماوەریو ریسوابوونی سیاسیو ئەوستێرەی وەرزشی بیانخاتە سەر شەقام.

## عەقڵی شیعری

کەواتە ئەفسانە لەهەموو بارەکاندا رۆڵی دراو دەگێڕێ، دەشێ لەنێوان خەڵکی دەستاودەستی پێبکرێ، بەو مانایە ئەرزشی ئەفسانە خۆی لەدەستاودەست پێکردن‌و گێڕانەوەو هەناسەدان هەڵدەگرێتەوە.

بەلاّم (تازەگەری) شیعری بۆ فۆرمێکی رەمز گۆڕی، چونکە پێشتر نەدەشیا شیعر رەمزی بکەوێتەوە، تەنها لە مانا سادەکەی خۆرهەلاّتەوە نەبێ، کە (هیگل) لەبەرەو پێشچوونی رۆح، یان ئاگایی ئاماژەی بۆ کردووە، بەلاّم تازەگەری بەهۆی داکەوتنی ئەفسون ئامێزەکەیەوە ئیبداعی بەرەو فۆرمێکی رەمزی گۆڕی، هەموو ئەو شەپۆلاّنەی لەپێش تازەگەری بەدەرکەوتن، یان کلاسیکی، یان رۆمانسی پڕاوپڕ بوون، لەکلاسیکیدا بابەت بنەڕەت بوو، بەلاّم لەرۆمانسیدا خود بووە بنەڕەت، ازەگەری لایەنی سێیەمی لەو هاوکێشەیە دۆزییەوە، کاری هونەری لەخودی خۆی بەسەربەخۆ دانا، ئەوەش بابەت‌و خود بەیەکەوە لەرێگەی سەربەخۆی رەمزی دادەپۆشێ.

شیعر نووسراوێکی رەمزئامێزە، بەلاّم شێوازێکی رەمزی نییە، چونکە مل بۆ چەشنکارییەکی فۆرمئامێز شۆڕ ناکات، هەروەك ئەفسانە بەسەر گۆڕانکارییەکاندا خۆی دەکاتەوەو شاعیرو شێوازو شیعرو سەردەم...هتد پیایدا گوزەر دەکات.

## عەقڵی شیعری

بەڵام دەقی شیعری سەر بۆ دەستاودەستکردنی کۆمەڵایەتی شۆڕ ناکات بەو مانایەی کە ئەفسانە خۆی تیا دەدۆزێتەوە، ئەگەرچی ئەوەش بەگشتی رێگا لەجێبەجێکردنی وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی ناگرێ، بەڵام بەمانایەکی دیکە بەتەواوی لەگەڵ وەزیفە رەمزییە ئەفسانەییەکان جیاواز دەکەوێتەوە.

هەموو ئەوانەش پێشانمان دەدەن کە وەزیفەی ئەفسانەو شیعر بەیەک دەگەنو لەیەکیش جیادەبنەوە، ئەوەش پەیوەندی بەجیاوازی هەردووکیانەوە هەیە، لەهەندێ شوێندا دەبینین لەیەک دەچن، کەچی لەشوێنی دیکەدا لەگەڵ یەك جیاواز دەکەونەوە.

## پەراوێزەکان

١– رايتر، وليم: الاسطورة والادب، ترجمة صبار سعدونو مراجعة الدكتور سلمان داود الوسطى. سلسلة المائة كتاب الثانية، وزارة الثقافة والاعلام دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٩٢، ص٢٣–٢٤.

٢– الماجدى خزعل: ميثولوجيا الاردن القديم، منشورات وزارة السياحة والاثار، عمان، ١٩٩٧، ص٢٩–٣١.

٣– رايتر، وليم: المرجع السابق، ص٣٣.

٤– كلوديل، كريستوفر: الوهم والواقع (دراسة في منابع الشعر)، ترجمة: توفيق الاسعدي، دار الفارابي، بيروت، ١٩٨٢، ص٣٩.

٥– رايتر، وليم: المرجع السابق، ص٣٩.

٦– هايمن، ستانلي، النقد الادبي و دراسة الحديثة، الجزء الاول، ترجمة: الدكتور احسان عباس والدكتور محمد يوسف نجم، دار الثقافة، بيروت، ١٩٥٨، ص٢٥٩.

٧– رايتر، وليم: المرجع السابق، ص٤٠.

**سەرچاوە:**

العقل الشعرى الكتاب الاول، خزعل الماجدى، الطبعة الاولى–بغداد ٢٠٠٤، ص٢٣٢–٢٤٢. كراوە بەکوردی.

## مەرگی تازەگەریی

ئەم مانیڤێستە لەسەری نییە تەقە لە تازەگەری خۆرئاوایی، یان عەرەبی (لەگەڵ جیاوازی گەورەی نێوانیان) بکات، بەڵکو مەبەستی سەرەکی چاوپێداخشانەوەیەکی رەخنەیانەی خودی تازەگەرییە وەك مەسەلەیەکی شیعری، مەسەلەیەك کە تاکو ئێستا بەجیدی سەرقاڵی کردووین، وەك چۆن هەموو نەوەیەكو شاعیرێکی نوێخوازیشی سەرقاڵکردووە. لەدووتوێی ئەو چاو پێداخشانەوە دەمانەوێت دەستنیشانی ئەو گیروگرفتو کۆتو بەندو نەخۆشیانە بکەین کە ئایدیۆلۆژیای تازەگەری دەیخاتەوە، وەك چۆن لەوێشەوە بەرامبەر ئازادییەکانی شاعیر دەوەستێو ئاسۆی پانتایەکانی کورت دەکاتەوە، ئەگەر شتێکیش بە پێی پێوانەی ئەوو لەو ماوەیە، یان ماوەیەکی دیکەدا تازە نەبێ، ئەوە تازەگەریی، وەك سێنتەر سەرکوتی دەکات(واتە تازەگەریی وەك سێنتەر سەرکوتی هەموو ئەو رێبازو شێوازانە دەکات کە دەکەوێتە دەرەوەی پێوانەکانیەوە—و: کوردی). ئەوەی سەیر دەکەوێتە ئەوەیە

## عەقڵی شیعری

كە بۆ خۆی تازەگەریی وەك دێوێكی گەورە دەتوانێ هەموو ناودژەكان لە خۆ بگرێت، كە بزاڤێكیش رەتدەكاتەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەو بزاڤە لەیەكەمین دەركەوتنی نوێ نەبووە، بە دیوەكەی دیكەش ئەگەر هەر خودی ئەو بزاڤە دان بە وجودی ئەو دابنێ‌و تەعبیر لە پێداویستیەكانی كات‌و سەردەمی ئەو بكات، ئەو كاتە نەك هەر لە خۆی دەگرێ، بەڵكو بەرگریشی لێ دەكات. ئێمە لەبەرامبەر تازەگەری‌و ئەو بلدۆزەرە گەورەیە كە تەڕو وشك لە زەوییەكەماندا بەیەكەوە هەڵدەكێشێ پاسیڤ‌و تەمبەلین، سەرسام بوونمان بەرامبەر ئەو جەبەروت‌و دێوە وامان لێدەكات كە رۆژێك لە رۆژان ئەو دێوە عەقڵ‌و رۆحمان وەك نێچیرێك پارچە پارچە بكات، بۆیە من نیازمە بۆ ماوەیەكی مەعقول خۆمان وەك چاودێری تازەگەری دابنێین، تا لەوێوە گیروگرفت‌و غەریزە‌و نەخۆشیەكانی بە چاوی خۆمان ببینین.... من هەوڵدەدەم بەم رۆڵە هەڵسم، ئەوەی دەشیبینم لە سێنتەری تازەگەری‌و لەو ماوە مەعقولەدا بە ئێوەی نیشان بدەم. (ئێمە تەمەنێكی درێژمان بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەی تازەگەری‌و بەرگریكردن لەم پرۆژەیە خەرج كردووە) بۆیە ناتوانین یەكجاریش نكوڵی لە لایەنە پۆزەتیڤەكانی بكەین. واتە ئەو لایەنانەی كە شیعری نوێی بەرهەمهێناوە، شیعرێك كە لەگەڵ كۆندا جیاوازە،

بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین(ئەگەر بابەتەکەو وا بخوازێت)خۆمان لە رۆڵی سێنتەرالیزم بێدەنگ بکەین، سێتنەرالیزمێك کە ممارەسەی تازەگەری دەکات، بە دیوەکەی دیکەش بە شێوەیەکی نوێ قوتابیو موریدانی تازەگەری نوێترین زیان بەشیعرو ئەدەب دەگەیەنن.

## تازەگەریی خۆرئاواییو تازەگەری عەرەبی

ئەوەی کە لەم مانیڤێستە لە بارەی تازەگەرییەوە دەگوترێت، وەك فیکرەو چەمك ناکەوێتەوە، بەڵکو ئەو مانیڤێستە دەیەوێت قسە لە دامەزراوێکی دیکتاتۆری سێنترالیزم بکات کە کۆمەڵێك پێوانەو نموونەی تایبەت بەخۆی هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە مانیڤێستیێکی وا لەسەری نییە گێڕانەوەیەکی مێژووی بۆ دەرکەوتەی تازەگەری خۆرئاوایی. یان عەرەبی بکات (لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی زۆر لەم بارەیەوە لەبەردەستدا هەن) بۆیە ئێمە تەنها زاراوەو هەرێمە مێژووییەکەی دیاری دەکەین، هەروەها بەشێوەیەکی خێراش دەیخەینە بەرچاو، دەشێ تازەگەری وەك فیکرە سەر بە دوورترین مێژووی ئەدەبیو شیعری بێ، چونکە بەردەوام تازەگەری خۆی لە هەموو شتێکی نوێدا دەبینێتەوە، هەر لەشیعری سۆمەریو میصری کۆنەوە شیعرو ئەدەب بەردەوام لە نوێبوونەوەو

بەرەو پێشچوندایە. ئەوەی وەك فیكریش نوێیە بە مۆدێرن (modern)ناوزەد كراوە، تازەگەریش وەك خولیا بە مۆدێرنێتە(modernity)ناو دەبرێت، هەردووكیشیان لە شوێنی جیاوازدا بە مۆدێرنیزم(modernism)ناو دەبرێن، واتە تازەگەری وەك دامەزراوو قوتابخانە بڕوا هێنانە بە نوێبوونەوە.

شیعری نوێ، یان تازە(مۆدێرن)لەسەردەمە كۆنەكاندا بەشێوەیەكی رەمەكی دەركەوتووە، یان وەك مەبەست، بەلأم بێ ئەوەی رێكبخرێت(modernity)ئەوەش لە بڕوا هێنانێكی تیۆری دیاریكراوەوە ممارەسە دەكرێتو دەكەوێتە سەر حەقیقەتی شیعرو جەوهەری شیعرو فرە ئازادی شاعیرەوە. بەلأم تازەگەری(مۆدێرنیزم)بە دیاریكراوی وەك دامەزراوێكی كەلتوریو فیكری هەموو ئەو گۆتارو كاتیگۆرو تابلۆو تابوو مانیڤێستانە دەگرێتەوە كە لە كۆتایی سەدەی نۆزدەوە هەتا ئەمرۆ بەرچاو دەكەون، هەروەها مۆدێرنیزم وەك دامەزراوێكی مەزنی كەلتوریو ئەدەبیو شیعری، سەدەی بیستەمی بە تەواوی كۆنترۆڵ كرد.

زاراوەی تازەگەری (مۆدێرنیزم) لە سیستەمێكی زاراوەی فەرعی سەرەتایی، یان مەركەزی، یان وەك كە لەخوارەوە ریزی دەكەین پێكهاتووە:

## عەقڵی شیعری

١-**پێش تازەگەری**premodernism :مەبەستیش لەو بزاڤانەیە، کە بەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەو دواتریش لانەی تازەگەری بوون، زاراوەی(تازەگەری سەرەتا- proto modernism)یان(تازەگەری بەرایی- moderism paleo) یان پێ دەگوت.

٢-**بزاڤی تازەگەری** modernism : سیتەمێکی فیکریو کەلتوورییە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو لەگەڵ دەرکەوتنی بزاڤی ڕەمزی گەلاڵە بوو، پاشان لەگەڵ دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەم بلاو بۆوە، کۆمەڵێك بزاڤی دیکەشی گرتە خۆ، کە لەگەڵیدا یەکیان نەدەگرتەوە، هەندێك لەوانیش وەك شۆڕش بەسەر ئەویدیکەدا بەرپابوون، لەو بزاڤانەش: بزاڤی ئینتباعی pressinism im و بزاڤی میتا ئینتباعی و بزاڤی تەعبیری exmpressismو تەکعیبی cubismو داهاتوو خوازیی faterism و ڕەمزی sumbolismو تەسویریی imaginism و دادائی dabaismو سوریالیsurrealism. کەواتە لە سەدەی بیستەمدا ئەدەب و شیعر وازی لە ڕۆمانسیەت هێنا، کە وەك بزاڤێك دوای کلاسیکی نوێ هاتە ئاراوە، ڕۆمانسیەت لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا پەژموردە بوو، پاشان دەرکەوتنی تازەگەری بە دامەزراوو شارو بزاڤە جۆراوجۆرو نۆرمە تایبەتیەکانیەوە بەخێرایی دەستی بەسەر هەموو دامەزراوو قوتابخانە

نوێیەکاندا گرت، بزاڤی واقیعیەت کە بە دژی ئەو دەکەوتەوە خستیە ناوخۆیەوە، پاشان هەر لە دووتوێی خۆیدا بەخێوی کردو بە چەندان ناوی جیاجیای وەك واقیعیەتی نوێو واقیعیەتی سیحری خستیە ناو لیستەکەی خۆیەوە.

٣-**پاش تازەگەریی post-modernism**: مەبەست لە تازگەریی نوێیە، کە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی ١٩٤٥ لە پاش بەرهەمی رەخنەگران لەتازەگەرییەوە هاتە ئاراوە، هەروەها بەناوی دیکەی وەك (تازەگەری نوێ newmodernism)و (تازەگەریی دواخراوimodernism) کە تێکەڵەیەکە لە هونەرو دژە هونەر anti-art ناودەبرێت. هەروەها هونەری بەرێکەوتو ئەدەبی بێدەنگیش کە لەسەر نا مەعقولو بێ نەخشەییو گێڕانەوەی کۆمیدیانە(parody)وەستاوە دەکەوێتە دووتوێی ئەوەوە و(هنری میللەرو سامۆئیل بیکێت)دەگرێتەوە، لە فەرەنساش رۆمانی نوێ، لە ئەلمانیاو ولاَتە یەکگرتووەکان رۆمانی نا رۆمانو کابوسئامێزەکانو سێکسو تریاکی لەخۆ دەگرێت، بزاڤی پۆست مۆدێرنیزم زێتر خۆی لە هونەری تەشکیلیو بزاڤە تەعبیر ئامێزو تەجریدیو هونەری شەعبی popart و هونەری بەسەری apo-art و هونەری جولە ئامێزو دواجار سبریالی(suoer-realism)دا دەبینێتەوە.

## عەقڵی شیعری

هەموو ئەو بزاڤانەش فۆرمەلەکردنێکی نوێی شەپۆلەکانی تازەگەرییە، بەمجۆرە دەبینین کە تازەگەریی بەسەرو قەدو چوار پەلیەوە دێوێکە بۆ خۆی، یان ئەژدیهایەکی ترسێنەری دەستکردو ماسیو باڵندەو ئاژەڵە جۆربەجۆرەکانیش لە دووتوێی ئەم جەستەیەدا هەوڵی ئازاد بوونی خۆیان دەدەن، واتە دەیانەوێت ئەو زیندانە تێکبشکێنن تاکو لەو مەرکەزو دیکتاتۆریەتەو چەوسێنەرە ئازاد بن، ئەو دەریایە لە دووتوێی بزاڤە ناودارەکانیەوە، شەپۆلان دەدا بۆ ئەوەی سیستەمی بڕواهێنانی هونەریو ئەدەبی پێش لە رابردوو بگرێت، وەك چۆن دەیەوێت کارە نوێیەکانی شیعریو ئەدەبیو هونەری بەشێوەیەك هەڵکۆڵێ کە هیچ پەیوەندیەکی بە رۆحی مرۆڤەوە نەمێنێ، بۆیە دەیخاتە قەفەزێکەوە کە لە ئیرادەی بیرۆکراتییەتەوە هەڵقوڵاوەو بە مەرکەزی تازەگەری ناوزەد دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بۆ خۆمان بەرجەستەی بکەین وەك ئەوە وایە کە لە مۆزەخانەیەکی فیزیایی، یان تەکنەلۆژی کەلتوری دابین.

ئێمە دەبێ بەوە بزانین کە هەموو ئەو سیستەمە مەزنانە وەك ئامێری گەورە گەورە لە خۆرئاواوە لە رێگەی خولۆکە وئامێرو بورغیو شریتو ساچمەکانیەوە بۆمان گوازراوەتەوە، رۆشنبیریی عەرەبی توانای نوێنەرایەتی

کردنی نییە جا چ هۆیەکەی بۆ کەم هۆشیاری ژیاری بگەڕێتەوە یان لەبەر ئاڵۆزی عەرەبی بێ، واتە بەهۆی سەرکوتکردنو دواکەوتنو هەژموونی ئایدیۆلۆژی سیاسیو ئایینی رابردوو، هەروەها ترسان لە نوێ بوونەوەو شیزۆفرینیا، دابڕانی ئامێر بێ لە سیستەمە فیکریو کۆمەڵایەتیەکانی ئەوانی دیکە.

ئەگەر درکمان بە هەموو ئەوانە کرد، ئەوسا شارەزایی ئەو تەلەزگە دوانییەی تازەگەری عەرەبیش دەبین، وەك چۆن لەخودی خۆرئاوا قەیرانو توندوتیژیو تێکشکانی تازەگەری هەیە، بەجۆرێکیش لە خاکی عەرەبیدا تێکشکان دەبینرێ. سەرەڕای ئەوەی تازەگەری لەکاتی خۆی وەك پێویستیەك لە پێداویستیەکان گەشەی کردووەو بەرهەمی پێشکەش کرد، بەڵام نەختە نەختە هەر لەسەر خاکەکەی خۆیدا خەوی لێکەوت، بەڵام مێژوویەك لە دەمەتەقێو وردەکاری بۆ خۆی هێنایە ئاراوە، کەچی ئەو ریشە وردەی درەختی تازەگەریی لای عەرەب وجودی نییە، بەڵکو زۆر ساکارانە رۆشنبیرو شاعیرە عەرەبەکان هەر لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی (واتە دوای دەرکەوتنی قۆناغی پۆست مۆدێرنیزم لە خۆرئاوادا هەوڵدەدەن دووبارە ئەو تازەگەریە فۆرمەلە بکەنەوە) یان لە شێوەی عەرەبیدا بەرهەمی بهێننەوە، ئەوەش بۆ خۆی دەکەوێتە بەرامبەر

## عەقڵی شیعری

کۆمەڵێك گیروگرفت (وەك لەمەودوا باسی دەکەین) خودی ئەو مەسەلەیەش لەسەر ئاستی شیعر بووە هۆی ئازادبوونی شیعری عەرەبی لەشێوەی ئەندازەییە ناسراوەکەی‌و دەرکەوتنی قەسیدەی تەفعیلی، پاشان ئازادبوونی شیعری عەرەبی لەوەزنە ناسراوەکەی‌و دەرکەوتنی قەسیدەی(پەخشان)هەموو ئەوانەش لەگەڵ خۆیاندا چەمکێکی دیکەیان بۆ شیعری هێنا ئاراوەو لەم بارەشەوە شیعر سودی لە تەکنیکی رەمزی‌و ئەفسانەیی‌و دەمامك‌و خوازەو.....هتد وەرگرت، هەموو ئەوانەش رەونەقێکی نوێیان بە شیعری عەرەبی بەخشی.

بەڵام تازەگەریی لای هەندێ لە کەم بەهرەکان چ وەك شێواز، یان رەوانبێژی. یان زمانەوانی‌و هونەری‌و رۆحی‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك گیروگرفتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە ناوەوە کە تاکو ئێستاش هەر وا ماوەتەوە، سەرەرای قەیرانە بنەڕەتییەکانی تازەگەری عەرەبی، واتە گیروگرفتی لێکجیابوونەوەی تازەگەریی‌و کۆمەڵگا.

بۆ نموونە شۆڕشی پیشەسازیی (کە تازەگەریی لە کەشی ئەودا گەشەی کردووە) دووسەدە دەبێ لەکۆمەڵگای خۆرئاوایی دەرکەوتووە، بەڵام تاکو ئێستا لە کۆمەڵگای عەرەبیدا دەرنەکەوتووە. وەك چۆن تازەگەریی عەرەبی هەتا ئێستاش بێ پاڵپشی فەلسەفی ماوەتەوە هیچ

## عەقڵی شیعری

بنەمایەکی تەکنەلۆژیو کۆمەلآیەتی پێشکەوتووی نییە، واتە وەك جەنگاوەرێك هاتۆتە نێو کۆمەڵگای عەرەبیەوە کە هەزاران کۆسپو تەگەرە چاوەروانی دەکات.

ئێمە وای دەبینین کە تازەگەری عەرەبی پارچەیەکە لە مێژووی خۆرئاوایی، وەك چۆن پارچەیەك لە ریشەیی فەلسەفی وکەشی تەکنەلۆژیو کۆمەلآیەتی خۆرئاوای وەرگرتووە، بەلآم ئەدەبو رەسمو شانۆ بە دیاریکراویش شیعر بەشێوەیەکی پراگماتیکی سودی لەو تازەگەرییە وەرگرتووە، گەرچی لەم بارەوە بەرهەمی نوێی خستۆتەوە، بەلآم بیّ ئەوەی بیر لەو قەیرانو گیرگرفتانە بکاتەوە کە لەشێوە وەرگرتنێکی ئاوا کەمو کوڕدا دێتە ناوەوە، ئەگەر بەمجۆرەش سەیری گیروگرفتەکانی تازەگەری خۆرئاوایو عەرەب بکەین، دوو جۆرە گیروگرفت بەرچاو دەکەوێت ، یەکەمیان بنەڕەتیو مەزن لەئاراستە ستراتیژییەکانی تازەگەری خۆرئاوایی بەرچاو دەکەوێتو وەك ئایدیۆلۆژیا تەبەنی دەکرێت، دووەمیان لاوەکیەو لەو وەهمانە دایە کە تازەگەری پروپاگەندەی بۆ دەکات.

## ئاراستە ستراتیژیەکانی تازەگەری خۆرئاوایی

هەوڵدەدەم ئاراستە ستراتیژیەکانی تازەگەری خۆرئاوایی کەشف بکەم، هەروەها توندوتیژیو زۆرداریە خۆرئاواییو عەرەبیو هەموو ئەو نۆرمو گیرگرفتە بەرچاوانەش کەشف بکەم کە دەوری ئەو ئاراستە ستراتیژەیان داوە:

١**-سێنترالیزم:** تازەگەری شوێنی مەرکەزی بۆ خۆی داناوە، دەتوانێ هەموو شەپۆلو بزاڤە هاوچەرخو نوێیەکانیش هەرس بکات، وەك چۆن دەشتوانێ بۆ زێتر دەست بەسەر داگرتنی ئەو مەرکەزە میکانیزمەکانی خۆی جۆراوجۆر بکات، لەلایەکی دیکەش دەتوانێ لە هەموو بزاڤێکی نوێدا ئەستێرە دابهێنێو لەو مەرکەزەدا بیشارێتەوە، یان بەدەوری خۆیدا بیخولێنێتەوە.... بەم جۆرە تازەگەری هەموو رەنگە لۆکاڵیو تەقلیدییەکان، یان کۆنەکان دەخاتە دەرەوەی خۆی، نەك هەر هێندەش بەڵکو دەیانهاڕێت. خودی ئەو مەرکەزیەتو دەمارگرییەی تازەگەری بەرەو ئایدیۆلۆژیایەك چوو کە هەرگیز رێگا بە دژەکانی نادات دەربکەون، بەڵکو بەردەوام بە داوکەوتوو، سنوردارو کوێر ناویان دەبات، هەر بەو مەبەستەشەوە لۆکاڵیەتو تایبەتمەندیەکانی ئێرەو ئەوێی هاڕی،کەدەکرا لە

## عەقڵی شیعری

ولاتی عەرەبیدا دارستانێك لە شیعری تایبەتو رەسەنی بەرهەم هێنابایە. بەمجۆرە مەرکەزیەتی تازەگەری پرۆسیسەی رۆڵیکی دیکاتۆریانەو دەمارگیرانە دەکات، بۆ ئەمەش ئایدیۆلۆژیایەکی فیکری بەرفراوانی سازاند کە زۆر گرانە لەشوێنی خۆی بیلەرزێنین، یان بە قەوارەیەکی مەعقول پرۆسیسەی بکەین. فیکرەی تازەگەری کە لە هەموو سەردەمێکدا بە شێوەیەکی رەمەکی دەرکەوتووە. لە ماوەی سەدەی بیستەمدا وەك دامەزراوێکی تۆتالیتاری مەرکەزی مەزن خۆی نواند. بەڵام ئەگەر بۆ نموونە رۆمانسیەت کە کلاسیکیەتو تازەگەری لێکجیاکردەوە سەیر بکەین دەبینین سەرەڕای تیۆریزە کردنەکانی کولیردجو وردوپو گەلێکی دیکە لە رەخنەگرانی رۆمانسی کەچی بۆ دامەزراوێکی ئایدیۆلۆژی نەگۆڕا، بەڵکو رۆمانسیەت هەروەك خولیایەکی کراوەی بێ کۆتو بەند بێ فشارو بێ مەرکەزییەت مایەوە. بەڵام خودی کلاسیکیەت(مەبەستم لە کلاسیکییەتی نوێیە لە هەردوو چەرخی ١٧و ١٨)وەك تازەگەری خۆی لە دامەزراوێکی مەرکەزی توندو فەلسەفەیەکی توند بە نوێنەرایەتی دیکارتو کانت نواند، وەك چۆن بۆ بەهێزکردنی مەرکەزیەتی کلاسیکی کۆمەڵێك دامەزراوی زانستیو سیاسیو کۆمەڵایەتی وەك شێوەیەکی رۆشنبیریی ئەو

فەترەیە بە دەرکەوتن، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆمانسیەت لە نێوان دوو دامەزراودا واتە کلاسیکیەتو تازەگەریدا خۆی وەک هەرێمی حەسانەوە دەنوێنێ، بە دیوەکەی دیکەش لە نێوان ئەو دووانە(واتە کلاسیکیەتو تازەگەری)جەنگێکی جادوییانە بەرپابوو، ئەو جەنگەش بۆ بە ئایدیۆلۆژیاکردنی هەردوو دامەزراو دەگەڕێتەوە، نەك ململانیەکی هونەری کراو.

٢– **تۆتالیتاریەت:** تازەگەری بەهۆی قوتابیو موریدەکانیەوە وەک دوا قوتابخانەو یەکێك لەو ڕێگایانەی کە لەرابردووی شیعری ماوەتەوە خۆی والآ دەکات، لە هەمان کاتیشدا بە دژی رابردوو دەکەوێتەوە، بەلآم لە راستیدا تازەگەری جگە لە ڕێبازو ڕێگایەکی نووسین شتێکی دیکە نییە،واتە دەشێ وەك ڕێبازو ڕێگای جۆراو جۆرو پلە پلە بکرێت. هەموو ئەوانەش تیۆری سوسیالیزمو ناونانە زۆرەکانی وەك (مارکسیەتو شیوعیەتو چەپرەوەییو....هتد)مان بیردەخاتەوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕێگای دەرکەوتنو پێشکەتنیان (لە ڕێگەی وەهمی تۆتالیتارییەت) کۆنترۆڵ کردبوو، ئەگەرچی تیۆری سۆسیالیزم بۆخۆی یەکێکە لە دەیان تیۆری فیکریو سیاسی کە مرۆڤ بەرهەمی هێناون، بەلآم هەر شێوەیەکی دیکە (شێوەی فیکریو سیاسی دیکە) بەرامبەر سوسیالیزم

دەربکەوتایە بە پاشماوەی بورژوازییەتو سەرمایەداری ناودەبرا، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەرکەوتنی مارکسیو تازەگەری لە هەمان کاتدا عوسابی بووە، واتە مارکسیەتیش لە کۆتایی سەدەی نۆزدە گەلاڵە بووە، ئەوەی کە جێگای سەرسورمانیشە ئەوەیە کە یەکەمجار لە دەوڵەتو شارێکی تازەی ئەلمانیا دەرکەوتووە.

کەواتە سەرەڕای ناکۆکی زۆری نێوانیان، کەچی تازەگەری شان بە شانی فیکری مارکسیو سوسیالیزمی بە گشتی خۆی لە دووتوێی تۆتالیتارییدا هەڵدەگرێتەوە، ریسواکردنی چەمکی تۆتالیتاریەتیش وەك پێویست بۆ هەردووکیان لەکەوتنی مەرکەزیەتو تۆتالیتاریەتی تازەگەری خۆی دەبینێتەوە، بە دیوەکەی دیکەش دانانیانە لە قەوارەی ئاسایی خۆیان.

**٣– دەستەبژێریەت:** تازەگەری بەردەوام دەستەیەکی بچوك لەداهێنەران هەڵدەبژێرێ کە وەك پێشرەوی رۆشنبیریی بەشدارییان لە گەشانەوەی کۆمەڵ کردووە، بەلاّم پرنسیپو میکانیزمو دەرکەوتە نا مەعقوڵو بێهودەو نە هێلسیتەکانی تازەگەری ئەو پێشرەوە وەك دەستەبژێری دەخاتە گۆشەگیریو پەراوێزەوە ئەم جۆرە مامەڵەکردنەش لەگەڵ هەموو شەپۆلە نوێیەکانی دیکە دووبارە دەکاتەوە، واتە ئەو هەوایەیان لێ دەبرێ کە

بەردەوام پێویستیان پێی هەیە، خودی ئەو جۆرە مامەڵە کردنەش وایان لێدەکات،کە لەسەر کێشییەکانیان پاشەگەز ببنەوە.

## وەهمەکانی تازەگەری

ئاراستە ستراتیژییەکانی تازگەری کۆمەڵێك ئەوهام لەگەڵ خۆیدا دێنێ، ئەو وەهمانەش دەبنە بەشێك لە ئایدیۆلۆژیای تازەگەری، لێرەدا وەهمەکانی تازەگەری لەو خاڵانەی خوارەوەدا دیاری دەکەین:

**١- وەهمی رووبەرووبوونەوەی رەها لەنێوان شیعری کۆن و نوێدا:**

تازەگەری وەهمێکی گەورەی خستۆتەوە بەوەی کە شیعری نوێ هەر دەبێ بە دژی کۆن بکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەبینین پرپەتی لەو شیعرە نوێیانەی کە بە هیچ جۆرێك ناتوانن سود لە شێوەی کۆن وەربگرن بەو ئیعتبارەی کۆن و بێ کەڵکن. بەبڕوای من لێرەدا تازەگەری کارێکی تاکلایانەی توندوتیژە بەرامبەر نەخشەی رەنگینی شێوەگەلی شیعری کە لەمەوپێش بەر لە پێنج هەزار ساڵ گەلو رۆحە رەمەکیەکان بەرهەمیان هێناوە، پرۆسیسە دەکات. نەك هەر هێندە، بەڵکو رێگا بە خۆی دەدا دارعەسایەك بێ لەهەموو جۆرەکانی شیعری کۆن

بدات..هەندێ جار ئەو دار عەسایە زۆر لە شاعیرە بێ بەهرەو نەزانەکان، ئەوانەی کە خاوەنی مەعریفەی ویژدانیو رۆحی نین بە کاری دەهێنن. بەمجۆرە تازەگەری رێگامان لێ دەگرێو نایەڵێ پەی بە هونەری شیعرو پەخشان بەرین، کە بەدرێژایی کات هاتۆتە ئاراوە وەك وەلاٌمێکی سروشتی رۆحی لەبەرامبەر مێژوو، زیندەگی کەوتۆتەوە، واتە بەهۆی کێش کردنی قەڵەمەکان تازەگەری داوامان لێ دەکات کە شیعری نوێ وەك نەیارێکی جۆرەکانی دیکەی شیعر دابنێین.

**٢– وەهمی پێشکەوتنی راست بۆ شیعر:**

ترسناکترین کارێك کە تازەگەری پێی هەڵدەسێ رووکاری کردنی تێگەیشتنمانە بۆ بەرەو پێشچوونی شیعر، هەروەها وامان دەخاتە خەیاڵ کە شیعر بە شێوەیەکی راست بەرەو پێشەوە دەچێ لەسەر ئەو رێگا راستەش کۆمەڵێك وێستگەی جۆراوجۆر دەبینرێ کە شیعرە نوێخوازەکان قسەی لێدەکەن، ئەو وەهمە ئەندازەیە ساکارەی بەرەو پێشچوونی شیعر وامان لێدەکات بروا بەرێگایەکی خێرابهێنین، تازەگەری هەموو پێشووی خۆی رەتدەکاتەوە، هەنگاو بەرەو پێشەوەدەنێ، بەشێوەیەکی تەمومژاوی بە پێشکەوتنو تازەگەری پەیوەستمان دەکات.... لە حەقیقەتی پێشکەوتنی شیعری غافڵمان

دەکات کە وەك بزاڤێکی بازنەی بەرەو باڵای سەردەکەویّو خالەکانی بازنەی باڵاو بازنەی خواروو (بازنەی نویّ لەگەڵ بازنەی کۆن) لەوێوە لە پێشبرکێیو تەریب بوونو کارلێکردنو وەرگرتنو تێکچرژان بەیەك دەگەن، هەر لەوێشەوە بازنە نویّو کۆنەکانی شیعریی بەتەواوی دەردەکەون. کەواتە تازەگەری پارچەیەکی توندوتیژی وەهمیەو هەوڵێکی کورتبینی وێناکردنی رۆحی شیعرییە، وەك رۆحێکی بیّ ریشە، ئەوەش هەڵەیەکی ترسناکە، کە رۆحی شیعری بیّ هێزو بڵاو دەکات.

**٣–وەهمی تەکنیکاری و ناردنی رەمەکییانە:**

تازەگەری لە بنەڕەتیدا رەنگدانەوەی گەشەی تەکنیکی مرۆڤو دەرکەوتنی کۆمەڵگای تەکنەلۆژیە، فیکرەی تەکنیکیو پیشەسازی شیعریو دەرکەوتنی میکانیزمە جۆر بە جۆرەکانی گواستنەوەی شیعری بۆ شوێنی دیکە تازەگەری کۆنترۆل کردووە.

شیعر لەلایەك لەلایەکانیەوە پێویستی بەمجۆرە تەکنیکاری پیشەسازیە هەیە، بەڵام چوونە ناو ئەو مەسەلانە وا دەکات کە تەکنیکاری وەك بنەڕەتێك بۆ قسە کردن لە تازەگەری بکەوێتەوە، بە دیوەکەی دیکەش سەرچاوە رەمەکیە نهێنییەکەی شیعر کە هۆی تەراوەتو جوانی تەلقائیەتو پەیوەستبوونە بە رۆحی مرۆڤی ئاسایی

چ بە مەبەستەوە بێ، یان بەبێ مەبەست ڕێگا لەم جۆرە قسەکردنە دەگرێت.

چونکە بەمجۆرەی سەرەوە شیعر دەبێتە یارییەکی تەکنیکاریو شێوازێکی ڕەوانبێژی، جەرەیانێکی هێمنو ڕژاوی جەوهەرەو ناخێکی دوور، ئەوەی کە نوێڵو مەکینەو سنارەی کانزایی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو ئەوەی کە لەقوڵایی ڕۆحی مرۆڤو تەقینەوەی ئەو ناخەوە بەشێوەیەکی ڕەمەکیانە لەبەرامبەر گەرمی ژیانو ئاگاییو جوانی هەڵدەقوڵێ، لەزۆربەی جارانیش ئەو هەڵقوڵانە بێ ئیرادە دەکەوێتەوە.

**٤–وەهمی فۆرمی زمانەوانی باڵاو تەمومژی مەبەستدا:**

زمان لەژێر سێبەری چەمکەکانی تازەگەری پەیوەندیەکی چێتری بە شیعرەوە نەکردووە، بەڵکو لەو مامەڵەیەدا کەوتۆتە بەرگری گەورەو هەڵاوساونی فۆرمی زمانەوانی، لەژێریشەوە هەموو جۆرەکانی دیکەی شیعری هاڕیووە.

بێگومان بەهێزکردنی زمانی شیعری کارێکە لەوپەڕی گرینگیدایە، بەڵام ئەو لایەنە دەبێ یەکسانو تەریبو هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی شیعری، بەڵام تازەگەری لەبەر ئەوەی وەك فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەی

## عەقڵی شیعری

پرۆسەی شیعریی زۆر جەخت لە زمان دەکات، بۆیە دەرفەتی هەڵاوسانی بە وەهمی زمان داوە، هەر لەژێر ئەو وەهمەشەوە هەموو فاکتەرەکانی دیکە وردوخاش دەکات.بۆیە شیعر لەزۆربەی دەقە تازەگەرییەکاندا تەنها وەك کارامەیەکی زمانەوانیو فۆرمێکی زمانەوانی دەستەڵاتدا دەردەکەوێت، ئەوەش توندوتیژی تەکنیکاریمان بیردەخاتەوە، کە توندوتیژیەکی عەقڵیەو لەسەر حیسابی رەمەکیەتو ساکاریو جوانیو رۆحی شیعر دەوەستێ.

### چارەسەری، مەرگی دامەزراوەکانی تازەگەرییە

ئێستا دوای ئەوەی میکانیزمە دەمارگیریەکانی تازەگەری (مەرکەزیەت، دەستە بژێری)مان دۆزییەوە، کە لەرێگەی مەرکەزیەتەوە کار بۆ وەلانانی کەنارو جیاوازیەکانی کەنار دەکات، هەروەها لەرێگەی تۆتالیتایەوە، رەنگێك بەهەموو رەنگەکان دەبەخشێ، هەروەها هەموو ئەو وەهمو وێناکردنە هەڵانەی کە جوانیو رەمەکیەتو تایبەتمەندی لۆکاڵی شیعری بەتاك شیعری جیهانی پەردەپۆش دەکات، باشە ئێستا چۆن دەتوانین ئەو هەموو زیانە گەورانەی کە لەپای تازەگەرییەوە هاتۆتە بەرهەم وێنا بکەین، رەنگە جیاوازییە ئەنترۆپۆلۆژیو جوگرافیو مێژووی فۆلکلۆرییەکانی نیشتمانی عەرەبی

## عەقڵی شیعری

بتوانێ ببێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆشیعری ریشەداریئەو شوێنە، بەڵام تازەگەری رێگای ئەو جیاوازییانە دەگرێتو هەر تەنها یەك شێوازی شیعری بەرجەستە دەکات، بەمجۆرە ئێمە دووجار تووشی دۆران دەبین، یەکەمجار لە نیشتمانی خۆمان، دووەمجار لەرۆژهەلآت.

هەروەها پێش ئێمەش خۆرئاوا تایبەتمەندیو رەنگەکانی خۆی دۆڕاندووە، بەڵام خۆرئاوا بەهۆی کارکردنی بەردەوامی میکانیزمی فیکریو فەلسەفیو زانستیو هونەرییەکانو بەهۆی بیریارانێك کە بەردەوام ئاگاداری هەڵەکانن دۆڕانیان بچوکتر خۆی دەنوێنێ. هەروەها بەهۆی پەیوەستبوونیان بە راشکاویو ئازادییەوە باشتر دەتوانن هەڵەی دامەزراوەکانی تازەگەری راست بکەنەوە، هەروەك دەتوانن سنور بۆ بیرۆکراتیەتو مەرکەزیەتی تازەگەری دابنێنن،یان ئەگەر بە تەواوی بێ سود بکەوێتەوە بەدیلی بۆ بدۆزنەوە، من لەو بڕوایە دام کە ئێستا خۆرئاوا لەدوا کاتەکانی ژیانیدایە، بەڵام گێروگرفتی گەورە ئەوەتا لای ئێمەیە، کە تەبەنی ئەو فیکرانە دەکەینو لەکۆمەڵگای خۆیو بارودۆخی خۆی دادەبرینو پاشان بە دەمارگیرییەکی عەشایری مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، لەبری ئەوەی کار بۆ بەرەو پێشبردنو کرانەوەی بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی ئازادی وجودی نییەو لەبەرئەوەی ناتوانین گفتوگۆ لەگەڵ ئەویدیکە دابمەزرێنینو پێشوازی لە

دژەکانمان بکەین، بۆیە ناتوانین ئەو فیکرانە ببوژێنینەوە، چونکە قبولکردنی ئەویدیکەو گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەویدیکە سەرچاوەی بوژاندنەوەیە، نەك دوژمنایەتی کردن. من دەمەوێت هۆشیاریتان بکەمەوە کە شیعر بۆ خۆی لە دەرەوەی هونەرەکانەوە توانایەکی گەورەی ئازادی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە، لەسەریشی پێویستە کە لە هەموو ئایدیۆلۆژیایەك خۆی ئازاد بکات، ئەگەر ئێمە لەسەر ئەوە کۆك بین کەشیعر نابێ ملکەچی هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی فیکریو سیاسیی بێ، نەك هەر هێندەش، بەڵکو پێویستە خۆی لە ئایدیۆلۆژیایەکی ئەدەبیو هونەریش ئازاد بکات، ئەگەر بڕواشمان بەوە هەبێ کە ئەمڕۆ تازەگەری وەك دامەزراوێکی ئایدیۆلۆژی تەگەرە دەخاتە بەر ئازادی شیعرییەوە، کەواتە چارەسەر چییە؟ ناشێ ئێمە بۆ تێکشکانی دامەزراوەکانی تازەگەری توندوتیژی بەکاربهێنین، چونکە ئەوە بەرەو کارەساتێکی نوێمان دەبات، چونکە ئەوە هەمان ئەو چەکەیە، کە تازەگەری بەدرێژایی بەکاری دەهێنا،بەڵام ئەوەی کە دەشێ بەشێوەیەکی وردو تۆکمە پێی هەڵسین گۆڕینی تازەگەریە لەدامەزراوەوە بۆ فیکر، واتە گەڕانەوە بۆ ئەوەی کە پێشتر لەسەری بوو، هەر تەنها بەمجۆرە دەتوانین ریشە بیرۆکراتیەتی تازەگەری هەڵبکێشین. ئەمجۆرە بەجێهێنانە (تەحویلکردن لە دامەزراوەوە بۆ فیکر) مشکەکان راوە دوو دەنێو بتەکان لە رەگەوە هەڵدەکێشێو شوێنە تاریکەکان

## عەقڵی شیعری

پاك دەكاتەوە لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە لەو پێستە ڕزگارمان دەكات كە تازەگەری لەسەر ئێمە پرۆسیسەی دەكرد.

نوێی ڕەنگە بەتازەیی نەبێ، بەڵكو بەجۆراوجۆر بوونە، بەرەنگی شێوازەكانو تایبەتمەندییە قوڵەكانەوە پەوەستە، كە لەژێر چینەكانی پێستمانەوە خۆی حەشاردوە. كلۆلی دامەزراوە تازەگەرییەكان لەوەوە دێ كە هەموو پەیوەستبوونێك بە كۆن، مێژوو دەخاتەوە دەرەوەی خۆی، ئەوە یەكێكە لە گەورەترین گیروگرفتەكانی تازەگەری، چونكە لەسەردەمەكەی خۆیدا كار بۆ بەرەنگاربوونەوەی كۆن ناكا، بەڵكو شتەكان تێكەڵ یەكتر دەكاتو تیری خۆی ئاراستەی هەموو شتێكی كۆن دەكات. واتە یەكێك لە قەیرانە گەورەكانی تازەگەری ئەوەیە كە هەموو شیعرێك كە لە كۆنەوە هاتبێ بە شیعری كۆنی دادەنێو هەر دەشبێ شۆڕشی بەسەردابكات، ئاگای لەوە نییە كە زۆر لەو كۆنانە هەتا ئێستا پارێزگاری لە گەرمیو جوانی هێزی خۆیان دەكەن، سەرەڕای بەسەرچونی كات، بەڵام پارێزگاری لەهەموو ئەوانە دەكەن، هەتا دوای لەناوچوونی تازەگەریش هەروەك خۆیان دەمێنێتەوە. تازەگەری ڕووبەڕووی زۆر لەشێوازو جۆرە تایبەتیەكانو جوانەكانی شیعری بووە، ئەوانەی كە لەمێژووی مرۆڤو پارچە زەوییەك لە زەوییەكان كەوتۆتەوە، باشە چۆن دەشێ بەرەنگاری ئەو لاپەرە درەوشاوانەی شیعری

## عەقڵی شیعری

سۆمەریو ئەفسانەکانی سۆمەریو بابلیو گۆرانیە ئەڤینیەکانی میسری کۆنو شیعر گەلێك لە پارانەوەو لاوانەوەی ئایینی کۆنو شیعری هیندی پیرۆزو کتێبە چینیە پیرۆزەکانو سرودی کەنحانیەکان بێتەوە. چۆن دەتوانین پشت لەشیعری هایکۆو تاناکانی یابانیو کۆشیەو لۆشیەی گۆرانییەکانی تانگی شەعبیو تەنترای بورانی هیندیو گۆرانیە ئەڤینەکانی فارسی کۆنو پرشنگە گەوروکانی شیعری عەرەبی هەموو سەدەکانو شێوازە جوانو رەنگەکان کە لەپەراوێزی شیعری عەرەبیەوە گەشەی کردوە، پەخشانی سۆفییەکانو عرفانیەکان......هتد بکەین.

### سەرچاوە

مانیڤێستێکی شیعرییە خەزعەل ئەلماجدی نووسیوویەتیو لە گۆڤاری (الگلیعە الادبیە)، مجلە الابداع الجدید العدد(١ کانون الپانی شباگ ١٩٩٩کراوە بەکوردی

## خەزعەل ئەلماجدی
## شیعر جۆرێکە لەئایین، چونکە پیرۆزیی ئایینیو پیرۆزیی دنیایی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە

***بە (خەزعەل ئەلماجدی)م گووت ئایا سەفەری تۆ بۆ (لیبیا) لە پێناو خوێندنو زانست بوو، یان راکردن بوو لە (رژێمی) پێشوو؟**

– بە پلەی یەکەم بۆ چارەسەری گیروگرفتە ئابوورییەکانم بوو، چونکە دووچاری جۆرێك لە دەست کورتی هاتم کە تەسەور ناکرێ، سەرەرای ئەوەی کەمن هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بووم، بەڵام مووچەم لە (دۆلارو نیوڕێك) تێنەدەپەری، منیشماڵو منداڵم هەبوو، دەبووایە لەو گیرگرفتە رزگاریان بکەم، لە بەرێوەبەرایەتی سینەماو شانۆ وەزیفەکەی خۆم جێ هێشتو بەرەو دەرەوەی عیراق کەوتمە رێو نەگەرامەوە، لە (لیبیا) لەزانکۆی (درنە) دەرفەتی کارکردنم بۆ هەڵکەوت، لەوێ زێتر لە پێنج وانەی مێژووی کۆن و مێژووی هونەرو شوێنەوار گەشتوگوزارم گوتەوە، ئەوەش یەکێك بوو لە دەوڵەمەندترو بە پیترین

ئەزموونم، توانیم پسپۆڕێتی لە وانە گوتنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی بە دەست بهێنم، چونکە من لەوێدا بەباشی سودم لە کاتی خۆم وەرگرت، پاشان ئەوە بووە هۆی بەرهەمهێنانی دەیان کتێب.

***پێش سەفەرکردنت ئایا لە عیراق دووچاری تەنگو چەڵەمەو ئازار نەبوویت؟**

– ژانو ژوارەکانم گەیشتنە قۆناغی برسی بوونی حەقیقی، تاوای لێهات بۆ ئەوەی منو منداڵەکانم بژین کتێبەکانی خۆم لەسەر شۆستە بفرۆشم. پاشان مینبەرەکانی بڵاوکردنەوەو رۆشنبیریی لە عیراقدا بەرە بەرە تەسکو لاواز دەبۆوەو بەرەو لە بارچوونی تەواو هەنگاوی دەنا.

***چالاکی رۆشنبریی تۆ لە دەرەوەی عیراق زۆریەی سەرسام کرد، تۆ یەکێك بوویت لەو رۆشنبیرانەی کە کۆمەڵێك کتێبت لە زۆریەی بوارەکاندا دەرکرد، ئایا دەکرێ لەهەندێ روخساری ئەوچالاکیانە ئاگادارمان بکەیتەوە؟**

– لە شیعردا بەگی یەکەمی کارەکانم کە شەش کۆمەڵە شیعری نوێ دەگرێتەوە بە چاپ گەیاند.... هەندێ کاری شانۆیم نومایش کرد گرنگترینیان (سیدار) بوو.بەلاَم لە بواری فیکردا نزیکەی بیست کتێبم لە بواری میسۆلۆژیاو مێژوو زانستی ئایینە کۆنەکان بڵاوکردەوە.

## عەقڵی شیعری

***ئایا لە زنجیرەی کەلەپوری مرۆڤ کە تائێستا حەوت کتێبت لێدەرکردووە، دەتەوێ مەوسوعەیەکی عەرەبی بۆ مێژووی ئایینیەکان دابنێی؟**

–بەڵێ.....ئەوە هیواو ئاواتمە، سەرەرای ئەوەش دەمەوێ (زانستی ئایینیەکان) بە مانا نوێیەکەی دابمەزرێنم، کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئارکیۆلۆژیانەی ئایین لە خۆ دەگرێ، بەلاّم عەرەبی هاوچەرخ هیچ مانایەکی پێ نابەخشێ. هەموو ئایینێکی کۆن بۆی سیستەمێکە تەواو، لەبیروباوەرو تقوس‌و ئەفسانەو ئاکارو شەرائیع پێکهاتووە، دەبێ بەشێوەیەکی زانستی هەموو ئەو پێکهاتانە راڤە بکەین، هەروەها دەبێ ئایینە کۆنەکان بەشێوەیەکی زانستی ورد بە یەکەوە ببەستینەوە، بۆ ئەوەی خاڵی بەیەکەوە بەندبوون‌و لە یەکدابڕانیان کەشف بکەین، ئەوەش بۆ زانینی (مێژووی رۆح) بایەخی خۆی هەیە.

***دەبینم بەئایینەوە سەرقاڵی‌و شیعر فەرامۆش کردووە؟**

– گەنجینەکانی رۆح لەئایینیەکاندایە......هەر لە سەرەتای ژیانی رۆشنبیریدا، بەدواداچوونی ئاڵوگۆڕەکانی رۆحی مرۆڤایەتی لە هەرێمە دوورەکانیەوە بۆ سەردەمی ئێستامان، کە لەرێگەی شیعرەوە بە(مێژووی رۆح)دا

گوزەری کردووە، واهەست دەکەم کە مێژووی ڕۆح بە هەوادا هەڵنەواسرا بێ، بەڵکو وەك دەزوویەکی نهێنی بە نێو جەستەی ئایینەکانو جەستەی هونەرو ئەدەبدا تێپەریووە.مێژووی ڕۆح خولیای من بوو، لەشیعردا بەرجەستەم کردووە، ئێستا لە ئایینەکاندا شوێنی دەکەوم، ڕەنگە بەیانی لە هونەردا دوای بکەوم.

من وەك بوونەوەرێك کاردەکەم کە بەمەعریفە ئاوەدانەو چرایەکی بەدەستەوەیە، من خۆم وەك شاعیرێکی گێڕ نایەتە بەرچاو کە هەر لە دەرگای ئەدەب دەدا.

***لە ئایینەکاندا جەوهەری بایەخی تۆ لە ئەفسانەدا خۆی هەڵدەگرێتەوە، ئەو ئەفسانانە کامانەن، بۆچی وا بە خۆڕ لە شانۆو شیعری تۆدا دێتە خوارێ؟.**

– ئەفسانە بەشێکە لە ئایین، ئایین (بەشێوە زانستیەکە) لە سێ بنچینەی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش (بیروباوەڕ، ئەفسانە، تەقس) هەروەها دوو بنچینەی لاوەکیشی هەیە ئەوانیش (شەرائیعو ئاکارن).

ئەفسانە گێڕانەوەیەکی پیرۆزە، چونکە ئاماژە بە بنچینەو مێژووی خواوەندێکە لە خواوەندە کۆنەکان، لە بەر هەندێ پیرۆزە، چونکە ئاماژە بە بنچینەو مێژووی پیرۆزیی گەلێك لەگەڵەکان دەدات، ئەفسانە لە بارەی ڕۆحییەوە چڕترین ناوچەکانی ئایین دەگرێتەوە بە شیعرییەتو

## عەقڵی شیعری

گێڕانەوەو خەیاڵو عەفەویەتو بەرائەتو جوانیو حەپەسان بارگاوییە کە هاوتای نییە، بە تایبەتی ئەفسانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست کۆن، بۆیە من وای دەبینم کە زۆر لەشیعرو شانۆ نزیکە، بەڵام گرفتەکان هەمیشە دەکەونە خانەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەفسانەوە هەروەها چۆنیەتی گواستنەوەی بۆ شیعری نوێو ئەدەبی نوێ....بەراستی ترسناکترین گیروگرفت ئالێرەدایە.

***بەدیارکراوی تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو گیرگرفتەدا دەکەیت؟.**

– من وای دەبینم کە دەبێ یەکەمجار بارگە ئەفسانەیەکان بۆ شیعرو شانۆو ئەدەب بە گشتی بگوازینەوە (نەك تەفاسیلەکانیان). دووەمیان دەبێ ئەو ئەفسانەیە تێکبشکێنینو دەقی نوێ بە هەندێ لە پارچەکانی برازێنێتەوە، سێیەمیان دەبێ لە توێی ئەفسانە کۆنەکانەوە چاو بە گیروگرفتەکانی ئێستاماندا بگێرینەوەو لە ناوەکانو کۆلاژکردن دوور بکەوینەوە، چوارەم پێویستە ئەفسانە لە شوێنە دیاریکراوەکەی خۆیەوە بۆ هەمەلایەنی بەرز بکەینەوە، لە رێگەی تەئویلەوە بیکەینە رەمزێکی گشتگیر، پێنجەم دەکرێ رووداوەکانی رۆژانەمان بۆ ئاستی ئەفسانە بەرزبکەینەوە، ئەگەر بتوانین لە ئەفسانە کۆنەکان بگەینو چۆنیەتی گواستنەوەی بۆ رووداوە هاوچەرخەکەی

## عەقڵی شیعری

هەست پێبکەین، پاشان ئەوەی کە زۆر گرنگە کارامەی داهێنەرو تواناکانیەتی لە نواندنی هونەرکای لە دەقی نوێدا.

***چۆن لە شیعرو ئەدەبدا مامەڵە لەگەڵ ئەفسانەدا دەکەیت؟**

– حەفتاکاندا من شەیدای ئەفسانە عێراقییەکان بووم، ئەفسانەی (دلمون)ی سۆمەریم وەك سێنتەرێك بۆ کۆمەڵە شیعری یەکەمم (یقڤە دلمون) بەکارهێنا.ئەوکات (سیحر) خولیایەکی بەهێزبوو، ناوچەیەکی بەرایی بوو، کەم کەس دەستی بۆ بردبوو، من لەکۆمەڵەی دووەمدا (اناشید اسرافیل) تەواو تیایە قوڵ بوومەوە، (اناشید اسرافیل) لە کتێبێکی کۆن پێکهاتووە کە ئەفسانەی سۆمەریو ئیسلامیو مەندایی باز بازێنی تیادەکات. لە (اناشید اسرافیل)دا سیحر لە ئەفسانە بەهێزتر خۆی دەنوێنێ. بە مجۆرە شیعری من هەر لەوکۆمەڵەوە تاکو ئەمڕۆ بەسێ ئاراستەدا دەجوڵا (سیحر)(ئەفسانە)(سێکس). ئەزموونی من لەم بوارانەوە هەڵقولاوە، ئەزموونی من تێکەلەیەکە لە خۆرهەلاتی کۆن..... بەشیعرەکانمەوە بالم گرتو پاشان بە(شیعری خۆرهەلاتی) ناوزەدم کرد.

***ئەو بوارو زاراوەیە نوێیە...... بۆ روونکردنەوەی (شیعری خۆرهەلاتی) هیچت بلاو کردۆتەوە؟.**

## عەقڵی شیعری

– بەڵێ پێشەکیەکی درێژم بەو ناونیشانە بۆ بەرگی یەکەمی کارە شیعرییەکانم نووسیوە، لەوێدا هەستمکرد نزکترین وەسف بۆ شیعرەکانم لە(شیعری خۆرهەلاتی دا خۆی هەڵدەگرێتەوە، چونکە من نامەوێ تازەگەری خۆم لەسەر شێوەی شیعری خۆرئاوایی، یان شیعری عەرەبی نوێ بنووسم، بەڵکو شیعری من زێتر بەلای رۆحی خۆرهەڵاتیدا کە بەسیحرو ئەفسانەو سێکس هەڵکۆڵراوە ئەو پێشەکیە پێشەکیەکی درێژەو باشترە بۆ ئەو بگەرێینەوە.

***چ وای لێکردی بۆ ئەفسانەو سیحر بگەرێیتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەوە بڕیارێکی ئاگایانە بوو، یان پێویستیەکی سروشتی ناخی خۆت بوو؟**

– لە سەرەتادا پێداویستیەکی سروشتی ناخی خۆم بوو، پاشان بەرۆشنبیریی‌و ئاگایی‌و زانستو راڤەکاریەوە خەملاندم، وزەکەیم بە دەست هێنا، من لە ناوەوەدا هەمیشە مەیلی شتە جیاوازو سەیرەکان دەکەم، شیعر لای من بەمجۆرەیە، هەروەها ئەفسانەو سیحریش هەروا دەبینم، کەواتە شیعرو ئەفسانەو سیر یەك شت کۆیان دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە دووچاری حەپەسانمان دەکات.

شیعر وای لێکردم کە بەرەو سیحرو ئەفسانە هەنگاو بنێم، من لەشیعردا هونەرێکی پیرۆز دەبینم، ئەفسانەش بۆ

## عەقڵی شیعری

خۆی چیرۆکێکی پیرۆزە، هەروەها سیحرکارێکی پیرۆزە.....بەمجۆرە (پیرۆزیی) جەوهەری ئەو سێ هونەرەی پێکهێناوە، وەك ئەوەی لە جەوهەری ئایینیدا یەك بگرنەوە، بەڵام ئەوەی کە جێگای حەپەسانە جەوهەرە دنیایەکەیەتی، ئەگەر ئەو تەعبیرکردنە بەراست بێتەوە، بەمجۆرە خۆم لە گەردەلولی پیرۆزییو حەپەساندا دۆزییەوە.

***وا پێدەچێ ئەنگێزەی سیحرو ئەفسانە لە شیعرو ئەدەبی تۆدا نوێترین تەمووژبێ؟**

– هەندێجار تەموژ خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری نوێ، بەڵام هەموو تەموژێك نا، بەڵکو تەموژی عەفەویانە، کەوا لە رۆحەکانمان دەکات پێوانەکانی بۆ تەنگ بکەوێتەوە، چونکە رۆح بە حەقیقەت ئابلۆقە دراوە، یان رێگای پێگیراوە، یان بە هۆی رووبەروو بوونەوەمان لەگەڵ لاوازی مرۆیی بنجدا کوتاو.... واپێدەچێ کە تەمووژی هاوەلی جوانیو دوانەی پیرۆزییو حەپەسان بێ، من باوەر ناکەم هیچ هونەرێکی گەورە لە تەموژ خاڵی بێ.

***بەڵام بۆ وەرگر دەبێتە ئیشکال؟.**

– پێویستە وەرگر لە ئاستی هونەری مەزن دابێ...... دەبێ خوێ ماندوو بکات، زەوقی خۆی بۆ رووبەرووبوەنەوەی ناوچە بەرزکانی شیعر پەروەردە بکات،

## عەقڵی شیعری

شیعر هونەرێك نییە بۆ دڵخۆش کردن، کالایەکی هەرزان بە هانییە، بۆ پیاهەڵگوتنو هەموو غەزەل، بەڵکو ڕۆحێکی دەوەڵەمەندو خودێکی دەولەمەندە. تۆ دەزانی ئەو ژیانە ئیسهلاکیەی ئێمە تیایدا دەژین دەشی بەسەر ڕۆشنبیریی‌و هونەردا گرتووە، کە مرۆڤ وای لێهاتووە بەدوای شیعردا نەگەڕێت، چونکە لێرەدا گۆرانی‌و زنجیرەو فلیمو بەرنامەی زۆر هەیە بۆکات بەسەر بردن کە لەژمارە نایەن، نەگیە شیعر وەك ئەو بابەتانە تەماشا بکەین، یان وەك پێداویستیەکی رووکارانەی وەرگر سەیری بکەین، شیعر هونەری ڕۆحە، لە دووتوێی جیاوازییەوە ناخی شیعر گەنجیەکە لە نهێنی‌و جوانی، شیعر توانای مانەوەی هەیە، ئەگر شیعر بەشێوەیەکی رواڵەتکاریانەوە دیار زۆر روون خۆی نواندو بە شێوەیەکی راستەوخۆ پێداویستیەکانی وەرگری بەجێ هێناوە، ئەو کات بۆ هونەرێکی ئیستهلاکی وەك گۆرانی خێراو زنجیرەو فیلمی (دڵخۆشکەر) دەگۆڕێ، پاشان شاعیران خزمەتکاری ڕۆح‌و جوانین، ئەرکیان ئەوەیە کە پارێزگاری لە پیرۆزیی‌و بەرزی شیعربکەن.

***بەشێوەیەکی ناباو قسەت لە شیعرکرد، وەك ئەوەی نەزانین ئەوەی کە مزگێنی بۆ دەکەیت چییە؟**

– ناشێ بەمجۆرە قسە لە شیعر بکەین وەك ئەوەی جۆرێك بێ لە جۆرەکانی ئەدەبی، من وەك ئەوە سەیری

## عەقڵی شیعری

خۆم ناکەم کە سەر بە ئەدەب بم، چونکە شیعر بە هەڵە تێکەڵ چیرۆكو رۆمانو رەخنەکراوە......شیعر جۆرێکە لە ئایین، بەڵێ.......شیعر لە ئایین نزیك دەبێتەوە، چونکە پیرۆزی ئایینیو دنیایی بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ئایین،بە پیرۆزیی ئایینی خۆی جیادەکاتەوە، ئەدەب بە پیرۆزیی دنیایی، بەڵام شیعر هەردووکیان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، بۆیە لە بارێکدا دەبێتە باوکیان لەبارێکی دیکەدا دەبێتە کوڕیان. بایەخی کارەکانی داهاتووم خۆی لە پرشنگ خستنە سەر ئەو خاڵەدا دەبینێتەوە.

***ئەگەر شیعر ئەدەب نەبێ، ئایا چ جۆرێکی هونەر، چیرۆکە، یان رۆحانە، یان شانۆیە، کامەیان لێیەوە نزیکن؟**

– شانۆ لەو نزیکە، چونکە جەوهەری شانۆ درامایە، دراماش بە شیعرو رۆحی شیعر دەوڵەمەند، شیعر لە رێگەی رووداوەوە بەسەر گێڕانەوەی تەقلیدی سەر ناکەوێ بۆ سەرەوە، بەڵکو باڵ دەگرێو بەوباڵانەووە سات دوای سات دەفرێ. شیعر بە شانۆ بەرز دەکرێتەوەو بەشانۆ دەولەمەند دەکرێ، نەك لە رێگەی ئەوەی پێی دەگوترێ (شانۆی شیعریی) بەڵکو رۆحی شیعریی بەهەرچی شانۆی مەزنە هەڵدەستێتەوە، بەڵام یەکەمجار لە رێگەی ناوەرۆكو پاشان لەرێگەی زمانەکەیەوە. بۆ چی شکسپیر بە نەمری دەمێنێتەوە؟ چونکە یەکەم بەرۆحی شیعر ئاوەدانە،

## عەقڵی شیعری

هەروەها چونکە زمانەکەی زۆر لە شیعر نزیکە. هەموو شانۆیەکی مەزن هەر دەبێ شیعر بەشێوەیەك لە شێوەکان دەستی لێدابێ.

***لە سەرەتای هەشتاکاندا لەگەڵ سێ شاعیر کۆمەڵەیەکی کۆمەڵەیەکی شیعریتان پێکهێنا کە لە شیعری عیراقیدا وەك شەپۆلێکی نوێ دەرکەوتو بووە شوێنی جیاوازیو دەمەتەقێی گەورە، زۆران دژتان بوونەوەو تاوانی زۆرو دڵرەقانە یان خستە پاڵتانەوە، وەك ئەوەی ئێوە ئەدەبتان شێواندبێ،کەلەپورتان وێران کردبێ، ئایا دوا بەدوای ئەو هەموو ساڵە چۆن سەیری ئەو ئەزموونە دەکەیتو (گرفتاکانیان) چی بوون؟. ئایا لەو بڕوایە دای کەوێناکردنەکانتان راست بووین، یان رۆژەکان فەشەلی ئەو ئەزموونەیان چەسپاند؟.**

– منو زاهیر جیزانی و سەلام کازمو فارۆق یوسف بەیەکەوە لە ساڵی(١٩٨٣)شەپۆلێکی گەورەمان لەنێوەندی رۆشبیریی پێکهێناو بەناوی (کۆمەڵەی چوار) ئیجازەمان بۆ وەرگرتو بەشێوەیەکی ئاشکراو راشکاوانە لەگەڵ شیعری باوی عیراقی ئەو کات کە بەلای پیا هەڵگوتنو دەزگیربوونو شیعری جەنگو شیعری خراپو سەردانواندن کەوتینە رووبەرووبوونەوە، هەروەها لەگەڵ رەخنەی عیراقی کە دەهۆڵی بۆ ئەم ئەو شاعیر دەکوتاو لە بایەخی راڤەکردن

## عەقڵی شیعری

دوورکەوتەوەو بەردەوام بەرپەچی دیاردەی نوێیەکانی دەدایەوە.....ئێمە لەگەڵ هەمووان‌دا جیاواز بووین، نەك هێندە بەڵکو هەموو ئەوانەی کە لە نەوەی حەفتاکاندا مابوونەوە (کە نەوەی ئێمەن) وەك ئەلتەر ناتیڤێ بۆ ئێمەو بە دژی ئێمە بەکاریان دەهێنا، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کەوتینە توندترین شەڕی ئەدەبی، بە تەواوی ریسوامان کردن‌و ساختەچییێتی هەموویانمان خستە روو.

ئێستا من وای دەبینم کە ئەو شەپۆلەی ئێمە یەکێك بوو لە باشترین دیاردەیەك کە وەك پەرچەکردارێکی حەقیقی سیستەمی رۆشنبیریی باوی ئەوکات وەستا، کە (رژێمی) سیاسی پێشوو هەوڵی دەدا بەسەر رۆشنبیریی عیراقیدا فەرزی بکات بەڵام لە پاشاندا کەوتە لێژی.....گردبوونەوەمان پرۆژەیەکی بەکەلك‌و باش‌و پر بایەخ‌و ئابرومەندانە بوو،ئێمە ئالآی شیعرو جوانی‌و حەقیقەتمان بەرووی ناشیرینی‌و ساختەچییێتیدا بەرزکردبۆوە، پوچێتی‌و مەیدانی‌و بێ کەلکی رەخنەگرانمان ریسواکرد. بەرووی سیستەمی رۆشنبیریی فەرمی وەستای‌و بەروویاندا هەڵشاخاین‌و هاوارمان کرد، بەرووی ئەوانەشدا کە دەهۆلیان بۆ دەکوتان، رەگی شیعری عیراقی حەقیقیمان توندگرت‌و بەبێ ئەوەی بە پروپوچی ئەو قۆناغە نابوتە پیسی بکەین پیایە سەرکەوتین. هەر لە کۆمەڵەی ئێمەو

## عەقڵی شیعری

سروشی کۆمەڵەکەمانەوە نەوەی هەشتاکان دەرکەوتن و توانیمان پۆلێك داهێنەر لەوان بگەیەنین‌و لەگەڵ ئێمە ئەوان لەیەك ریزدا بوەستن.

***بەلاّم ئەو گردبوونەوەیە پاشان پەرت‌و بلاّوبۆوە؟**

– ئەو گردبونەوەیە نەخشەی مانەوەی چەندان دەیەی زەمەنی بۆ نەکێشرابوو، بەڵکو باروذۆخ‌وقۆناغێك فەرزی کردبوو.......ئەگەر چی ئێمە یەك بنمیچ کۆی دەکردینەوە، بەلاّم پاشان هەر یەك دەستی لەو بنمیچە هەڵگرت‌و بەرەو بونیاد نانی ماڵی شیعری خۆی هەنگاوی نا، من هەتا ئێستاش شاعیرانی ئەو کۆمەڵەیە بە باشترین شاعیرانی حەفتاکان دەبینم. لە تاراوگەی لەناوەراستی نەوەدەکانەوە هەر چوار شاعیر لێکجیابوونەوە، هەموو لە عیراق دەرچوون، ئەو کۆمەڵگەیەی شیعریش دوایی هات، بەلاّم شاعیرەکانی لەئاستی بەرزی بەرهەمی شیعریدا ماون بەتایبەتی من‌و زاهیر جیزانی، رەنگە فاروق یوسف‌و سەلام کازم بەیەکجاری وەستابن.

***چیرۆکی (خزائیل) چییە، ئایا لەنووسینی وەستاوی، تاکو کوێ ئەو چیرۆکە بەرەمز کرابوو، یان دەتویست لە دووتوێدا چی بڵێیت؟**

– گەورەترین کاری شیعری کە نووسیومە (خزائیل)ە، لە دوانزە کتێب پێکهاتووە، کە تەنها دوو کتێبم لاّ

## عەقڵی شیعری

دەرکردووە، ئەو کارەم لە بەرگی سێیەمی کارە شیعرییەکاندا لەگەڵ پێشەکیەکی درێژ بە چاپ دەگەیەنم، ئەوەی راستی بێ من هەر لەساڵی(١٩٨٠) وەدەستم بەنووسینی کردو تا(١٩٨٨)ی خایاند، واتە تەواوی سالەکانی شەڕی یەکەمی گرتەوە (مەبەست لە شەڕی عیراقو ئێرانە) سەرەرای ئەوەی کە من لە دەرەوەی ناوکۆیی شەڕدابووم، بەلأم شەڕ بەدوای ئەودا دەگەڕا، ئەو هاواری خود بوو لەبەرامبەر وێرانەیی شەڕ، چونکە من هەر لە سەرەتای شەرەوە پەنام بۆ رۆحو جوانی خودی خۆم برد، (خزائیل) بۆ من لەشەرو وێرانەیی بایەخی پتربوو، لەوێ چینەکانی رۆحو جوانی خودی خۆم ئاشکراتر نیشان دا، لەوێ مێژووی رۆحو شیعری منو مێژووی ژیلرییە تایبەتیەکانی نیشتمانو ئەوەی لەو مێژووە نزیکە خۆی بەیان دەکات. تەواوی رۆشنبیری رۆحیو شیعری خۆم لەوکارە شیعرییە خستەگەڕ، بەو ئاواتەی کە بێتە مەزنترین کاری من.لە (خزائیل) دا ئەفسانەیەکی شیعری بەرجەستەکراوە، لەوێدا خودی شیعری خۆم لەرێگەی شکاندنی ئەفسانە کۆنو نوێیەکاندا نووسیوەتەوەو چوومەتە قولایی ناخی خۆمو تروسکایی هەستی خۆم تیا گواستۆتەوە، لەگەڵ خودی وشەو. مەعریفەدا بەیەکەو دووردوور کەوتوینەتەوە....لەوێ جیهانی فیردەوسو

## عەقڵی شیعری

دۆزەخم بۆ دەرکەوتووەو تیایدا سەردەکەومو دادەبەزم، بێگومان هەنگاونان بەرەو ناخی مرۆڤ و خودو چینەکانی هەستو نەست کارێکی ئاسان نییە، لە بەدواداگەڕانی دنیای دەرەوە ئەرکی پترە.کاتێك بەرەو خودی شۆڕدەبیتەوەو دەیخەیتە ژێر چاودێرییەوە، خودی خۆ دەکەیت کارێکی داهێنەرانە.......خزائیل بەمجۆرە بوو، زۆر لەرابسودی (رابسودی قەسیدەیەکی داستان ئامێزە) هەمسی ئۆرفی نزیکە، گەشتێکە سەرکەوتنو دابەزین وەسف دەکات، ئەو سەرکەوتنو دابەزینەی کە تاکو ئێستاش بەرێگەیەکی لیریکیو ویژدانی ناراستەوخۆ بزاڤی دنیاو شتەکانی پێ وەسفەدەکرێ.

(خزائیل) کانگای فرەلایەنە لە ناخی خودو مێژوودا خۆی هەڵدەگرێتەوە، شوێنی توانەوەی هونەرەکانی سیحرو ئەفسانەو سێکسو ئاینو جوانیو زانستە، پوختەی خودە بەر لەوەی دواجار بەرەو هەڵدێر بچێ هەوڵدەدا نەخشەکانی خۆی بپشکنێ.

***لێرەدا هەندێ دەڵێن دوا رۆژ بۆ شیعرە، لە هەمان کاتدا هەندێکی دیکە دەڵێن دوا رۆژ بۆ رۆمانو چیرۆکە، تۆ چۆنی دەبینی؟.**

– بەگێرهێنانی دوارۆژ لە هونەرێکی دیاریکراو جۆرێکە دێو دەچێ، من لەو بڕوایەدام کە شیعرکاری بەو قسانەدا

نەبێ، چونکە شیعر بۆ خۆی رۆحی مرۆڤە، پشکۆو ئارەزووی ئەو رۆحەیە، هیچ هونەرێکی دیکە نابێتە ئەلتەرناتیڤی، شیعر لە بەرزایدا دەلەرێتەوە، هیچ تەلەزگەیەك، یان ئیرادەی نوسەرێك، یان بارودۆخێکی سیاسی ناتوانی شیعر ناچار بە لەناوچوونو مردنو بەگیرهێنان بکات، چونکە وزەو هێزی هەموو هونەرەکانە، هێزو وزەش بە هۆی رەگەزێکی دیکەی وەك رۆمان، یان چیرۆك لەناو ناچێ.

***چۆن سەیری واقیعی سیاسی نوێی عیراق دەکەیت، بەشداری تۆ چییە؟**

– هیوادارم دادپەوەریو دیموکراسی لە عیراقدا بەر قەرار بێو لە ژیانی عیراقیەکاندا توندوتیژی بەیەکجاری رەش بێتەوەو نەمێنێ، هیوادارم شارستانیەتێکی نوێو دەوڵەمەند بۆ عیراق بونیاد بنرێتەوە. من بە سروشتی خۆم حەز لە کاری سیاسی ناکەم، بەڵکو حەز لەکاری رۆشنبیریی دەکەم، من بە رۆشنبیرییو ئاگاییەوە پرم، تا پلەیەك کە ناتوانم بیر لە بە دواداچوونی بەرنامەیەکی سیاسی بکەمەوە، جا هەر چۆنی بێ، من دەمێکە هیچ حیزبێکی هیچ سیاسی ناتوانێ گومڕام بکات، هیچ حیزبێکی سیاسی،چونکە زۆر بەسادەیی من حەز لە سیاسەت ناکەم، لەو بڕوایەدام کەسیاسەت هونەری درۆو لە خشتە بردن بێ.

## عەقڵی شیعری

من زیندانە ئایدیۆلۆژییەکانی ناوەوەی خۆم تێکشکاندووە، چۆن داوام لێدەکەیت بکەومە زیندانی ئایدیۆلۆژی سیاسی کە بۆ خۆی فێڵو درۆیە. رۆحی من نەپێشتر تاکە بەربلاو توانیویەتی هەڵیوەرێنی، نە حیزبە دیموکراسە جۆراوجۆرەکان چونکە نەك هەر تەنها لە عیراقی نوێدا بەڵکو لە تەواوی مێژوودا، رۆحو شیعر زۆر لە حیزبە سیاسیەکان بەرزترن. پاشان من وای دەبینم کە رۆشنبیریو شارستانیەت لە پێش سیاسەتدایەو لە سیاسەت گرنگترە، هەروەها پێویستە ئامانجی حیزبەسیاسیەکان هەر تەنها سیاسیانە نەبێ، بەڵکو ئامانجی شارستانیانەیان هەبێ، ئامرازی سیاسی پێویستە لەسەری لەو ئامانجەدا بتوێتەوە. ناشێ رۆشنبیری لە بەرامبەر سیاسەتدا رۆڵێکی پەراوێز خوازییانەی قبوڵ بێ، بەڵکو من بە پێویستی دەزانم کە رۆشنبیری بە سەرسیاسەتدا سەرکەوێ، دەبێ رۆشنبیری رابەرو مەشخەڵی سیاسەت بێ. لە بەرامبە ر ئەنگییەکانی سیاسەتو بازرگانیدا خۆم توند راگرتووە، نەدەچمە ناویانەوە نە بەدوای هیچیاندا دەچم، ئەوەی کە لەعیراقیشدا بۆ من بەگرنگ دەکەوێتەوە شارستانیەتی عیراقە، نەك بزاڤە سیاسییەکانی، هاورێ گیان من هەتا هەتایە خزمەتکاری شیعرم.

## عەقڵی شیعری

*** لەكۆتاییدا........چۆن شیعرت بۆدێ؟.**

– شیعر بۆ من نایەت، چونكە من شەوو رۆژ بەشیعر ئاوەدانم، بۆ شیعر نووسین زۆر پێویستم بەهاندەر نییە، رەنگە پێویستم بە كاتێكی لەبار هەبێ، بۆ نووسینی ئەو لاپەڕە شیعرییانەی كە لەناخمدا كۆتاییان دیارنییە.

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی (المدى) ژمارە (٣١)ی(٦)ی كانوونی دووەمی ساڵی٢٠٠٤.

ئەو چاوپێكەوتنە لەلایەن**(قحطان جاسم جواد)**سازدراوە.

(من تەنها ناونیشانی بابەتەكەم گۆڕیووە).

## خەزعەل ئەلماجدی

## شیعر یان خۆرهەڵاتییە یان نییە

*** لە بەشی یەکەمی کارە شیعرییەکانت کە بەو دواییە دەرچوو، بانگەشەی شێوازێکی نووسین دەکەیتو بە شیعری خۆرهەڵاتی ناوی دەبەیت، ئەو زاراوە رەگەزییەی شیعر چی دەگەیەنێت؟**

**ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە شیعرییەتی عەرەبی وەك ئەوەی لە جاهلییەوە لە رێگەی گوتاری رەخنەییو مێژوویمان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بە ئێمە دەگات، تەنها لە گۆشە نیگایەکی تەسکەوە نەبێ نەیتوانیووە بەشێوەیەکی فرە رەهەندی شیعرییەوە لە خۆی بروانێت؟.**

–شیعری خۆرهەڵاتی زاراوەیەکە بەتەواوی بۆ شیعری دنیای کۆن بەکاردێت (نەخوازە بەر لەگریك) پاشان لەگەڵ شیعری خۆرهەڵاتی ناوبن ئیجا شیعری خۆرهەلاتی هاوچەرخ (بەدیاریکراوی فۆلکلۆر) بەیەك دەکەنەوە. شیعری عەرەبی بۆ خۆی لە رەگێکی خۆرهەڵاتیەوە سەری هەڵداو، لەسۆمەرو بابلو کەنحانیو میسریدا خۆی

## عەقڵی شیعری

هەڵدەگرێتەوە، هەروەها بە بازنەیەکی بەرفراوانتر لەشیعری فارسیو هیندیو ئەنادۆڵیو چینی دەورە دراوە. هەر چەندە شیعری عەرەبی بەو ژیاریانەوە بەندبوو، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلام کەوتە چالاکییەوە، لێرەدا ئەوە پشتگوێ دەخەین، پشت بە کۆنترین رەگو بەرفراونی جوگرافیاوە دەبەستین. هەروەها گوتاری رەخنەیمان ریسوا ئامێزو پێکەنیناوییە....لێکۆڵینەوەی مێژووی بەراوردکاریمان هەر نییە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك نازانین ناسنامەی حەقیقیمان کامەیە. بەرای من هەتا ئێستا خۆرهەلات ئامادەیی لە ناوماندا لەعروبە بەهێزترە، چونکە خۆرهەڵات بازنەی وجودی ژیاریمان بەرفراوان دەکاتەوە، وامان لێکدەکات کە زێتر هەست بەمتمانە بکەین، ئیسلامیش لەژیاری خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە، چونکە هەتا ئێستا ژیاری ئیسلامی لە کۆی خۆرهەلاتدا بەسەر عروبەی شیعردا کە دەمێکە وەستاو زالە هەروەها پارێزی لە دەستەواژە رۆحیو هونەریو شیعرییە نوێیەکانی خۆی دەکات شیعری خۆرهەڵاتی (ئایینیو پاشان نوێ) هەر لە چەرخی کۆنو ناوەڕاستدا لەشیعری ژیارییەوە کۆنەکان، تاشیعری ئایینیو شیعری فۆلکلۆری شەعبی بەیزەوە پێمان دەگات ئایا لەو گەیشتنە مەزنتروجودی هەیە. شیعری خۆرهەڵاتی تا دەگاتە ئەمڕۆش شیعرێکە لە

داهێناندا خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەڵام شیعری عەرەبی بە زەمەنێکی دیاریکراوەوە پەیوەستە.

*** ئایا لەوبڕوایەدایت کە چەمکی (شبنگلەر) لەبارەی ژیاری ئاگرپەرستەکانەوە، لەو دەربڕینەی تۆ نزیك بێت، وەك دەزانیین ئەو وەك تاکە ژیاریەك مامەڵە لەگەڵ ئەو هەرێمە دەکات کە دەکەوێتە نێوان هیندو میسرەوە.**

–شبنگلەر هەڵەیە، چونکە ململانێی دێرینی ئاریو سامییەکانی پشتگوێ خستووە، هەروەها ئەو مەسەلەیەی بە چەند سەدەیەك بەر لە دەرکەوتنی (مسیح) بەستۆتەوە، بەڵام خۆرهەڵات لای من دنیای کۆن تا دەگاتە رۆمان دەگرێتەوە هەتا دەگاتە گریك ژیاری خۆرهەڵاتی تیا بەرجەستەیە، بەڵام بە حەقیقەت رۆمان یەکەمین ژیاری خۆرهەڵاتی لەخۆدەگرێت. تۆ سەیری ژیاری گریکەکان بکە ئایا بەرەو ژیاری بێزەنتیمان نابات کە دواجار ئیسلامی خۆرهەڵاتی هەڵیلوشی. من ئێستا هەوڵدەدەم بەرامبەر خۆرئاوا، کۆنی خۆرهەڵات بچەسپێنم، چونکە یەکەمجار خۆرهەڵات هەبوو نەك خۆرئاوا.

*** بەڵام تۆ خۆرهەڵاتی دوور(چینو یابانو هیند)ت خستۆتە ناو خۆرهەڵاتو شیعری خۆرهەڵاتی، ئایا پەیوەندی خۆرهەڵاتی دوور بەو بابەتەوە چییە، چونکە جیایە لەو پارچە ژیاریەی کە ئێمە لەسەری دەژین.**

## عەقڵی شیعری

–هەرگیز ناشێ خۆرهەڵاتی دوور بەگشتی لە خۆرهەڵاتی بکەینەوە، شیعری خۆرهەڵات خۆرهەڵاتی دوور (چین‌و یابان‌و هیند)و خۆرهەڵاتی نزیك (فارس‌و عیراقی کۆن‌و شام‌و ئەنادۆڵ‌و جزیرەو میسر) لەخۆدەگرێت، چونکە ناوکۆیی ژیاری لە هەردوو هەرێمەکەدا یەك ناوکۆییە، دواجار ئیسلام کۆی کردونەتەوە، راستە شیعری چینی‌و یابانی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە لە تەداعیاتی خۆرهەڵاتی دوور نییە، ئەگەر نا باشە ئەو ژاریییانە لەوێ دادەنێیت، چونکە نە خۆرئاواییە، نەباکوری‌و باشوری، کەواتە گومانی تێدانییە کە خۆرهەڵاتیە، هەروەها وەك چۆن ئیسلام خۆرهەلاتی نزیك‌و ئەوانی لە یەك کۆکردۆتەوە، بە هەمان شێوە بوزییەت لایەکی دیکەی لەیەك کۆکردۆتەوە.

***ئایا هەست ناکەیت کە پابەستبوونت بە شیعری خۆرهەڵاتی وەك ناوت ناوە جۆرێك لە نیازی لەپشتەوە بێت، واتە تۆ بێ ئەوەی لەگەڵ ئەو زاراوەیە بژیت‌و خەباتێکی دووروودرێژی رۆحی‌و پێشینەت لە گەڵدا هەبێ تەنها بەشێوەیەکی شکلی ئامادەت کردووەو پاشان پرۆژەکەی خۆت لا دەرهێناوە.**

–من دەمێکە بەرەو تیشکۆی رەگی خۆرهەڵاتی هەنگاوم ناوە، من گرنگیم بە هەردوولا داوە سۆمەری‌و

## عەقڵی شیعری

بابلیو میسری ناوکی خۆرهەڵاتن، من تەنیا گەشتیارێك نیم بەسەر رووی دەرەوەی جوگرافیای هاوچەرخی شیعری خۆرهەڵاتی بسورێمەوە، من لە مێژەوە هاتووم، بەڵام ئێستا دەزانم کە دەبێ رووی دەرەوەی جوگرافیای خۆرهەلات بە هەموو تەفاسیلەکانیەوە بناسم، ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەم .

***چۆن ئەوە بەئەنجام دەگەیەنیت؟**

–لێگەرێ بازۆر بەسادەییەوە بڵێم من بۆم دەرکەوتووە کە بەپیترین جۆری شیعری خۆرئاوایی هەر لەسەردەمی رۆشنگێرییەوە تاکو ئێستا ئەو شیعرەیە کە ترپەی دڵی خۆرهەڵاتی تیایە، تۆ دانتیو ملتۆنو پاشان بۆ دلێرو رامبۆو سان چۆن پێرس وەرگرە هەموو خۆرهەڵات لەشیعرەکانیاندا هەناسە دەدا ، گەرچی لە یەکتریش جیاوازن. ئایا ئەوە سەرنجت بۆ ئەوە راناکێشی کە شیعر، یان خۆرهەڵاتی بێ، یان دەبێ نەبێ.

***ئەو زێدەرۆییە........بۆ دەبێ شیعری خۆرئاوایی هێزی خۆی لە خوێنی خۆرهەڵاتەوە هەڵگرێتەوە، ئایا ئەویدیکە لە شیعری خۆرئاوایی(مەبەستم لەو شیعرەیە کە بە خۆرهەڵات بەند نییە) لاوازە.**

## عەقڵی شیعری

–بەڵێ زۆر لاوازە، شیعری تەکنیکاریو ساردە، تۆ ئەو کاتە شیعری خۆرئاوا سەیر بکە لەیەکنزیکبوونەوەی حەقیقی لەگەڵ خۆرهەلأت نەماوە خۆی بەگەورەتر دانا.

***کاتێك شاعیرێك روو لە میتۆلۆژیاو مێژووی رۆحیو ئایینی دەکات، وەك ئەوەی کە تۆ بەگەرمیو بێ جیاوازییەوە سەرقالی بوویت، ئایا ئەو سەقاڵی بوونە هەستکردنە بەوەی کە ئێستا خۆرهەلأت، ئەوەی ئێمەی تیادەژین بۆ رەگی شیعری/ژیاری کەمتەرخەمی تیایە؟.**

–من دوای (مێژووی رۆح) کەوتووم، هەروەها وا هەستدەکەم کە (ئایینەکان) گەورەترین ناوەرۆکی مێژووی رۆحیان پێکهێناوە، بەلأم ئەدەبو شیعر لە چاو ئایینەکان زۆر کەمتر، بۆ یە ئەرکی من بەدوا داچوونی مێژووی ئایینەکان خۆی هەڵدەگرێتەوە، پاشان بۆ ئەوەی شیعر دەوڵەمەندو بە پیت بکەم کەنداڵێکم لە نێوان ئایینو شیعر دروست کرد، چونکە زۆر بە سادەیی من وای دەبینم کە شیعر خەلقکردنە وەك ئەوەی لە رێرەوی مێژووی رۆحی ئاییندا قوڵپ بداتەوە، بۆیە وەك هونەرێکی دنیا لە ئەدەب دوور کەوتوومەتەوە. لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بە خۆرهەلأتەوە نییە، چونکە لێکۆڵینەوەی من بۆ ئایینەکان پر کێشی خۆرهەلأت دەکاتو لە مێژووی ئایینەکانی

## عەقڵی شیعری

خۆرهەڵاتو خۆرئاوا دەکۆڵێتەوە، من دەمەوێ شیعر بە ئایین دەوڵەمەند بکەم، تۆ بڕوا دەکەیت؟

*** ئەو قەوارەیە چەندە کە تۆ ناتوانی قسەی لێ بکەیت ، یان وەك فیکرو شیعر ناتوانی بچیتە ناوییەوە، هەروەها بەرامبەر ئەو هەرێمانەی بەشێوەیەکی ئیبداعی نەیتوانیووە بیانبرێت.**

–تۆ لە ناوەوە بەوە گومانبارم دەکەیت کە من بۆیە بەرەو بابەتەکانی(ئایینو ئەوانیدیکە) سەری خۆم هەڵگرتوو، تا لەوێوە خۆم بئاخنمە هەرێمە قەدەغەکراوە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانەوە بەڵام لەراستیدا ئەو گومانبارکردنە وردەکاری تیانییە، چونکە من دەقی وام نووسیووە کە رۆحی خۆرهەڵاتیو ئایینی تیا رەنگدەداتەوەو راستەوخۆ بەرسیاسەتی سەردەم کەوتووە، تۆ بۆ نموونە (حیەو درج) وەرگرە، هەستناکەیت بۆ خۆی شێوە هەولێکە؟

بەڵام من حەز ناکەم راستەوخۆ شتەکان لە چاوی سیاسەتەوە بەرجەستە بکەم، چونکە باشە ئەگەر وا بکەم پەیامی شیعری نوێی من واتای چییە؟

با لەگەڵ تۆ لەسەر ئەوە رێککەوین بۆ خۆم هەتا ئێستا زۆر لە هەرێمە قەدەغەکراوەکان دوورمو نەمتوانیووە بەشێوەیەکی شیعری چارەیان بکەم، هەروەها سێکسو

سیاسەتو ئایینم وەك نەشیوەی ویژدانی وەرگرتووە، نەك موفارەقەیەكی رەخنەیی، ئێستا ئەوە بۆ تۆ جۆرێكە لە پێگەیشتن، بەڵام منیش لەو باوەرەدام كە بێ ئەوەی هێزی شیعریم زیانی بەركەوێت بەرەو ئەو هەرێمە هەنگاو دەنێم ئەو هەرێمەی كە لە دروستكردنیدا زۆرماندوو بووم.

*** ئایا تۆ لەو بڕوایەدایت كە گرنگە ئەدیبو شاعیرو لێكۆڵەرەو كەسیش بیت، یان خۆت چۆنیت ئەوە بیت؟**

– تۆ ئێستا دەستت خستە سەر برینەكە، من هەرگیز نامەوێ ئەدیبو شاعیرو كەسیش بم، بەڵكو دەمەوێ خودی خۆم بنووسمەوە، یان دەقی خودی، ئەوەی كە خۆشت دەوێو رقت لێی دەبێتەوە، ئەوەی كە بەسەدەكانی رۆشنبیریو كەندولەندی رۆحی پەیوەستە، من دەمەوێ چاڵەكانی رۆحی تۆمار بكەم، هەموو ئەو شتانە بنووسمەوە كە دەبینم، دوور لە رەگەزە ئەدەبیو تیۆرو كاتیگۆلاكانو دوور لە ئەدیبو شاعیرەكان ئەوانەی كە بە دەمانجە ئاوییەكان رێگایان لا داخستووم.من دەمەوێ وەك چۆن هەناسە دەدەم ئاوا بنووسم، وەك چۆن پێدەكەنمو خۆشەویستی دەكەم.....من ئەدەبو پێوانەكانم گەرەك نییە، ئازادیم گەرەكە.

## عەقڵی شیعری

***ئەو کەشو هەوایەی کەئێستا قسەی تیا دەکەین، وابزانم پرسیارکردنی لە بارەی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە کاڵ کردەوە.**

– تەواو وایە، ئەوە باشترین رێگەیە بۆ پاکتاوکردنی مۆدێرنەوەو پۆست مۆدێرنە، چونکە ئێمە بە قوڵی قسە دەکەین، ئیتر مێژووی ئەدەب گران دەکەوێتە، ئێمە کەرۆحمان ئازاد دەکەین مێژووی ئەدەبی بەرەو چاکسازی دەکەینەوە، تۆ ئێستا دەبینیت ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بەراستی دەمانەوێت، نەك ئەو فۆرمانەی کە تێی کەوتووین.

*** ئایا تۆ لەو بڕوایە دایت کەشاعیری عەرەبی هەرچەند لە جەوهەری حەقیقەت نزیك بێتەوە، رەمزکردنو بە پەراوێزکردنی زێتر دەبێت.**

–بەڵێ، ئەو شاعیرەی دەیەوێت حەقیقەت بڵێ دەکرێتەوە دەروەو بە پەراوێز دەکرێ، وێران دەکرێ، چونکە یاری ساختەچیەکان کەشف دەکات، یاری ئەو یاریکەرانەی کە کەشو هەوای مۆدێرنەو ئەوانیدیکەیان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان بەرهەمهێنا، ئەو شاعیرەی کە دەیەوێ ئەو وەهمە دابتەکێنێ، دەیەوێ ئەو وەهمە لە شیعری عەرەبی بکاتەوە بەدبەختە، چونکە ساختەچییەکان لولەی چەکەکانیان ئاراستە دەکەنو وێرانی دەکەن.بۆ ئەوەی دروستی بۆ شیعر بگەرێنینەوە دەبێ بۆچونێکی پاكو قوڵو راشکاوانەمان بۆ شیعر هەبێ،

هەر تەنها ئەوانەش دەوێرن ئەو بۆچوونە دەربڕن کە ئامادەن قوربانی زۆر بدەن.

*** تۆ هەر لە حەفتاکانەوە سەرقاڵی شیعریت، بەشێوەیەکی کراوەو ئازایانە دەتەوێ شیعر لە دەرەوەی ساتەوەختی خۆتو لەناو مێژوودا کەشف بکەیت، بەڵام ئێستا دەبینم کە چوویتەوە ناوەوەی خۆت، چی وای لێکردیت کە دەرەوە بکێڵیو ئێستا چی وای لێکردیت کە بۆ ناوەوە بگەڕێیتەوە.**

– من کۆمەك لە دەرەوە دەخوازم تاکو ناوەوە کەشف بکەم، چونکە ئەساس بۆ خۆی ناوەوەیە،بەڵام دەرەوە ئەو کلیلانەم پێدەبەخشێ کە ناوەوەی پێدەکرێتەوە هەروەها هەتا ئێستا دەرەوە ناوەوەم بە پیت دەکات، کێڵگە بەرەمزچنراوەکانی ناوەوەم دەتەقێنێتەوە. ئێستا من لەناوەوە زۆر پڕم، بۆیە زۆربەی کاتەکانم بۆ پەی بردنی ناوەوە خەرج دەکەم، واملێهاتووە کزە بایەك بەس بێ ئەوەی چەندان مانگ بە باخچەی ناوەوەمدا پیاسەبکەم، بە دەستەواژەیەکی دیکە پێشان ناوەوەم کاڵ بوو، بەڵام ئێستا گەیشتووە، بۆتە گەنجینە.

پێشتر ناوەوەم ئاڵۆز بوو، بۆیە کۆچکردی وشەی تیاگران دکەوتەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو دەوڵەمەند بوونەی کە لە دەرەوە بە دەستم هێنا، وەك فیردەوس یان دۆزەخو کەندولەندەکانی لێهاتووە، ئێستا لە توانایدایە بەئاسانی هەڵیکەنێت.

## عەقڵی شیعری

***کۆمەڵەی حەفتاکانم بیر کەوتەوە کە بەنووسینی ئیبداعی نوێو تازەگەری هەڵدەستان، ئایا دوای ئەوەی دابەشبوونو لێکدورکەتنەوە، دەتوانێ پێمانبلێت چی لە هەموو ئەوانە ماوەتەوە؟**

—ئەوان هاورێم بوون، من زۆر شانازی بە بەرهەمە ئیبداعیەکانیانەوە دەکەم، وای دەبینم کە شتێکی جیاوازییان خستبێتە سەر شیعری(نوێ)ی عێراقیو عەرەبی، من مەبەستم دەستە بژێکی کەمە لەوانەش (زاهیر جیزانیو سەلام کاڤمو رعد عبدالقادر) هەندێکی دیکەش هەن کە ئیبداعیان کەمتر بووە، ئەوانە حەساسیەتێکی نوێو چێژێکی نوێو ئاسۆیەکی نوێو بەرفراوانیان خستە سەر شیعر،بەلآم بە هۆی بارودۆخی سیاسیو کۆمەلآیەتی لە حەفتاکاندا نەیانتوانی کایەی خۆیان تەواو بکەن. ئەوەی لەوانیش ماوەتەوە گونجینەیەکە لە قەسیدەی جوان کە کەمیان دەرکەوتوون.

*** ئایا ئەدۆنیس چی خستە سەر شیعرییەتی عەرەبی، تۆ چیت کردووە؟**

— من بەرهەمی خۆم بەبەرهەمی یەکێکی دیکە بەراورد ناکەم، قەوارەی خۆشم لە دووتوێی قەوارەی یەکێکی دیکە ناپێوم. ئەدۆنیس شاعیرێکی گەورەیە، ئەوەی کە خستیە سەر شیعری عەرەبی جیاوازو دیارە، رەخنەگرەکان لەو بارەیەوە چ وەك شیعرو چ وەك تیۆرکاریان لەسەر کردووە،

## عەقڵی شیعری

من سەرەڕای سەرەنجی تایبەتی خۆم زۆر ڕێز لە ئەزموونی ئەدۆنیس دەگرم.

بەڵام بەرهەمی من کەوتۆتە بەر ڕەخنەیەکی ڕاستو دروست، من قەوارەی کارەکانی خۆم نازانم، نازانم چیم کردووە، چونکە من بوومەتە قوربانی ڕەخنەگران عیراقی پاشان عەرەب. من بۆ خۆم قسەکردن لە بارەی ئەو بابەتە جێدەهێڵم بە گرنگی نازانم، چونکە هێشتا زۆرم لەپێش ماوە.ئێمە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە نووسینی خودەوە هەیە، نەك پلەوپایەی شاعیر، من وایدەبینم کە ئەو مەسەلەیە بە بەرهەمی ڕاستگۆیانەوە پەیوەست بێ، جا قەوارەکەی هەرچەند بێ، هیچ پێویستیش بەوە ناکات لەگەڵ یەکێکی دیکە بەراورد بکرێت.

* * * *

**تێبینی:** ئەو گفتوگۆیە لەلایەن (منصور عبدالناصر)ەوە ساز کراوەو لە ڕۆژنامەی (الصباح)ژمارە ٥٣ / ١-٩-٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە، من تەنها ناونیشانم گۆڕیوە.

## خەزعەل ئەلماجدی

## دۆزینەوەی عەقڵی شیعری، عەقڵی مرۆیی لە تیۆرە گشگیرەکان رزگار دەکات

***چۆن وێرایت عەقڵێکی نوێ بە ناوی (عەقڵی شیعری) بخەیتە سەر سیستەمی عەقڵی مرۆیی کە سێ عەقڵ (ئایینی، فەلسەفی، زانستی) دەگرێتەوە، ئەوەی کە بیریاران لە نیگەرانیەکانی راماتوون؟**

–عەقڵی شیعری، عەقڵی چوارەمە، عەقڵێکی شاراوەیە کە عەقڵی مرۆیی بەر لە هەزاران ساڵ بە دەوریدا خولدەخوات، بەڵام نەیتوانیووە بە دەستی بهێنێت. ئەو دۆزینەوەی من لە دۆزینەوەکەی (ئاینیشتاین) دەکات بۆ رەهەندی چوارەمی زەمەن، هەر ئەو دۆزینەوەیەش (ئاینیشتاین)ی بەرەو رێژەگەری برد. عەقڵی شیعری رەهەندی چوارەمی عەقڵی مرۆییە.

## عەقڵی شیعری

***ئایا شیعر زەمەنە؟**

–ئەگەر بۆ هاوکێشەی ستوونی دایکرۆنیو هێلی سایکرۆنی بگەڕێینەوە کە بنەڕەتی هەموو چالاکیەکانی عەقڵی مرۆییە، ئەوە دەبینین ستوونی دایکرۆنی نوێنەرایەتی شیعرو نوێنەرایەتی شوێن دەکات، بەڵام بە گشتی ستوونی سایکرۆنی نوێنەرایەتی گێڕانەوە (سرد)و نوێنەرایەتی زەمەن دەکات. شوێن بە پێوانە لەگەڵ هونەر باڵەخانەو شێوەکاری دەگرێتەوە، بەڵام شیعر هێزی زەمانو جێکەوتەی مەکان لەخۆ دەگرێت.

***لەو بڕوایەدایت ئەوەی کە وەك عەقڵی چوارەم کەشفت کردووە، عەقڵی شیعریی، بە بەراورد لەگەڵ (ئاینیشتاین) ئەو دۆزینەوەیە هاوسەنگ بێتەوە یان ڕێك بێتەوە؟**

–لە زانستە مرۆییەکان جێگیربوونی یەقینئامێز بوونی نییە، هەر وەك زانستەکانی بیرکاری، فیزیا، من ئەو گەیشتنەم بە عەقڵی شیعری خۆش دەوێتو ڕێزی دەگرم، چونکە ئەوەی بۆ من وەك حەقیقەت دەکەوێتەوە شیعرو تیۆرەکانی شیعرە.

## عەقڵی شیعری

***بەڵام تۆ شیعر بە هێزو هەموو ئەوانیدیکەش بە ماددە دەچوێنیت؟**

–ئەوە راستە.. شیعر وزەی نووسینە، لە کتێبی (عەقڵی شیعری) زۆرم لە زمانو چەمکە زانستیو ئایینەکان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی فەزایەکی زاراوەئامێز بۆ عەقڵی شیعری بونیاد بنێم.

***لێرە بە یەکداچوونێکی زۆر لە نێوان قوتابخانەو شەپۆلە فیکرییەکان هەیە، کە تۆ بۆ سەلماندنو ناونانی (عەقڵی شیعری) پشتت پێبەستوون، بەمجۆرەش خوێنەر دەخەیتە نێو تۆڕێکی ئاڵۆزی چەمکو فیکرەوە، کە دەرچوونی لەو گێژاوە سەخت دەکەوێتەوە؟**

–وەك گوتم بۆ بەرگریکردنم لە بابەتێکی نوێو داهێنراو بە ناوی (عەقڵی شیعری) پێویستم بەوەیە پەنا بۆ زانستو فەلسەفەو ئایینو زانستە مرۆییەکان بەرم. وەك چۆن پێویستی بە داهێنانی ئامێرێکی چاکسازی نوێی بێ فرۆفێڵ هەیە، بۆیە تۆڕێکی ئاڵۆزی لەمجۆرەی لێدەکەوێتەوە. بۆچی زانایەکی دەرمانساز، یان بایۆلۆژی، یان فیزیای ناوکی نایەوێت تۆڕی چەمكو فیکرە داخراوەکانی سادە بکاتەوە، بۆ بە هەموو مەیلەکانی خۆیان رازینو پارێزگاری

## عەقڵی شیعری

لێدەکەنو نایانەوێت کەس لە سەر ڕێگەیان بوەستێت، کەچی داوا لە لێکۆڵەرێکی شیعری یان فیکری دەکرێت کە کارئاسانی بکات. من پێموایە هەموو کایەکی مەعریفی ئاڵۆز دەکەوێتەوە، بۆ تێگەیشتن پێویستی بە ژمارەیەك ئەکادیمی هەبێت، لە میانی ئەوانەش شیعر کە بواری سادەکردنی تێدا نییە.

***بەڵام تۆ بۆ بونیادنانی تیۆرەکەت، هێزێکی تیۆریت خستە سەر هێزی شیعری، کۆمەڵێك هەرێمی تەمومژاویت لە عەقڵ بەرهەم هێنا.**

—من شاعیرم ئەوە لەبیر ناکەم، لە لێکۆڵینەوەی تیۆری پێویستە ئەو مەسەلەیە لە بیر نەکەم، من پێویستم بە وزەی شیعری هەیە بۆ ئەوەی لە ڕەوتەکە دانەبڕێم.

***ئێستا بایەخی ئەو تیۆرە لە رووی مرۆڤایەتیو پراکتیزەکردنەوە لەچی دایە، ئێمە چ پێویستیمان بەو تیۆرە هەیە؟**

—ئاوڕدانەوە لە بوونی عەقڵی چوارەم (عەقڵی شیعری) بەشداری لە جیاکردنەوەو هەڵوەشانەوەی کۆمەڵێك سەرلێشێواوی دەکات، لەو سەرلێشێواوییانەی کە لە ئایین پێیدا تێپەڕیووین، وەك چۆن ئەرکی ڕەخنە گرتن لە ئایین

ئاسان دەکاتو دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێزی بەرەوپێشچوونی زانستی ئایینەکان، هەروەها دیاریکردنی لایەنی شیعرییە لە فەلسەفەداو دەبێتە سەرەتایەکی فەلسەفەی نوێ.

بەمجۆرە بە تەنها کەشفکردنی عەقڵی شیعری لە نێو عەقڵو لە تەواوی فیکردا وەك خستنە سەرێکی جۆری دەردەکەوێت، دۆزینەوەی عەقڵی شیعری، عەقڵی مرۆیی لە تیۆرە گشتگیرەکان دەرباز دەکاتو لە بری ئەو گشتگیرییە وا دەکات زێتر قبوڵی کارە هونەرو ئەدەبیەکانی هەبێت.

***زۆریە دەزانن کە تۆ وزەیەکی گەورەو کاریگەرت بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەوانیدیکە لە رەخنەگرانو شاعیران پێیە، بەڵام دەبینم ئەمڕۆ لە پەرچەکردارە ساردەکانی ئەوان بێزاریت، زێتر بەرەو داهێنانو تیۆریزەکردن دەچیت، بێ ئەوەی هیلاكو ماندوو بیت یان جەنگەکەت رابگریت؟**

—عیراق وڵاتی جیاوازییە گەورەکانە، ئەگەر خاوەنی سەد کتێبی گرنگو سەد تیۆری پڕ بایەخیش بیت، هیچ کەس ئاوڕ لەوە ناداتەوە داخۆ چیت گوتووە. من ئەو بانگەشەیە ناکەم، بەڵام (٣٠)سی ساڵ بێ وەستان لە ئاراستەکردنی نوێخوازانەی شیعرو تیۆرو شانۆو فیکرو ئەفسانەدام، من لە هیچ کەس پەست نیم، چونکە

## عەقڵی شیعری

چاوەڕوانی لە کەس ناکەم کارەکانم هەڵبسەنگێنێت، ئەوەی ئەمڕۆ لای من گرنگە تەواوکردنی پڕۆژە رۆشنبیرییەکانمە.

***ئەوە بۆ خۆی بێزارییە؟**

–نووسەر تا زێتر پێبگات کەمتر پەیوەندی بە پەرچەکردارەکانی دەرەوەی خۆی دەمێنێت. ئەگەر لە کاتی لاوی هەندێ سەرکێشیم کردبێتو لە دەمەتەقێدا کەوتبمە ئاستی نزمەوە، ئەوە ئەمڕۆ لەو سەرکێشییە وازم نەهێناوە، بەڵام کاتی ئەوەم نییە وەڵامی هەموو ئەوانە بدەمەوە کە بیانووم پێدەگرن.

***بۆ پڕۆژە فیکرییەکەت دەگەڕێمەوەو بەشی دووەمی وەردەگرم کە ئەفسانەو ئایینە کۆنەکان دەگرێتەوە، دوای بڵاوکردنەوەی(٢٠) بیست کتێب لەم بوارە ئایا دەتوانی ئەو داوەی کە تیۆری شیعری بە تیۆری ئەفسانەو ئایینەکان دەبەستێتەوە، دیاری بکەیت؟**

–هەردووکیان شوێن بەشە دوورەکەی عەقڵ یان فیکر دەکەون، تیۆری شیعری شوێن ئەفسانەی فەردی شاعیر دەکەوێت، بەڵام تیۆری ئەفسانە شوێن ئەفسانەی ئەو گروپە لە نەتەوە دەکەوێت کە شاعیری تێدا دەژیت، کەواتە لێرەدا ئەفسانەی گەورە، ئەفسانەی گروپە لە ئایینێکی

## عەقڵی شیعری

دیاریکراودا، ئەفسانەی بچووکیش ئەفسانەی شیعرە. ئەفسانەی گەورە ئایینیەو ئیمانگەرایی گروپئامێزە، دانەری نییە، هی ئەوانیدیکەیە، رۆحە ئیماندارەکانی لێدەچۆڕێت، بەشێکی گەورەی نەستی کۆ پێکدەهێنێت. بەڵام ئەفسانەی بچووک شیعرە، تاکگەرایە، هەڵگری یەقین نییە، خاوەن دانەرە کە شاعیرانن‌و دنیای تیادا بە پێی وێنەی رۆحی شاعیران ئەندازەی گیراوە، شاعیران پەیکەری بۆ هەڵدەبژێرن نەك گروپ. پەیوەندی نێوان شیعرو ئایین‌و ئەفسانە لەو هاوکێشەی کە راڤەمان کرد خۆی مت داوە، من بەرەو هەرێمی ئەفسانەکان‌و ئایینەکان هەنگاوم نا، تاکو لە رێگەی ئەفسانەی گەورەوە بە ئەفسانەی بچووك بگەم، لەوێوە کەناڵێکم بۆ گواستنەوە پوختەکان‌و گەیاندنەکان‌و جوانیەکان کردەوە، کە لە ئایینەکانەوە دەردەکەوێت بەرەو شیعر دەچێت. بە زمانێکی دیکە رێگا بە رۆحی تاك دەدا تاکو لە رۆحی گروپەوە هەڵقوڵێت یان لەگەڵ بەرژەوەندی رۆحی تاك بێتەوە ئەگەر ئەو دەستەواژەیە راست بکەوێتەوە.

***ئایا ئەوەت بە دەست هێناوە؟**

## عەقڵی شیعری

–بەڵێ، ئەگەر چوار بەرگە شیعرییەکانم هەڵبدەیتەوە ئەوە بە روونی دەبینی، لەوێ دەبینی کە من وەك شاعیر خۆم بە ئایینو میتۆلۆژیاو هونەرو سیحرو دەمەتەقێو شاراوەکانی ئەو ئایینانەوە دەوڵەمەند کردووە.

***ئایا دەتەوێت شیعرو ئایین لە یەك دەقدا کۆ بکەیتەوە؟**

–نەخێر، دەمەوێت دەقی شیعری بەر رۆحی ئایینی بکەوێت، چونکە من لەو بڕوایەدام کە ئایین لە بنەڕەتدا جۆرێکە لە جۆرەکانی شیعر، ئەو جۆرە شیعرەی کە رەگەکانی بۆ تەقسەکان دەگەڕێتەوەو هەڵگری کۆمەڵێك لقو بەری میتۆلۆژیاو بیروباوەڕە، بەڵام تۆیەکەی شیعرە.

***ئەو قسەیە زۆر گرنگە... ئایا دەتەوێت ئەو هاوکێشەیە رێك بخەیتەوە کە زێتر لە دەیان هەزار ساڵی بە سەردا تێپەڕیووە؟!**

–رەنگە.

*** ئەوەی رێگەت لێدەگرێت چییە؟**

–بیروباوەڕی شاعیرانو خەڵك ئەوەیە کە شیعر جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەب، ئەوەش رێگە لە زۆر

## عەقڵی شیعری

دەگرێت کە بەرەو هەرێمی دوور بڕۆن. شیعر تۆیەکەی عەقڵی مرۆییو ڕێگەی بیرکردنەوەیەتی نەك ئەدەب.

***جیاوازی نێوان ئاینو میتۆلۆژیای گەورەو شیعر وەك میتۆلۆژیای بچووك یان میتۆلۆژیای گروپو میتۆلۆژیای تاك چییە، بەرەو کامیان لار دەکەیتەوە؟!**

–شیعر دەکەوێتە سەرووی رەگە نەتەوەییو ئایینەکانەوە، لە شیعردا دەبمە بوونەوەرێکی گەردوونیو داوێك بە تەواوی کەلەپوری مرۆیم دەبەستێتەوە، نەك بە تاکە شوێنێ. لە شیعردا توانای لە باوەش گرتنی تەواوی مرۆڤو تەواوی رابردوو لە ئارادایە.

***بە پێی خوێندنەوەم، تۆ پێیگەیشتوویت، بەڵام دەتەوێت شیعر بەرەو قەوارەیەکی گەورەتر بەریت کە پێشتر پێی نەگەیشتووە، بۆ ئەوەش مەسەلەکە بۆ دوو بیرکردنەوەی سەرەکی کورت دەکەیتەوە: یەکەمیان بانگەشەکردنتە بۆ عەقڵی شیعری لە میانی هەر سێ عەقڵدا. دووەمیان بانگەشەکردنتە بۆ شیعری غەنووسی (گنۆسیزم). لێرەدا سۆفیگەرییەکی تایبەت یان سەربەخۆ بۆ شاعیر دەبینرێت، کە تۆ بانگەشەی بۆ دەکەیت، سۆفیگەرییەکە پشت بە چەمکە باڵاکان، یان ترانسندنتالە**

## عەقڵی شیعری

**جیاوازەکان نابەستێت، بەڵکو پشت بە چەمکو دیدی تاکگەرا دەبەستێت کە لە خودی شاعیردایە؟**

–من دژی گۆڕینی شیعریم بۆ بیروباوەڕ، بەڵام عەقڵی شیعری لە تیۆرو دەق پێکهاتووە، تیۆر ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵکو کۆمەڵێك سیناریۆیە کە قابیلی نێودژیی‌و نوێکردنەوەیە، بەڵام دەقەکان ئەو بەشە خاوو نەرمەن کە لە هەرێمی ڕۆحەوە دەردەچن. عەقڵی شیعری کۆیەکە پێش عەقڵەکانی دیکە دەکەوێت‌و سێنتەری خۆی پێکدەهێنێت، لە هەمان کاتدا هەر لە ڕێگەی ئەوەوە مرۆڤ هەست بە چالاکییە ڕۆحی‌و ئیستێتیکییەکان دەکات. ڕاستە پێگەیووترین عەقڵ نییە، زۆرتر سەرەتاییانە دەکەوێـتەوە، باری ڕەمەکی عەقڵی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەڵام زیاد لە پێویست زیندوو چالاکو پڕ بزاڤو نەرم دەکەوێتەوە، من بەرگری لە مانەوەو کارپێکردنی ئەو عەقڵە دەکەم بە هەموو هێزەکانییەوە، چونکە مانایەکی دیکە بە مرۆڤ دەبەخشێت. شیعری غەنوسی مرۆڤ بە هێزی گەردوونییەوە دەبەستێتەوەو دەوڵەمەندی دەکات، بە هێزی جەستەیی تۆکمەو دروستی دەبەستێتەوە، بە توندی بەرەو لۆگۆسی دنیا بەرزی دەکاتەوە، بەرەو

قوڵایی دەروون‌و میتۆلۆژیای ناوەوە شۆڕی دەکاتەوە، من کۆمەڵێك هەمواركردنم لە غەنوسیەتی ئەسڵیدا كردووە، وام لێكردووە بێتە شیعرییەتی نا ئایینی.

***پێتوانییە دامەزراندنی جوگرافیایەكی رۆحی لەمجۆرە دەكەوێتە دەرەوەی ژیان‌و واقیع، وەك ئەوە نییە كە بە دوای كەشیشە گەروەكاندا بگەڕێیت؟**

—نەخێر ئەوە راست نییە، كەشیشە گەورەكان خۆیان لە دووتوێی بیروباوەڕی ئایینی‌و جەستەشیان لە نێو دار تەرمی حەرام‌و حەڵاڵدا بەند كردووە، سەرچاوەكانی ژیانیشیان وشك كردووە، دژی رەمەكی مرۆڤ كار دەكەن، بەڵام ئەوەی شاعیر دایدەمەزرێنێت (یان مرۆڤی ئاسایی) ئازادكردنی جەستەو رۆحە لە زیندانی بیروباوەڕ (بیروباوەڕی ئایینی‌و سیاسی‌و... هتد) دەیانەوێت رێگەیەك بۆ پەیوەندیكردن بە جیهانی ئاژەڵ‌و رووەك‌و گەردوون بە تەواوی وێنە بكەن، هەروەها بە نابەدڵی رێگەیەك بۆ ئەو قوڵاییە خەفەكراوانەی كە بە زۆری دەكەونە نادیارەوە... بەمجۆرە شاعیر دەبێتە خەونبینێكی گەورەتر، سەربەخۆیەكی گەورەی ئەو دنیایە.

## عەقڵی شیعری

***پرسیارێك هەیە هەمیشە سەرقاڵم دەكات، ئەویش ئەوەیە كە ئەوە چییە لە سۆمەرییەكان، ئەكەدییەكان، بابلییەكان، ئاشورییەكانو تا عەباسییەكان، بەجێ ماوەو تاكو ئێستا لە ژیانی عیراقیی هاوچەرخدا كارایە؟**

–لێرەدا دوو رێگە هەیە نابێتە سێ، یان ئەوەیە مێژووی هاوچەرخی عیراقی وەرگرین، كە مێژووییەكە بۆ كەمتر لە سەدەیەك درێژ دەبێتەوە، لەوێوە دەڵێین ئەو مێژووەی لە ژیانماندا ئامادەیە بەرهەمی ئەو سەدەییەی دواییەو پێویست ناكات بە دوای رەگەكانیدا بچین ئەوجا كاریگەرییەكانی هەستمان بجولێنێت، ئەوەش لە برگماتیكە ئەمریقییەكان دەبینرێت، یان دەشێ لە چینە هەڵكۆڵراوەكانی كەسێتی عیراقیدا بە دوایدا بگەڕێینو كاریگەرییەكی گەورەی مێژووی هاوچەرخی پێببەخشین، بەمەش دەبینین كاریگەری سەدە تاریكەكانو ئینجا عەباسییەكان، سریانیەكان،بابلییەكان، ئاشورییەكان، سۆمەرییەكان كەم دەبێتەوە.

من لەو بڕوایەدام كە هەر چەندە بە نێو قوڵایی زەمەندا رۆبچین ئەوەندە كاریگەری رابردوو كەم دەبێتەوە، بەڵام رابردوو وەك دەست، دەستی لێنادرێت بەڵكو لێرەدا

## عەقڵی شیعری

نەستێکی شاراوە لە کەسێتی عیراقییدا هەیە کە لە سەر مێژوو بە هەموو سنبولو زاراوەو ئایینەکان رادەبێتەوە، لە سەر هونەرمەند یان داهێنەر پێویستە ئەو مێژووە هەڵکۆڵێت نەك بۆ گەڕان بە دوای حەقیقەتدا، بەڵکو بۆ گەڕان بە دوای بنەڕتێك بۆ ئەوەی بتوانێت رەخنە لەو بنەڕەتە بگرێتو دووبارە رەگەزەکانی ئەو بنەڕەتە لە شیعرو هونەرو فیکر بونیاد بنێتەوە. لە راستیدا بنەڕەتی عیراقیی نوێنەرایەتی بنەڕەتی تەواوی مرۆیی دەکات، بە دواداگەڕانی ئەو بنەڕەتە بە دواداگەڕانی ماهیەتی مرۆڤو چینە رۆحییە خەفەکراوەکانی مرۆڤە.

***ئەوەی بە نیسبەت تۆ بە کەشفکردنو هەڵبژاردن دادەنرێت لە میانی کەلەپوری عیراقی کۆندا کامەیە، ئایا ئەو شتە گرنگی ئەوتۆی هەیە؟**

—شیکردنەوەی ئایینە کۆنەکانی بەر لە ئیسلام...هەروەها پەیوەندی ئەوانە بە چۆنێتی حوکمکردنو پێکهاتەی سیاسیو گەشەکردنی، چونکە شیکردنەوەی ئەو ئایینە عیراقییە کۆنانە بەرەو قۆناغێکی گرنگی مرۆیی رابەرایەتیمان دەکات، ئەویش (قۆناغی هیلنسیەتە) کە بە منداڵدانی دەرکەوتنی ئایینە گشتگیرە

یەکتاییەکان دێتە ژماردن، من بە درێژی لەو بارەوە لێکۆڵینەوەم کردووەو دەرئەنجامی زۆر گرنگم لێ وەدەست هێناوە.

***تۆ لە پرۆژە فیکرییەکەت زێتر لە کەناڵێکت کردۆتەوە، وەك تیۆری شیعری، مێژووی ئایینەکان، میتۆلۆژیا، هەروەها مێژووی هونەر... ئایا هەست ناکەیت لەو پرۆژەیەدا دووچاری پارچە پارچەبوون هاتبیت، دواجار چ ئەو هەموو کەناڵانە بە یەکەوە کۆ دەکاتەوە؟**

– ئەوە راستە...من بە تەواوی لە دیاریکردنی رووخسارەکانی ئەو پرۆژە فیکرییەم سەرپشك نەبووم، چونکە ماوەی خوێندم زۆر کاریگەری بە سەرمەوە هەبووەو بەردەوام مێژووی کۆن (وەك مێژووی کۆنی قودس) دووچاری تای نووسینی کردووم، هەروەها لە بارەی مێژووی هونەر (وەك مێژووی هونەری رۆژهەڵاتی کۆنو مێژووی هونەری خۆرئاوایی) بەڵام لەگەل ئەوەشدا من پێموایە جەوهەری کارەکانم لەو بوارەدا بە دەوری میتۆلۆژیاو زانستی ئایینەکاندا دەخولێتەوەو دەرئەنجامی زۆریشم وەبەر هێناوە، ئەگەرچی شیعر بابەتێکی دیکەیەو پەیوەندی بە خودی شیعرەوە هەیە. ئەوەی کە ئێستا بە

## عەقڵی شیعری

شێوەیەکی بەرفرەوان بیری لێدەکەمەوە شیکردنەوەی کۆمەڵێك میتۆلۆژیای دۆڵی رافیدینە، ئەوەش دەکەوێتە دووتوێی ئەرکەکانی پێشووم لە بارەی میتۆلۆژیاوە.

*** من ئامادەی ئەو لێکچەرە درێژە بووم کە لە بارەی (هیرمینۆتیکای گلگامێش) پێشکەشت کرد، پێموایە دەتەوێت کتێبێك بەو ناوەوە بەرهەم بهێنیت، کە راڤەو تەئویلکردنی دێر بە دێری ئەو داستانەی لەخۆ گرتبێتو تەرجەمەکردنێکی تایبەت بە خۆت بێت، ئایا ئەو پرۆژەیە بە سەرکێشییەکی حەقیقی نایەتە ژماردن؟**

–بە یەکێك لە بەخششەکانی خۆمی دەژمێرم، ئەو داستانەم لە نوێوە بە پشت بەستن بە دەقو فەرهەنگی ئەکەدی لە ئینگلیزییەوە تەرجەمە کردۆتەوە، لەوێ دووچاری سەرسوڕمان بوومەوە چونکە دەبێت لە تەرجەمەکردنی ئەو داستانە زاراوەی شەعبی، زاراوەی خوارووی عیراقو نزیکبوونەوە لە زمانی ستاندەری سەر بە ئەکەدییەکان بە قابیلی قبول دابنرێت.....من وامکردووە، وەرگێڕانی گلگامێش وەرگێڕانێکی (عیراقی/عەرەبی)یەو نموونەی نییە، من بە دوایدا رۆیشتمو هیچ یەکێك لە راڤە

ئاساییەکانی ئەو داستانە نەیوەستاندم، بۆیە ناوی بە تەئویل دەبەم نەك شیكردنەوە یان راڤە كردن.

***بە گەڕانەوە بۆ شیعر هەر لە (حیە و درج) ساڵی (١٩٩٣) ئیتر هیچ سەرکێشییەکی شیعری نوێمان لە تۆ گوێ لێنەبووە، ئایا زەمەنی شیعری لای تۆ وەستاوە؟**

–دەقی شیعری زۆرم نووسیووە لە رۆژنامەکاندا بڵاوم نەکردوونەتەوە، هەندێکیان لە (کارە شیعرییەکان)م دەرکەوتوون، وەك (خواتم الافعی)و (حزینات عند السماو)و (السومریة احلام في اتضاح حجمها و فرادیسها العالیة) هەموو ئەو کارە شیعرییانە نوێن، لێرەدا کۆمەڵەی دیکە لە بەرگی سێیەم دەردەکەوێت، وەك (حمام النساء فی کرکوك)و (فلم طویل جدا) هتد....

***چۆن لە شیعری عیراقی نوێ دەڕوانیت؟**

–لەو بڕوایەدام کە تەواوی شیعری عەرەبی لە قەیرانێکی حەقیقیدایە، دەشێ ئەوە لە نەوەدەکانەوە درێژەی هەبێت، سەرەڕای ئەوەش شیعری عیراقی دووچاری قەیرانێکی دیکە هاتووە ئەویش جێگیر نەبوونی باری سیاسیو کۆمەڵایەتییە کە تەواوی رۆشنبیریی عیراقی گرتۆتەوە. لێرە هەر لە داگیرکردنەوە لە کۆی ڤیستڤاڵە

## عەقڵی شیعری

رووەکییەکان بانگێك دەبیسین کە لە خۆڵەمێشەوە هەوڵی داگیرساندنی پۆڵوی شیعر دەدات، ئەمڕۆ لە عیراق شیعری شەعبیو شیعری ستوونی لە بوژانەوەدایە، وەك ئەوەی لە نوێوە بۆ دواوە بگەڕێینەوە، لە سەرەتادایین، وەك ئەوەی هیچ شۆڕشێکی شیعری نوێ رووی نەدابێت.

بە نیو سەدە کایەکمان بڕیو گرنگترین دەرئەنجاممان لە شیعری عەرەبی وەدەست هێنا، بەڵام ئەو گەڕانەوە هەڵچوونئامێزە بۆ شیعری ستوونی، جگە لە گەڕانەوە بۆ قەسیدەی پیاهەڵدانو قەسیدەی ئایینی، شتێکی دیکە نییە، راستە بە بەرگێکی دیکەوەیە بەڵام نەیتوانیووە هیچ شتێ بخاتە سەر مێژووی شیعری لە عیراق، جگە لە کارامەیی  فۆرمو دروشمبازی نەبێت هیچی دیکەی زیاد نەکردووە، من وای دەبینم ئەوەی ئەمڕۆ شیعری عیراقی پیایە گوزەر دەکات سەرهەڵدانەوە نەبێت شتێکی دیکە نییە، وا دیارە رێگەیەك بۆ دوور کەوتنەوە لەو بارە لە ئارادا نەبێت، بەڵام کە زەمەن پڕ دەبێت ئیتر شیعری عیراقی نوێ بە وزەو تینێکی کاراوە دەگەڕێتەوەو رۆڵی نوێکردنەوە لە شیعری عەرەبیدا دەگێڕێت.

## عەقڵی شیعری

***بیرۆکەی گفتوگۆی گروپئامێزت لە ڕۆژنامەی (ئەلئەدیب) خستە ڕوو، پاشان لە لێکچەرێك لە یەکێتی نووسەران ئێمەت بەو قسەیە ترساند کە گوتت نەوە نوێیەکانی عیراق لە (١٩٤٧–٢٠٠٣)ەوە داخراون، ئیتر لە دوای (٢٠٠٣) دوای تەجاوزکردنی ئەو ماوە ناچارییە ڕۆڵی نەوە نوێیەکانی دیکە دەردەکەوێت، ئایا ئەوە مەبەستی تۆ بوو؟**

–بە تەواوی.. دوای (٢٠٠٣) ئەو ماوە ناچارییە کە ماوەی سەرهەڵدانەوە یان گەڕانەوە بۆ شیعری شەعبی بە شێوە جۆراوجۆرەکانی لە سەر دەستی لاوانی لێکەوتەوە، ئیتر ئەو لاوانە هیچ دەرفەتێکیان بۆ گەیشتن بە شیعری عیراقی بە دەستەوە نەماوە. لە بیر مەکە هەر لە ناوەڕاستی حەفتاکان کۆمەڵێك لاو دەرکەوتن کە شیعری ستوونیو شیعری شەعبیان دەنووسیو لە بۆنە سیاسیو ئاینییەکان دەیانخوێندەوە ئەوەی ئەمڕۆش ڕوو دەدات درێژبوونەوەی هەمان ئەو دەرئەنجامەیە، ئەوەش چ زوو چ درەنگ هەر تەواو دەبێتو ڕووە درەوشاوەکەی شیعری عیراقی نوێ دەردەکەوێتەوە، هەر بەو بۆنەیەوە ئەوە دەلالەت لەوە ناکات کە شاعیری تازەگەرمان لە عیراق

نەبێت، بەڵام گەیشتن‌و دەرکەوتنیان وەك رابردوو نییەو لاوازترە، لێرە رۆژنامەی (ئەلئەدیب) هەیە کە رەنگە بە تەنها مینەرێك بێت بۆ ئەو شێوازە، بەڵام ئەوەش بە تەنها بەس نییە، من لەو بڕوایەدام سەرەڕای بارودۆخی ئاسایی‌و سیاسی وڵات شیعری نوێ‌و دەنگی نوێی شیعری دوای دووساڵی دیکە دەرکەوێتەوە، هەروەها شاعیرە نوێیە گەورەکان رۆڵیان بۆ دەگەڕێتەوە.

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی ئەلئەدیب ساڵی سێیەم ژمارە (١٣٦) نۆڤەمبەری (٢٠٠٦) ل (١٨-١٩). ئەو گفتوگۆیە لە لایەن شاعیری عیراقی (منصور عبدالناصر) ساز کراوە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

١– سێبەری ئاو– کۆمەڵە شیعر–١٩٩٥.

٢– بازەمەنێك لە تەماشاکردنی ئاو بەرۆژوبین– قەسیدە–١٩٩٦.

٣– ئاگایی زمان، زمانی ئاگایی–لێکۆڵینەوە– ١٩٩٩.

٤– تەنیا مەرگ – سێ دەقی شانۆیی وەرگێردراو لە عەرەبییەوە–١٩٩٩.

٥– تەنیا ئاو، تەنیا باران–کۆمەڵە شیعر–٢٠٠١.

٦.–پەیبردن بە ژیان، پەیبردن بەشیعر بوون– لێکۆڵینەوە–٢٠٠١.

٧–– شیعریەتی دەق–ئەدۆنیس–وەرگێرانی لە عەرەبییەوە–٢٠٠٢

٨– مرۆڤ لە روانگەی فرۆید–وەرگێرانی لەعەرەبییەوە–٢٠٠٢.

٠– خەیاڵی زمان –لێکۆڵینەوە–٢٠٠٤.

١٠– شوێنکاتی یەکەم لەدووەمو ئێستای سەرگوڕە–٢٠٠٤.

١١– ئەدۆنیس– دوو گفتوگۆی فیکریو ئەدەبییە– وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە–٢٠٠٥.

١٢- خوێندنەوەی پەراوێز، پەراوێزی خوێندنەوە-نومایشکردنی فیکری سەردەم لە چەند پەراوێزێ-لێکۆڵینەوە-٢٠٠٥.

**13-** دریدا- رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە-٢٠٠٥.

١٤- نووسین خۆکوژییەکی تەواو نەکراو - کۆمەڵێك وتارو گفتوگۆی ئەدەبیو فیکرییە- وەرگێرانی لە عەرەبییەوە-٢٠٠٦.

**ئەو بەرهەمانەی کە ئامادەن بۆ چاپ:**

**١-ئەی رەقیب لە نێوان جەستەی زمان جەستەی نەتەوەدا، لێکۆڵینەوە.**

**٢-ژیان ئاوو ئاو دەڕوا، کۆمەڵە شیعر**